# گزینگ


(٢)

گۆڤـــــــارێکی وەرزانەی فـەرهـەنگـی ـ ئەدەبی یە

زستانی ـ ١٩٩٤

- لەو فرسەتە دەبێ بەهرە وەربگیرێ: پێشەوا قازی
- وتووێژ: ، سیاسەتی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان ، دکتۆر عەبباسی وەلی .
- بیرەوەری: ، گەشتێک بە کۆماری ماهابادا... عەقید بەکر کەریم حەوێزی
- وتووێژ: ، خسڵەت و پێوانەی چیرۆکی کوردی، کوردان کەریم
- گفتوگۆ: ، جیهانی ئەورۆ پێویستی بە هەقیقەت هەیە، سمایل کادارە

حەسەنی قازی، [illegible]داز حەوێزی.
ئاشنا جاف، مامۆ[illegible]ار، عەلی ئانەوازادە.
سیامەند شێخ ئاغایی، [illegible] نایب عەبدوڵلا.
هوشەنگ گولشیری، [illegible]ڕامەزان قازی.



هەورامان ـ کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

# نالی:

دەورانییە، وەک هێڵەگی سەودا، سەری گێژم
بۆیە بە دەقیقی مەسەلە، هەرچی دەبێژم

هەر پەرچەم و پێشانییە فیکری شەو و ڕۆژم
هەر گەردەن و زوڵفە ئەمەلی دوور و درێژم

بێ دیدە و دیداری، هەموو خوێنە گرینم
یەعنی گوڵ و نەرگس کە نەبێ، لالە دەنێژم

ڕەنگ و ئەسەری شۆڕشی لەعلی نمەکینە
ئەم ئەشکە کە بەم سووری و سوێرییە دەڕێژم

بێ نییەتی تەقبیلی دەمت عاتڵە ڕۆژم
بێ حەزرەتی میحرابی برۆت باتڵە نوێژم

« نالی » وەکو لالە کە شەهیدی غەم و داغە
لەم باغە بفەرموو کە ئەویش لێرە دەنێژم

ISSN 1104-3473

# گزینگ ژمارە ٢


گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبییە

زستانی ـ ١٩٩٤



بەرکار و بەرپرسی نووسین :

س .چ .هێرش

ناو و نیشان :

Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall

بەرپرسی ماڵی و فرۆش

Kitab Arzan
B.Jarls g 9b
55463 Jönköping
Tel:036 - 148031
Fax/tel:036 -110999


## نێوەرۆک


سەروتار..............هێرش..............٤

لەو فرسەتە بەهرە وەربگیرێ........پێشەوا قازی........٥

وتووێژ:

سیاسەتی نەتەوە بێ دەولەتەکان...دکتۆر عەبباسی وەلی..٦

بیرەوەری:

گەشتێک بە کۆماری مەهابادا.....بەکر کەریم حەویزی..١٣

کولتوور:

هەلپەرکەیەکی چۆن..............حەسەنی قازی........٢٣

زنجیرە باسێک سەبارەت بە کولتور.ئەنداز حەویزی.......٢٤

سەفەر..............ئاشنا جاف..........٢٧

کوردم(شێعر)..............مامۆستا هەژار........٢٨

گفتوگۆ:

«جیهان پێویستی...» .........سمایل کادارە........٢٩

وتووێژ:

خسلەت و پێوانەی چیرۆکی کوردی. کوردان کەریم........٣١

چیرۆک:

مەهاباد..............عەلی ئانەوازادە........٣٩

قەرقەش(٢)..............سیامەند شێخ ئاغایی.٤٢

شیعر:

پشکنین..............ئاشتی..............٤٦

ئەی پەلەهەورەکان........نایب عەبدوللا........٤٦

چیرۆک(فارسی):

وێنەکێشی باغانی..........هوشەنگ گولشیری...٤٧

نامەی دۆستان..............کامەران قازی........٥٢

کورتە راپۆرتێک..............حەسەنی قازی........٥٣

کتێب..............................٥٤


**ساڵی تازەی مەسیحی لە خوشک و برایانی مەسیحی پیرۆزبێ.**

* گزینگ خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسیتی هیچ نووسراوەیێک وەئەستۆ ناگرێ . دیارە هەر نووسراوەیێک نێوی لە سەر نەبێ ، ئۆباڵی وەملی گزینگە .

* گزینگ بە گوێرەی پێویست بۆی هەیە نووسراوەکان کورت یان لەباری رێزمان و رێنووسەوە راست وریسیان کاتەوە ، دیارە هەق بە خۆی نادا کاکڵ و نێوەرۆکی بەرهەمەکان ، قەڵەم ئاژن کا .

* گزینگ ئەو شێوەرێنووسە رەچاو دەکا کە لە زۆربەی کتێب و گۆڤارە سۆرانییەکاندا باوە وپەسند کراوە .

* ئەگەربەرهەمەکەتان ، وەرگێردراو و تێهەڵنووس کراون ، تکایە دەقی ماکەکەش لە تەک نووسراوەکاندا بنێرن .

* داوا دەکەین نووسراوەکان بە خەتی خۆش و شاش و هێڵی مەودادارین .


چاپی سوێد: یانواری ١٩٩٤

سەر وتار

# دووی ڕێبەندان و سەرنجێک

هێرش

هەر نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و ئازادیخوازی سەر ئەم جیهانە، بە بارتەقای ڕۆژانی ڕەش و شووم و نیکبەتبار، ڕۆژێکی گەش و ڕوون و پرشنگدار، دەکاتە ئاوێنەی ژیان نوێنی کۆمەڵایەتی و بەخۆداهاتنەوە کە لە ئاست هێزگەلی بەدڕەفتار و پیس ئاکار، ببێتە نیشانەی گیان ورووژێنی نەتەوایەتی و هەرمانەوە...

هەر میللەت و نەتەوەیەک لە مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا، هەم سالی تاڵ و ڕۆژی تەنگانەی هەیە، هەم کاتی هات و وەختی فەرعانە کە بە تێکرایی ژیانی مێژوویی هەر نەتەوەیەک تێکەڵاوێکە لەم دووانە. ئەگەر زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژانی گەلی کورد مەینەتبار و کارەساتاوی بێ، «دووی ڕیبەندان» ڕۆژێکی پیرۆز و دەگمەنە لەم ڕۆژانە. هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین: لە وانەیە زۆر «دووی ڕێبەندان» یتر دوو پات بێتـەوە و هەم سـەر لە نوێ، لە شـاران گۆڕەپانی سێدارە و مەیدانی ئیعدام و کۆڵانی ژارباران، وەرێتخرێتەوە؛ بەڵام محاڵە یادی ئەو ڕۆژە مێژوویی یە لە سەر دڵان بسڕێتەوە.

هەر چەند جێی خۆیەتی کە بەرکوڵێکی قەڵەمی پوخت و پاراو سـەبارەت بە چۆنیـەتی سـەرهەڵدان و ئەرک و ئاکـامی دووی ڕێبـەندان بکرێ. بەڵام لێرەدا جگە لە سـەرنجـێک و ئیـشـارەێکی سـەرێپیی، ناگونجێ گرنگی ئەم ڕۆژە بە نرخـە لە باری مێژوویی و سیاسی یەوە شی بکرێتەوە.

ئەوەی شیاوی سەرنج بێ ئەوەیە کە بە پێچەوانەی گەلێک بیر و بۆچوونی کـەسـانی بیـانی و تەشـقـەڵەباز و نووسـەرانی نانی وبەرژەوەندخـواز، دووی ڕێبـەندان نەتیـجـە و بەرهەمی کـۆشش و خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد بوو کە توانی ببێتە هۆی دامەزرانی کۆمارێکی ئاماڵ سـەر بەخۆی میللی. کە چی مێژووی کەلاڵەکەراو وتیـفـتیـفـەدراوی دەسـتکردی لاپەڕەنووسـانی سـەر بە نەتەوە باڵادەستەکان، بۆ کەم ڕەنگ کردن و بە هێند نەگرتنی بزووتنەوەی خەڵکی کورد، پڕە لە بەڵگەی لاپرسەنی و عەقڵ نەسەلێن.

ئەوان هەمیشـە هەوڵی ئەوەیان داوە و دەدەن کە هۆی ناوەکی و دینامـیکی ڕاپەڕین و جـوولانەوەی مـافـخـوازانەی گـەلی کـورد، بە جەمسـەری ڕووداوەکـاتیـەکان کەگۆیا هـۆگەلی لاوەکی و دەرەکی! بەدیان دێنن، گرێ بدەن و هەر کە تای تەرازووی هێزی بەرەنگاری کـەل سـەنگین بوو بیکەنە هـاوارو واویلا کـە هەیدادەتەواویەتی عەرزی»! لە مەترسی دایە.

ئەوەیکە ڕژێمی نەتەوە دەسەڵات پێدراوەکان، چ بەگزی و فزی و فریودان و چ بە زۆری و تۆپزی و لێدان، دەیانەوێ، خەڵکی بزۆز و سـەربزێو! بۆ ئاغایی و بەرژەوەندی خۆیان، ڕام و دەسـتەمۆ بکەن، نە جێی گومـان و حـاشـایە، نە جێی گلەیی و سکاڵا. ئەوەی جێی سکاڵا و سـەرسـوڕمـانە، تێنەخوێندنەوەی هەل ودەرفەتی دەورانە و دابڕدابڕ بوونی خۆمـانە لە کـاتی تەنگانە. دیارە نابێ ئەوەی لە بیر بکـەین کـە تا ئێـسـتـا لە مـێـژووی هیچ نەتەوەیەک، ئازادی و سـەربەخۆیی وەک خەڵات و باربوو پێشکێش نەکراوە.

ئەوە زۆر ڕاستـە و حاشـای لێناکرێ کە گەلی کورد هیچ نەبێ لانی کـەم دووسـەت ساڵێکە بۆ ڕزگاری و سـەربەخۆیی خۆی هەوڵ دەدا. جا ئەوەیکە تا ئێستە سەر نەکەوتووە دەکرێ گـەلێک هۆی جـۆغرافیایی - ناوچەیی یان سیـاسـی - نیـزامی دەست نیشـان بکرێ.

ئەوە بە جێی خۆی، بەڵام شتێکی لە هەموان گرنگتر، جاچ جێی داخ بێ یان نا، ئەوەیە کـە سـەرەڕای خـۆفـرۆشـانی پیـسـکە و بەکرێتگیراوانی ساویلکە لە نێومـاندا، پرۆسەی هەستی نەتەوایەتی و هێلی هیوا و باوەڕ بە خۆبوونیشمان هێشتا هەر زەرد و لاوازە. ڕەنگە بەشێکی ئەوەش کەم تاکورتێک لە ژێر تەئسیری ئەو کۆمەڵە هۆیانە بووبێ کە بە سـەرمان دا سـەپاوە. بەڵام زۆر واهەبووە، یان بە کەوچکە ئاوێکی وەمەلە کەوتووین یان بە مەرحەبایێکی هەست و نیستی خۆمان لە دەست داوە.

لە پێـوەندی دە گـەڵ ئەو هـات و هاوارەی کـە ڕژێمـە سـیاسی یەکان، لە جەنگەی تێهەڵچوونەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد وەڕێی دەخەن؛ هەن و بە داخەوە زۆریشن لە هێزە سیاسی یەکانی خۆمان کە سەرڕای ئەوەیکە بەشەر بە گۆڕانی پارسەنگ و گـۆڕینی گـەلێک پێـوانەی پێـشـوو پێ دەنێـتـە پاژنەی سـاڵی دووهەزارەوە؛ هێشتا خۆیان بە سوێندخۆری پاراستنی «تەواویەتی عـەرزی!»ەزانن و نایانەوێ لە بەر دڵی فلان و فـیـسـار، وەدوای «کڵاوی خوار» بکەون یان لە بەرەی خۆیان زیاتر پێ ڕاکێشن.

به هیوای ئەو ڕۆژە کە بە بێ هیچ ترس و دڵەخورپەیەک بڵێین: هەین، دروست وەک ئەوانەی کە هەن و دەژین. ■



## لەو فرسەتە دەبێ بەهرە وەرگیرێ*

# نوتقی پێشەوا قازی

### لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٥
### بە بۆنەی جێژنی دامەزرانی کۆماری مەهاباد

❒ کوردستان مەوقەعیەتی جۆغرافیانیەکی مەخسووسی هەیە کە بێ پسانەوە و بێ ئەوەی نەتەوە و میللەتێکی کە لە نێویاندا فاسیل و لێکیان بپچڕێنەوە کورد بە سەر یەکەوە و پێکەوە سکوونەتیان تێیدا هەیە و دارای مالیکیەتی میللیێ دە وێدا. بەسەرهات و سەوابیقی تاریخیان یەکە و عموومەن تێیدا شەریکن. خاوەنی ئاداب و عادەت و ڕسوومی میللیەتێکی وان کە هیچ جورە سەدەمە و حەوادیسێک نەیتوانیوە سستییەک لە بناغەی میللییەتی ئەواندا پەیدا بکا.

کورد لە قەدیم ڕا هەزاران پادشاوحوکمدار و تەشکیلاتیان بووە. هەرلەم کوردستانی ئازادی ئێستادا بنەماڵەی ئومەڕای موکری کە سەر سیلسیلەی ئەوان **ئەمیر سەیفەدین** بووە تا (١٠٢٠هە) بالاستقلال یەک لە دوای یەک **ئەمیر سەیفەدین - سارم بەگ - شێخ حەیدەر - ئەمیر بەگ - ئەمیر پاشا** - تا دەگاتە **قوبادخان** بە دەستەلات و قودرەتەوە حکومەتیان کردوە.

میللەتی ڕەشید و بە غیرەتی کورد لە هەموو دەور و زەمانێکدا هەر کەس خەیاڵی ئیستیلای نیشتمانی ئەوانی بووبێ بەرەنگاری بوون و بەربەرەکانی یان کردووە و لە هیچ فیداکارێک دەستیان دانەنەواندووە. لە پاش لە دەست چوونی سەڵتەنەت و حوکمداریشیان بۆ وەگیرخستنەوەی **ئیستیقلال و ئازادی بە ملیۆن قوربانیان داوە** و لە وەگیرخستنەوەی **ئیستیقلال و ئازادی بە ملیۆن قوربانیان داوە** و لە بەر ئەوەی کە هەمیشە لە موبارەزە و ملە دا بوون هیچ جۆرە ئەزیەت و ئازارێک نەماوە نەیچێژن و نەی بینن.

لە گەڵ ئەوەش هەموو کوێرەوەری و کوشتن و برینێکیان تەحەموڵ کردووە و قەت لە ئامانج و ئارەزووی خۆیان شل نەبوونەوە و لە ڕێی وەدەست خستنەوەی ئازادیدا ووچانیان نەداوە. بە دڵێکی ئەوەندە بە هێز و عەزمێکی هێندە سابیتەوە تێکۆشاون تا ئێستا هێزێکی وا پەیدا نەبووە تێکڕا بتوانێ خەفەیان بکا، **میرەکوێرەیان** کوشتووە **بابان** سەریان هەڵداوە، بابانیان بێدەنگ کردووە **ئەردەڵان** بڵیند بوون . ئەوانیان لە عەرزی داوە **بتلیسی** بەرز بوونەوە و هەزاری دیکەی وەک ئەوان.

تا لەودواییانەدا لە پاش شەری بەینولیلەلی یەوە کە دیکتاتۆری ئێران و تورکیا هاتنە سەر کار و زمان و عادات و مەزهەب و خسوسیاتی میللی کوردیان بە جارێک لاواز و کز و کەنەفت کرد لە هیچ وەحشیەت و درندەییێک ڕانەوێستان خوێندن و نووسینی زمانی کوردی مەمنووع و پۆشینی لیباسمان قەدەغە بوو.

نەیان دەهێشت لە هیچ جورە مەزایا و حقوقێکی بەشەریەت بەشمان بێ ڕێگای فێربوونی عیلم و سەنعەتیان لێ بڕیبووینەوە. هەر ڕۆژە بە بەهانەیەک و هەر دەمێ بە تەشقەڵەیەک دەستەدەستە و پۆل پۆل کوردی هەژار و بەدبەختیان حەبس و تەبعید دەکرد وە دەیان کوشتن و لە بەینیان دەبردن حاسڵ و دەسڕەنجی ئەو میللەتەبێچارەیان دەبرد بۆخۆیان و ئەوانیشیان برسی و توونی و ڕوت و قوت دەهێشتەوە.

تا لە شەهریوەری ١٣٢٠دا فریشتەی ئازادی دەستگای دیکتاتۆری و فاشیستی ڕەزاخانی تێکشکاند **کورد** سەری لەو هەموو فشار و ئەزیەتە کەمێ فارغ بوو فەوری ئێحساسی کرد، چۆن دەبێ لە فرسەت ئیستیفادە بکات ، وە ڕێگای سەلاح و وەدەست خستنی **ئازادی** ئەو میللەتە چیە و دەبێ چ بکا - پیاوانێکی بە بیروهۆش و بە شەرەف کە زۆر لەمێژبوو خوێناوی دڵی خۆیان دەخواردەوە و بۆ زەلیلی ئەو میللەتە دوکەڵ لە دەروونیان دەهاتە دەرێ زۆر زوو تەشخیسیان دا کە وەختی کارە و لەو فرسەتە دەبێ بەهرە وەرگیرێ و ئەوە تەواو ئەو ڕۆژەیە کە پشتاوپشتمان چاوەڕوانی بوون...» ■

*: ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠ دووشەمۆ ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ ی هەتاوی

وتوویژ:



## دکتۆر عەبباسی وەلی

# سیاسەتی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان

○ دکتۆر عەبباسی وەلی خەلکی مەهابادە لە سالی ۱۹٤۹ی زایینی چاوی بە دنیا پشکووتوە ؛ لە بەرەویکە بنەمالەکەیان لە کۆنەوە لە تەوریز ژیاون، لەو شارە خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو کردووە و دوایە بۆ درێژەپێدان بە خوێندنی بەرز چووە بۆ تاران و لە سالی ۷۱ ـ ۱۹۹۷۲لە عیلمی سیاسەت دا، دەرەجەی لیسانسی لە زانستگەی تاران وەرگرتووە.

دکتۆر عەبباس لە سالی ۱۹۷۳چووەتە بریتانیا. لە سالی ۱۹۷۷لە زانستگەی کیل (Keele ) لە ئیستافۆردشایر دەرەجەی ماستری لە ئابووری سیاسی دا وەرگرتووە و لە سالی ۱۹۸۳ لە بەشی تیئۆری و ئەنیستیتوتسیۆنی سیاسی دا ڕیسالەی دکتۆرای خۆی سەبارەت بە « زەوی، کارو پێوەندیەکۆمەلایەتیەکان لە ئێرانی بەر لە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری»دا پێشکێشی زانستگەی لەندەن کرد. لەو دەمییەوە کاک عەبباس دەستی بە مامۆستایی کردووە و ئێستا نزیکەی دوازدە سالە بەم کارەوە خەریکە. لە سێ سالی یەکەم، لە زانستگەی لەندەن و لەم ۹سالی دوایشدا لە زانستگەی سوانزی لە وەیلز (یەک لەسێ ولاتەکانی بریتانیا ) خەریکی گوتنەوەی تیئۆری سیاسی و سیاسەتەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستە.

مامۆستا عەبباس لە سالی ۱۹۹۳ کتێبێکی بە نێوی : « ئێرانی بەر لە سەرمایداری: مێژووییەکی تیئۆری »نووسی و بلاوی کردەوە. * ئێستا کتێبێکی دیکەی بە نێوی: « سیاسەتی نەتەوە بێ دەولەتەکان:کەیسی کوردەکان لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستی هاوچەرخ دا » ** بە دەستەوەیە کە باسی گیروگرفتەکانی تیئۆری سیاسی تازە و حقوقی سیاسی نێونەتەوەیی لە پێوەندی لەگەل نەتەوە بێدەولەتەکان دەهێنێتە گۆڕێ کە لەوانەش لە چارەنووسی نەتەوەی کورد دەکۆلێتەوە.

« گزینگ » بە خۆشییەوە هاتنی دکتۆرعەبباسی وەلی، بۆ سوێد بە هەل زانی و ئەم وتووێژەی لە گەل کرد کەوا دەقەکەی پێشکێش دەکرێ.

⬅

● مامۆستا عەبباس لە قوڵایی دڵەوە بە خێر هاتنتان دەکەین. پێمان خۆش بوو. ئەنگیزەی نووسینی ئەو کتێبەی کە بە دەستانەوەیە سەبارەت بە: « سیاسەتی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان » بۆ خوێنەرەوەکانی « گزینگ » باس بکەن.

ـ ئەو بابەتە بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەشێک لە کاری من بووە، چونکوو ئەمن تیئۆری سیاسەت و حکومەت بە دەرس دەڵێمەوە. ئەو مەسەلەیە ئاشکرایە کە بنەماکانی نەزەری ـ تیئۆری عیلمی سیاسەتی مۆدێرن، زۆربەی لە پێوەندی لە گەڵ ئەنیستیتوسیۆنی دەوڵەتی میللی دا گەڵاڵە کراوە. ئەوە دەگەڕێتەوە پێش دەورەی ڕێنسانس، دوای ئەو و پاشان دەورەی سازبوونی حکومەتی میللی لە ئورووپادا. بۆ وێنە ئەگەر سەرنج بدەن تیئۆری لیبێرالیزم ، هەموو حقووقی فەردی لە پێوەندی لە گەڵ ئەنیستیتوسیۆنی دەوڵەت دا فۆرمووڵە دەکا. ئەگەر دیفاع لە حقووقی فەردی دەکا ئەمە لە پێوەندی لە گەڵ ئەنیستیتوسیۆنی دەوڵەت دایە. پاش وی تەحەول و پێشەوەچوونی لیبێرالیزم بە تیئۆری دیمۆکراتیک کە بە تایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ مافی نەتەواندا زۆر گرینگە؛ دیسان هەر ئەو پێوەندییەی کە لە گەڵ ئۆرگان یان ئەنیستیتوسیۆنی دەوڵەتی میللی دا هەیە. مەسەلەن ئەگەر لە ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەنووس بکۆڵینەوە، دەبینین ئەو مافە وەک بەیانییە و جارێک هەیە، بەڵام ئەگەر سەرنجی بدەین وەدیهاتنی ئەو مافە تەنیاوتەنیا بە هەبوونی دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر دەوڵەت نەبێ ئەو مافە هەر بەیاننامە و جارێکی ڕووتە. پاش ئەوەیکە تیئۆری دیمۆکراتیک ئەو مەسەلەیەی هێناپێشێ ئەوە، بوو بە بنچینەیەک لە حقووقی نێونەتەوایەتیدا، ئەو موشکیلەی کە هەیبوو بە هیچجۆر چارە سەر نەکرا. واتە ئەتۆ لە تیئۆری دا دەڵێی کە نەتەوان مافیان هەیە، واتە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، بەڵام ئەو مافە بە هیچ کلوجێک دیاری ناکرێ تا ئەو کاتەی دەوڵەت نەبێ.

جا بۆیە تەواوی ئەو مەفهوومانەی کە لە پێوەندی لە گەڵ وی دان مانایان نامێنێ، لە شیکردنەوەش دا بێ مانان، دە حقووقیش دا هەر ئەوتۆ. مەسەلەی سیاسەت کە پێوەندی قودرەت و پێوەندی حقووقی لەپێوەندی لە گەڵ ئەنیستیتوسیۆنی دەوڵەتی میللی دایە، لە جێگایەک دەمێنێتەوە و موشکیلەی ئەوانەی کە ئەو دەوڵەتەیان نیە لە جێیەکی دی و بەرێکی دی دەمێنێتەوە. هەڵبەت کەسی دیکە هەستیان بەو گیروگرفتە کردووە، بۆ وێنە ئەگەر سەرنج بدەن لە تیئۆری سۆسیالیستی دا کە ویستوویەتی بە پێی ئوسول و پرێنسیپی تیئۆری دیمۆکراتیک وەپێش بکەوێ، ئەو مەسەلەیە هاتووەتە گۆڕێ. بەڵام لەو چوارچێوەیدا جێ بە جێ بووە کە دەوڵەتێک هەیە کە فرە نەتەوەیە. باشە، ئەو دەوڵەتانەی کە لە چەند نەتەوە پێکهاتوون ، نەتەوەی گەورە دەبێتە نەتەوەیەک کە هوویەتی دەوڵەت موشەخەس دەکا ، ئەوانی دی وەک نەتەوەی خودموختار لەو چوارچێوەیەدا دەمێننەوە. بەڵام مەسەلەی

**مەسەلەن ئەگەر لە ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەنووس بکۆڵینەوە، دەبینین ئەو مافە وەک بەیانییە و جارێک هەیە، بەڵام ئەگەر سەرنجی بدەینێ وەدیهاتنی ئەو مافە تەنیاوتەنیا بە هەبوونی دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر دەوڵەت نەبێ ئەو مافە هەر بەیاننامە و جارێکی ڕووتە.**

خودموختاری بەو مەعنایەیە کەئەوانە هاوڵاتیتی«citizenship» ئەو دەوڵەتەی قبووڵ دەکەن، بەڵام لە بری ئەوە هوویەتی ئێتنیکی خۆیان وەلا دەنێن.

ئێمە بە تایبەتی دیتوومانە لە کۆمارەکانی شوورەوی پێشوودا ئەو کارەیان کرد و دوایە گیرو گرفتێکی زۆریان هاتە سەر ڕێ، ئەوڕۆکانە دەبینین کە چلۆن گرێ و گۆڵی ناسیۆنالیزم لەوێ وەرووکەوتووە.

کورتی بیڕینەوە، لەو پێوەندییەدا، ئەوەی تیئۆری دیمۆکراتیک دەیڵێ، ماف و حقووقێک لە بەر چاو دەگرێ ، بەڵام پێوانەی بەڕێوەچوون و وەدیهاتنی ئەو حقووقە لە حەقیقەتدا دەبێتە نیهادێک ، دەبێتە ئەنیستیتوسیۆنێک کە بۆخۆی ئامانجی ئەو حقووقەیە، بەو مەعنایەی دەڵێ ئەو نەتەوانەی کە هەن ، هەر کولییەتێک کە وەکوو میللەت بناسرێ ئەو مافەی هەیە کە بتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکا ، بەڵام لە کردەوەدا ئەوە ئەنیستیتوسیۆنی دەوڵەتە کە دەتوانێ ئەو مافە دابین بکا. یانی پێوانەی بەڕێوەچوون و وەدیهاتنی ئەو ئەسڵە هەدەف و ئامانجی خودی حقووقەکەیە، ئەوە بە قەولی ئینگلیسیان مەسەلەی: « پێوەندی نێوان مریشک و هێلکە»یە. جابۆیە تەواوی مەفهوومەکان و ئوسوولی شیکردنەوەی حقووق و تیئۆری سیاسی نێونەتەوایەتی، کاتێک دەگاتە موشکیلەی نەتەوەی بێ دەوڵەت، دەکردەوەدا ناتوانێ کار بکا و مەسەلەی میللەتی بێ دەوڵەت زۆر خێرا لە مەسەلەیەکی سیاسی ڕا، دەبێتە مەسەلەیەکی ئینسانی کە دەبێ یارمەتی بێ بکرێ. ئێمە ئەوەمان زۆر بە ڕوونی لە جەرەیانی کەندلو و ئەوەی لە کوردستانی عێراقدا قەوما بە چاوی خۆ دیت. تەواوی ئەو نیهادە نێونەتەوایەتیانەی کە دەهاتن لەوێ یارمەتی بدەن، ئەو گیرو گرفتەیان وەک مەسەلەیەکی ئینسانی چاو لێدەکرد. واتە وەک ئەو یارمەتیانەی کە بە لێقەوماوانی ئافریقا لە بەر قاتی وقڕی دەکرێ وەکو مەسەلەیەکی ئینسانی.

● یانی ئەگەر هاتبان لە خوارووی کوردستان گیرو گرفتی کوردانیان وەک مەسەلەیەکی سیاسی لێکاڵا کردباوە،چ دەبوو؟

ـ هەوڵ شتێکی کە لە گەڵی دەکەوتنە دژایەتییەوە حاکمییەتی میللی دەوڵەتی عێراقی بوو. ئەوە ئیجازەی نەدەدا کە شتێکی وا بکەن. جابۆیە نایەن لەوەش بکۆڵنەوە کە داخودا لە چاو حقووقی نێونەتەوایەتیەوە، سەددام حوسێن ژێنۆسیدی کردوە یان نا؟ لەو بارەیەدا کە ئایانەوە ژێنۆسیدە یان نا؟ بیر و ڕایان یەک نەبوە. بەو شێوەی کە قسە لە سەر ئەوە بوو کە ژێنۆسید تەعریفێکی هەیە ، ئایا ئەو تەعریفە لە گەڵ بنەماکانی حقووقی نێونەتەوایەتی جۆر دێتەوە یان نایەتەوە؟ ئەوە بۆ خۆی ئەنگیزەیەک بوو کە زۆر بە شێوەیەکی قووڵتر دەبارەی ئەوەیدا فکر بکەمەوە. بە تایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلەی کوردان دا. جا ئەو پرۆژەیە هاتە پێشێ کە ئەوە بۆ خۆی کەیسێکە کە کەسێکی بە کاری تیئۆری سیاسەتی حکومەتەوە خەریک بێ، دەتوانێ مەشرووعییەتی ئەو مەفهووم و تیئۆری زانستە سیاسییانە، یان نەزەریاتی سیاسی تازە، بخاتە ژێر پرسیارەوە و هەوڵ بدا بە کەڵک وەرگرتن و جەخت کردنەوەی کەیسی کوردان بتوانێ زەمینەیەک بۆ پێداچوونەوە و ئاڵوگۆڕکردنی ئەوانە لە باری تیئۆرییەوە بە لانی کەمەوە لە ئاستی ئاکادیمیکدا پێک بهێنێ.

● باشە مامۆستا ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە دەبینین لە شێعری هێندێک لە شاعیرانی کورددا، بەر لەوەیکە دیاردەی ناسیۆنالیزم بە مانای ئەوڕۆیی خۆی بناسرێ، جۆرێک لە هەستی نەتەوایەتی کوردی هاتۆتە گۆڕێ؛ ئێمە ئەوە بە ڕوونی لە «مەم و زین»ی ئەحمەدێ خانی دا دەبینین. داخودا دەکرێ ئەو دیسکۆرسە وەک سەرەتایەکی نەزەری بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دابندرێ؟

ـ بە باوەڕی من کەسێکی بیهەوێ بۆ ئەوە بچێ بەو مەعنایەی کە بە شیکردنەوەیەکی دروستی تیئۆریک ئەوەی لێک بداتەوە، لە پێشدا چەند ئەسڵە دەبێ لە بەر چاوی بگرێ. ئەسڵی گرینگ بە باوەڕی من لەو بارەیەوە ئەوەیە کە دەبێ فەرقێکی ئەساسی بەینی باوەڕ بە مەعنای ئیدە، وە ئیدەئۆلۆژی بە مەعنای باوەڕێکی سیاسی مونسەجیم و موتەشەکیل لە بەر چاو بگرێ. دەبێ ئەو فەرقەی دانێ. بۆ وێنە هێندێک لە ئیدەکانی ئوسوولی تیئۆری لیبێرالی، پێش ئەوەی کە ئیدەئۆلۆژی لیبێرالی هەبێ، هەبووە. بۆ نموونە بەعزێک لە ئوسوولی نەزەریاتی حکومەتی میللی دە کارەکانی تۆماس هابس دا هەیە، بەڵام هابس تیئۆریسیەنی دەوڵەتی میللی نییە. ئەو تیئۆریسیەنی دەوڵەتی «absolutist» سەرەڕۆیە. هەڵبەت نەک بە مانای ئیستیبدادی ڕۆژهەڵاتی، بەڵکوو بە مانای ئەبسولوتیسمی پادشایەتی کە لە پلەکانی سەرەتایی کاپیتالیزم لە سەدەی ١٧ لە ئورووپایە بە تایبەتی لە ئینگلیستان پەیدا بوو. یان ئیدەی شەڕی چینایەتی کە بنچینەی تیئۆری مارکسیستی یە، پێش مارکسیسم هەبووە، بەڵام ئەوە لە نێو سیستمی نەزەری مارکس دا شتێکی دیکەیە. نەزەری ئەوەیکە کورد میللەتێکە و فەرزەن دەبێ دەوڵەتی خۆی هەبێ یان مەسەلەن شای خۆی هەبێ وەک خانی یان کۆیی کە بە شێوەیەکی زۆر ڕوونتر ئەوەی باس کردووە، ڕاستە ئەوانە هەبوون. بەڵام ئەو جۆرەی کە ئێمە بتوانین بڵێین ئەوە ئیدەئۆلۆژییەکی سیاسی بووە کە لە کوردستاندا هەبووە، بە ڕای من دروست نیە.

لەوانەیە ئینسان پێی خۆش بێ، ئەو ئیدەیەی جەخت کاتەوە بۆ ئەوەی دڵی خۆی پێ خۆش کا، بەڵام ئەوە ئەساسی نیە. لە بنچینەکانی ئەساسی بۆ بە وجوودهاتنی ئیدەئۆلۆژی ناسیۆنالیستی بە شێوەی ئیدەئۆلۆژییەکی سیاسی مونسەجیم هەبوونی:

«The democratization of political proces»

پرۆسەی دێمۆکراتی بوونی سیاسەت و:

«The liberalization of cultural process» پرۆسەی لیبێرالیزەبوونی کولتورە کە ببێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک بتوانن لە سیاسەتدا بەشداری بکەن. مەسەلەن لە کوردستانی ئێرانێ لە هەلومەرجێکدا کە حکومەتی ڕەزاشای ڕووخا، پرۆسەی سیاسی «Politcal Process» کراوە، خەڵک هاتنە نێو سیاسەتەوە، ئەودەمی ناسیۆنالیزمی کوردی تەنێ تایبەتی یەک دوو ڕووناکبیر نەبوو، خەڵک لە نێو ئەو پرۆسەیەیدا بوون، بۆیە ئەمن دەڵێم بە چاوی سیاسەتی مۆدێرنەوە، ئەوە دەبێ نوختەی وەرچەرخان بێ. نوختەی دەستپێکردن بێ بۆ ناسیۆنالیزم.

● جا هەر لەو پێوەندییەدا، بە بڕوای ئێوە ئیدەی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد، لە لە چ سەردەمێکی تاریخی ڕا دەست پێدەکا؟

ـ تا ئەو جێگایەی ئەمن دەزانم، ئەوە هەلومەرجێکە کە شەڕی دووهەمی جیهانی لە ناوچەدا پێکی هێنا. ئەو هەلومەرجە لە ئێرانێ لەبارتر بوو لە عێراق، چونکوو عێراق لە ژێر دەستەڵاتی زۆر توندوتیژتری بریتانیادابوو، ئەگەرچی وا وەبەر چاو دێ کە لە عێراق ئاستی وشیاری سیاسی لە سەرتر بووبێ، بەڵام هەلومەرجی ئێران لەبارتر بوو، حکوومەت لە بەر یەک هەڵوەشابوو، پرۆسەی سیاسی کرابۆوە، وڵات لە نێوان چەند هێزاندا دابەش کرابوو ،ئەو هەلومەرجە هاتبوە پێشێ. هەمان شت لە ساڵی ١٩٧٩لە ئێرانێ دووپاتەدەبێتەوە، ئیدەکە هەیە، بەڵام پرۆسەی سیاسی لە جێگایەکی دیکەرا دێ.

جا ئەگەر ورد ببینەوە، لە ئورووپایەش یەکێک لە ئەسڵە ئەساسییەکانی دامەزرانی دەوڵەتی میللی هەمیشە ئەوە بوو کە دەبوو فکری سیاسی لیبێرالیزە بێ و پرۆسەی سیاسی دێمۆکراتیزە بێ. ئەوە دەبێ هەبێ. بەڵام لە ئورووپایە هەلومەرجی دیکە هەبوو کە ئەوە توانی سەر بگرێ. کەچی سەبارەت بە ئێمە هەلومەرجی ئاوا ئەرەخساوە. بە بیرو ڕای من گیرو گرفتی سەرەکی ئەوە بووە کە هێزی سیاسی ئەوتۆ کە بتوانێ وڵامدەری هەلومەرجی تاریخی بێ لە گۆڕێدا نەبووە، یانی ئەو ←

هێزەسیاسییانەی کە هەبوون زۆر ناوچەیی بوون، جگە لەوە ڕادەو دەرەجەی ڕێکخراوی « organization » زۆر گرینگە. دەرەجەی ڕێکخراوی ئەوەیە کە شێوەی بزووتنەوەی سیاسی زۆر بە وەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر ئێستا لە کوردستانی ئێران یان عێراق دەرەجەی ڕێکخراوی . شارنشینی تێیاندا بگاتە ئاستێکی زۆر بۆ وێنە ئەوەی ئورووپایە، شەڕی پێشمەرگەی بێ مەعنا دەبێ، کەسێکی ئەو کارەی بکا لە واقعیەت دوورە، لە حاڵەتێکی وادا دەبێ تەواوی تاکتیک و بزووتنەوەی سیاسی لە سەرڕا فکری لێ بکرێتەوە، یانی وەختێکی کە شار بە سەر گونددا زاڵ بێ و شار ببێتە مەرکەز و شادەماری کۆنترۆڵی ئابووری.

لە کوردستان وا نیە. لە کوردستان ئەگەر ئێستا پێش لە شار بگری شار قڕ دەبێ. لایەنێکی دیکە ئەوەیە دەبێ ژێرخانێکی ئابووری «infrastructure» بەو شێوەیەی هەبێ کە بتوانێ تەواوی ئەو کۆمەڵگەیەی بگرێتەوە. هۆی چیە وەختێکی کە هێزی ئابووری لاواز دەبێ تەنیا شتێکی کە دەتوانێ جێگەی ئەو لاوازییە بگرێتەوە، بە زەبرو زەنگ بوونی قودرەتی «violence» سیاسی یە. بۆ وێنە لەو وڵاتانەی دنیای سێهەم کە هاتن سۆسیالیزمیان دامەزراند لە بەر ئەوەی کە هێزی ئابووری لاواز بوو، جێنشینی بەخۆداهاتنی ئیشتمانیی بەرهەمهێنان لەوێ، دەبوو قودرەتی سیاسی بێ. قودرەتی سیاسی دەبوو کۆنترۆڵی پتەو دابەزرێنێ و هەموو وڵات کۆنترۆڵ بکا و بیباتە پێشێ. تەواو بەپێچەوانەی ئەو وەزعە ئامریکایە. ئابووری ئامریکا بە شێوەیەکی ئەوتۆ چووە دەباڵ یەکەوە و یەکانگیر بووە کە هیچ قودرەتی سیاسی پێویست ناکا کە ئەو چەند میللەتەی لە جێگایەکی ڕابگرێ، ئەوانە بۆخۆیان هەموو پێکەوە دانیشتوون وهەمووش خۆیان بە ئامریکایی دەزانن. دروست بە پێچەوانەی شوورەوی پێشوو، کە وەختێکی هێزی سیاسی، ستروکتووری سیاسی شوورەوی شکا، مەشرووعییەتی نەما.

● کە وابوو لە ڕوانگەی ئێوەوە مەسەلەی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن لە نێو کورداندا لە سەرەتای چلەکان ڕا دەست پێدەکا؟

ـ ئەڵبەتە ناسیۆنالیزم لە گەڵ پاتریۆتیزم (نیشتمانپەرستی) فەرقی هەیە.

● دەکرێ ئەوەی زیادتر شی بکەنەوە؟

ـ یەک لە هەلومەرجەکان ئەوەیە کە ئینسان دەبێ لە نێوان ئیدە و ئیدەئۆلۆژی فەرق دابنێ. ئیدەئۆلۆژی بۆئەوەی هەبێ هەلومەرجێکی تایبەتی پێدەوێ. یەکێک لە وانە لە پێوەندی لە گەڵ ناسیۆنالیزم دا، ئەمن عەرزم کردی، لیبێرالیزەبوونی پرۆسەی کولتووری و

**□ ئەوانەی کە ڕەخنە لە ناسیۆنالیزم وەک ئیدەئۆلۆژی دەگرن ڕاست دەکەن، کە دەڵێن ناسیۆنالیزم عیللەت و مەعلوولی لێدەگۆڕێ، لەباری تیئۆریکەوە ڕاست دەکەن. میللەت هیچ وەخت بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی دروست ناکا. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی میللەتی دروست دەکا. هەر کەسێکی کە بڵێ بۆ نموونە میللەتی ئاڵمانێ پێش ئەوەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی ئاڵمان ببێ، هەبووە ڕاست ناکا.**

دێمۆکراتیزەبوونی پرۆسەی سیاسی یە. ئەوانە پێویستن، لە دوایە هەبوونی شەبەکەیەکی ئابووری و بوونی «intelligentsia» ڕووناکبیرانێکی ئەوتۆ کە بتوانن ئەو هێزە سیاسییەی بهێننە پێشێ. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئێمە نابێ دە هەڵە کەوین و ئەوەیکە بە فارسی پێی دەڵێن: میهەنپەرستی (نیشتمانپەرستی) لە گەڵ ناسیۆنالیزم تێکەڵ بکەین، ئەوانە لە یەکتری جیاوازن. « فیردەوسی» نیشتمانپەرست بووە، ناسیۆنالیستی فارس نەبووە. هەمان شت لە سەر « خانی»ش وایە. بەڵێ ڕاستە خانی لە زەمانی خۆی لە پێش بووە، ئەو فکرانەی هەبووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەو فکرانە بە شێوەیەکی هەمووگیرلە کوردستانێ دا هەبوون. تەنانەت هێزی سیاسی لە ئیمپراتووری عوسمانی دوای هاتنە سەر کاری «ئاتاتورک» یش کە دەهاتنە مەیدانێ ـ دەبێ ئەوەی قبووڵ بکەین کە ئەو هێزانە زۆرتریە دوای «restoration» (سەر لە نوێ سازکردنەوە) دا بوون ـ دەیانویست سیستمی عوسمانی دابەزرێننەوە و لە چوارچێوەی ئەودا ئۆتۆنۆمی کوردان هەبێ. ئۆتۆنۆمی کوردانیش دە پێوەندی لە گەڵ مەقام و مەنزەلەتی ئەو شێخ ، عولەما و خاوەن موڵکە گەورەکان دا بوو کە لەوێ هەبوون. ئەمن لەوە دوودڵم کە ئەو بزووتنەوانە بکرێ بە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی بە مانای مۆدێرنی دابندرێن .

● باشە مامۆستا، ئەگەر ئینسان پاراڵێلێکی تاریخی ساز بکا بۆ وێنە سەبارەت بە وەزعی ئەو میللەتە ئورووپاییانەی کە پێشتر وڵاتەکەیان دابەش کرابوو، لە گەڵ وەزعی ڕابردوو و ئێستای کوردان کە لە نێو چوار دەوڵەتاندا دابەش کراون، دوای سازبوونی دەوڵەتە میللی یەکانی دیکە لە دەوروبەریان، یان لە سەر خاکیان، دەکرێ بەراوردێکی ئەوتۆ بکرێ لە نێوان چارەنووسی پۆلۆنییەکان و کوردەکان؟

ـ دەکرێ لە بارەی هەلومەرجی دەرەوە ئەو موقایەسەیە بکرێ. هەلومەرجێکی لەباری دەرەوە لە گۆڕێدا بووە کە یەکگرتنەوە و یەکانگیربوونەوەی لەهیستانی ڕەخساندووە، بەڵام ئەو هەلومەرجە لە

⬅

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە گۆڕێدا نەبووە. هەرچەند ئەوە دیسان بەو مانایە نیە کە حاکمییەتی میللی لەهیستان شتێکی دائیمی یە.

● کاک دکتۆر ئەمن جارێکی دی باسی خانی دادەمەزرێنمەوە. ئێوە دەتوانن ئەوەی دەستنیشان بکەن کە چ شتێک ئەو هۆیەی پێکهێنا کە خانی ئەو ئیدەیەی هەبێ لەو هەلومەرجی دا؟ ئایا زۆر لە پێش میللەتەکەی بووە یان مەبەستێکی هەبووە کە ئەوفکر و ئیدەی بهێنێتە گۆڕێ؟

ـ تا ئەو جێگای ئەمن بزانم ئەو ئینسانێکی ڕۆشنبیر بووە لە زەمانی خۆیدا، هەلومەرج و وەزعی دیوە کاری تێکردووە، لەوەیکە خەلکەکەی ئاوا پاشکەوتوو دیوە، بە داخ بووە لە پاشکەوتوویی ئەوانەی جڵەوی دەسەلاتیان بە دەستەوە بووە. داواکاری دەوڵەت بووە هەر وەک پێشتر گوتم ئەوئیدەی هەبووە، بەلام ئەو ویستە بەو مانایە نیە کە لە کوردستانی ئەو دەمی دا، ناسیۆنالیزم بە شێوەی ئیدەئۆلۆژی سیاسی هەبووە. باسی ئەوئیدەیەی کراوە. بە بیرو ڕای من، ئەگەر ئێمە «Prehistory» واتە دەورەی بەر لە تاریخی ناسیۆنالیزم لە گەڵ تاریخی ناسیۆنالیزم تێکەڵ بکەین تووشی گیرو گرفتی سیاسی دەبین. ئەوەش بەو مەعنایەیە کە ئەوەیکە لە ئیستلاحی تیئۆری دا پێی دەڵێن «Genealogy» ( بنەچەکناسی)، بە بیر و ڕای من تە تەنیا پێویست نیە بۆ ئەوەی کە ئەسڵێکی سیاسی بسەلمێنێ، بەڵکوو لە بناوان ڕا بێ مانایە و لە زۆر هەلومەرجاندا کۆنەپەرستانەشە. هەر کتێبێکی تاریخی، ئی کوردی دەبینی لەوێدا دەپێشدا دەیەوێ دایەزرێنێ کە ئەسڵی کوردی لە کوێ ڕایە، دە سیاسەتدا ئەوە ئەسڵەن شتێکی بێ مەعنایە. میللەت مەفهوومێکی سیاسی یە، مەفهوومێکی تاریخی نیە. یانی خەلک (گەل) بە مەعنای «people» دە تاریخدا دەژین، بەلام میللەتان بە سیاسەت دروست کراون. جا ئەوەیکە زەینی خۆتی پێوە خەریک کەی ئایا کورد ئاریایی بوو، پێوەندی لە گەڵ ئێرانی چۆن بوو؟یان، نازانم... یەکێک بێ بڵێ کورد لە زەمانی پێغەمبەرەوە هەر موبارەزەی کردووە، ئەوانە بێ مەعنێ. ئەوەیکە گرینگە ئەوەیە کە لە چ لەحزەیەک ئەو ئیدەئۆلۆژییە، ئەو ویستە، ئەو ئیدەناسیۆنالیستییە، بۆتە شتێکی گشتی، ئەو لەحزە، لەحزەی چاوهەڵێنانی ئەو ئیدەیەیە.

ئەوەشتان عەرز بکەم ئینسان دەبێ واقیع بین بێ. ئەوانەی کە ڕەخنە لە ناسیۆنالیزم وەک ئیدەئۆلۆژی دەگرن ڕاست دەکەن، کە دەڵێن ناسیۆنالیزم عیللەت و مەعلوولی لێدەگۆڕێ، لەباری تیئۆرێکەوە ڕاست دەکەن. میللەت هیچ وەخت بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی دروست ناکا. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی میللەتی دروست دەکا. هەر کەسێکی کە بڵێ بۆ نموونە میللەتی ئاڵمانی پێش ئەوەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی ئاڵمان بێ، هەبووە ڕاست ناکا. هەر کەس بڵێ میللەتی ئیتالیا پێش بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی ئیتالیایی هەبووە، دیسان ڕاست ناکا. مەسەلەی زمانیش هەر وایە. ئەتۆ سەرنج بدە، لە فەرانسەی پێش شۆڕشی مەزنی فەرانسە لە سالی ١٧٨٩بە لانی زۆرەوە تا ئەو جێگایەی کە ئەمن لە بیرمە ٢٧٪ دانیشتووانی فەرانسەی شایەدیش کەمتر، دەیانتوانی ئەو زمانەی کە ئێستا لە فەرانسە زمانی ستاندارده، قسەی پێ بکەن. تەنانەت لەویش کەمتر١٥٪ تا ١٧٪ دەیانتوانی پێی بنووسن. لە ئیتالیایە ئەوە نزیک ٣٪ یان ٤٪ بوو. ناسیۆنالیستێکی بەرچاوی ئیتالیایی، کە ئێستا ناوەکەیم لە بیر نیە ـ پاش ئەوەی کە دەوڵەتی ئیتالیایە دروست کرا ـ لێیان پرسی، گوتی: «We made Italy, now let us make Italians» واتە : « ئێمە ئیتالیامان دروست کرد، با ئێستا ئیتالیایی دروست بکەین».

مەسەلە ئەوەیە، ئەوەیکە مێژووناسە، زمانناسە، ئەسڵناسە، دەچن لە وەی دەگەڕێن کە بڵێن کورد لە هەوەڵەوە لە زەمانی مادەوە نەتەوەیەکی یەکگرتوو بووە، بە ڕای من ئەوە زیادتر حەکایەت خوانی یە، چاکە. ئەوەی کە بڵێن کورد لە زەمانی سەفەوی دا وابوو و ئاوابوو، دەتوانین بڵێین لە زەمانی سەفەوی دا عەرەبیش وا نەبوو، تورکیش وا نەبوو، فارسیش وا نەبوو.زۆرکەم هەبوون کەئینسجامێکیان هەبووبێ، مەسەلەن عەرەبان زمانەکەیان هەبوو، ئاڵمانیش هەروا، ئەوە کەیسی ڕیزپەڕن و تا ڕادەیەک ئەرمەنیان. بەلام قسە لەسەر ئەوەیە کە هەمیشە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی میللەت دروست دەکا، میللەت هیچکات بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی دروست ناکا، چونکوو میللەت شتێکی تاریخی نیە بەڵکوو مەفهوومێکی سیاسی یە.

● مامۆستا لە بەشی یەکەمی قسەکانتدا باسی ئەوەت کرد کە دوای ئەو قەیرانیەی کە بە داگیرکردنی کوەیت لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە سازبوو، زۆر جار هەر لە باری ئینسانییەوە، مەسەلەی کورد لەبەر باس بوو، تەنانەت لە چوارچێوەی حوقووقی نێونەتەوایەتیش دا. بە بۆچوونی ئێوە داخودا مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکرێ لە نەبوونی دەوڵەتدا وەدی بێ؟

ـ بێ مەعنایە. یانی ئەوە ئەسڵێکە هیچ پێوانەی نیە.

● ئەگەر ئەو بۆچوونە لە سەر کورد دەکار بکرێ، مانای وایە کە نەتەوەی کورد تەنیا لە کاتێکدا دەتوانێ بە سەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بێ و بڕیاری لە سەر بدا کە دەوڵەتێکی میللی سەربەخۆی، خۆی هەبێ، وایە یان نا؟

ـ بەڵێ ئەوە تەوزیحی وازیحاتە. دەکرێ ئەوە لە سەر جوولەکەکانیش بگوترێ. بۆ نموونە جوولەکە لە ئورووپا، لە مەراکیش و حەبەشەش ڕا ـ کە لە باری ڕەگەزەوە ڕەشن ـ چوونەتە ئیسرائیل، ⬅

کەچی پێیان دەڵێن میللەتی یەهوود، ئەوە لە ئەزەر تاریخی یەوە شتێکی بێ مەعنایە بەڵام لە باری سیاسی یەوە کۆنکرێتە. لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا دانیشتووە. پێش دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل زمانێکی یەکگرتوو بە ناوی زمانی عیبری هەر نەبوو، عیبریان لە سەرڕا زیندوو کردەوە. زۆربەی هەرە زۆری جوولەکان، بە زمانێک قسەیان دەکرد بە ناوی «یەدیش». یەدیش بە قەولی ئینگلیسیان تێکەڵاوێکی بێژووی ئالمانی و زمانە سلاڤییەکان بوو.

ئەوانەی کە هاتن ناسیۆنالیزمی یەهوودیان سازکرد، موشکلیشیان ئەوە نەبوو کە ئەوزمانە هەیە یان نا، موشکیلیان ئەوە بوو کە ئامانجیان چییە، ئەو دەمەی کە کاتی هات عیبری دەکار بکرێ، بە ئاسانی ئەو گرێیەیان کردەوە. هەمان شت لە سەر ستانداردبوونی هەر زمانێکی کە بڵێی ئاوایە. ئەو موشکیلانەی کە ناسیۆنالیستە کوردەکان باسی دەکەن، بەو کارانە حەل نابێ. ئەوە مەسەلەیەکی سیاسی یە. ئەمن مومکینە بیست ساڵ لە کتێبخانەی دابنیشم، بێم بیسەلمێنم کە کورد ئاریایی بووە، پێوەندی لە گەڵ مادەکان هەبووە یان نەبووە، وەزعی لە کێوەکانی زاگرۆس چۆن بووە یان زمانی کوردی لەو دەمی دا قسەی پێکراوە یان نا، یان ئەوەیکە گزنیفۆن لە سەر کوردان چی گوتووە. ئەوانە باسی ئاکادێمیکن، لەوانەیە یەکێک بێ، لێکۆڵینەوەیەکی باشی لە سەر بنووسێ بە دەرەجەی چاک، بەڵام ئەوانە لە ئەسڵدا بایەخی سیاسییان بەو شێوەیەی نیە.

● بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی تایبەتیدا ناژین و بوونە هاووڵاتی چەندین دەوڵەت کە هەر دەوڵەتەی چەند نەتەوەی تێدا دەژی، پێتان واهەیە کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا، هەموو نەتەوەکان ناتوانن ئەسڵی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان تەتبیق بکەن، نموونەیەکیشتان باس کرد وەک شورەوی پێشوو، ئایا لێرەشدا وایە؟

- ئەگەر لە باری تیئۆریک ڕا بۆی بچین، دەبێ ئەو ئەسڵی دێموکراتیکی کە پێشتر باسمان کرد لە سەرڕا لە باری تیئۆریک سازمان بدرێتەوە و گەڵاڵە بکرێتەوە. بۆ وێنە هیچکەس ناتوانێ بڵێ کە قانوونی ئەساسی ئێران لە ساڵی ١٩٠٥ دا تا ڕادەیەکی زۆر دێموکراتیک نەبووە، چونکوو دەڵێ کە حقووقی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی لە ئیرادەی خەڵکی ئێرانەوە دێ و بەڕێگەی هەڵبژاردن دا، دەدرێ بە دەوڵەت و ئەوانە. بەڵام هەمیشە ئەو حاڵەتە هەیە کە ئەو ئەسڵە دێموکراتیکە کە دێ بەڕێوە بچێ لە گەڵ هوویەتی میللەتی سەردەست جۆردێتەوە. جا لێرە وەختێکی یەکسان دەبێ قبوولی هوویەتی وی بەپێی تیئۆری دێموکراتیک بەو مەعنایە کە ئێمە هوویەتی میللی ئەو میللەتە سەردەستە، بۆ نموونە فارس، یان تورک،

**نووسین بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە تفەنگ گرینگترە.**

**نووسین ئەخلاقێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەر حەرەکەتێک، هەر کەسێک، چ گرووپ، چ تاک هەر کە هاتوو ئەخلاقی هەبێ، ئیدی ئۆتۆنۆمی سەد لەسەدی نییە و زۆر شت هەیە کە دەبێ لە بەر چاوی بگرێ.**

موتڵەق دەکەین بە نیسبەت ئەوانی دیکە. موتڵەق کردنی ئەوەش بە مانای ئینکارکردنی ئەوانی دیکەیە. بەڵام لە تیئۆری دا کارێکی دژی دێموکراتیک ناکا، چونکوو دەڵێ هەموو کەس هاووڵاتی یە «citizen» و هاووڵاتیش حقووقی بەرانبەریان هەیە. لەو پێوەندییەدا بەسترانەوەی ئێتنیکی مەعنای نیە، بەڵام کە وابوو ئەودەمی تەواوی پێوەندییە ئێتنیکییەکان دەبێ لە نێوبچن.

● واتە نابێ زمانێکی ڕەسمی لە وڵاتەکەدا هەبێ؟

- بەڵێ، دەبێ زمانێکی ڕەسمی نەبێ، ئەگەر زمانی ڕەسمیش هەبێ دەبێ بە هەڵبژاردن بێ. هەموو بێن ڕای خۆیان دەربڕن، وەک لە ئامریکایە دەنگیان دا کە زمانی ڕەسمی بێتە ئینگلیسی یان ئیسپانیایی...

● لە ساڵی چەند بوو ئەوە؟

- لە بیرم نییە، ... ئیسپانیایی دۆڕاندی نەیبردەوە، کەمی دەنگ هێناوە. فەرقەکەش ئەوەندە نەبوو، ئینگلیسی بردییەوە. تەنانەت ئەگەر زمانی ڕەسمیش هەبێ کە لە باری تەجارەت و سیاسەت و ئەو بوارانەدا، لە زمانی نێونەتەوەیی نزیکتر بێ، دەبێ ئەوانی دیکەش حقووقی بەرانبەریان لەو بارەیەوە هەبێ. جا لە بەر ئەوەیە کە ئەو ئەسڵەی تیئۆری دێموکراتیک دەبێ لە ڕاستیدا ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێ و لە سەرڕا گەڵاڵە بکرێتەوە ئەگەر بە بنەمای قانوونی ئەساسی دابندرێ.

وای دابنێین کە کوردان لە پاشەڕۆژدا دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێ، ئەگەر ئەو دەوڵەتە بێ، لە قانوونی ئەساسی خۆیدا بڵێ، کوردی زمانی ڕەسمی ئەو دەوڵەتەیە و ئەو کەمایەتییانەی کە لە کوردستان دا دەژین، دەبێ پێڕەوی لێبکەن، هەر هەمان کار دەبێ کە ڕەزاشا و ئاتاتورک کردوویانە هیچ فەرقی نیە. یانی هاتوە پرێنسیپی دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆی «self determination» ←

دەکار کردووە و بە شێوەی ئوسوولی دیمۆکراتیکی هاوولاتیتی« citizenship » بە سەر ئەوانیدا تەحمیل کردووە. مەسەلەیەکی دی ئەوەیە کە دەولەتی ئێران، تورکیا، یان عێراق لە نەزەر حقووقی نێونەتەوایەتییەوە تا ئەو جێگەیەی کە دەگەڕێتەوە سەر ئەسلی « self determination » ، قانوونیان نەقز نەکردووە، پێشێل کردنی قانوون ئەو دەمی کراوە کە ئەو ئەسلانەی لەو پرێنسیپەوە دەکەونەوە، بەڕێوە نەچوون و ناچن.

● مامۆستا، وەک دەزانین کوردستان ولاتێکی دابەش کراوە، گەلی کورد خۆی لە چوارچێوەیەکی بەربلاوی جۆغرافیایی دا دەبینێتەوە، خۆ ئەوە بە ویستی خۆی نەبووە ، کە وابوو لە ڕوانگەی ئەو میللەتەوە ـ ئەو میللەتە بێ دەولەتە ـ و نەتەوەکانی دیکەی کە دەولەتیان نیە، ئایا دەکرێ ئەوان قانوون و چوارچێوە نێونەتەوایەتیەکان بە ڕەسمییەت بناسن؟

ـ ئەمن دیسان دەچمەوە سەر قسەکانی پێشوو، لە وانەیە زۆر کەس ئەو قسەیەی منیان پێ ناخۆش بێ، پرسیارەکەشم ئەوەیە ئایا ئەو دەمی کە کوردستان دابەش کرا میللەتی کورد هەبوو؟ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو ڕاستییەی کە ئەوە میللەت نیە کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی دروست دەکا، بەلکوو ئەوە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیە کە میللەتی پێک دەهێنێ. وەک عیللەت و مەعلوول دەبێ بلێین ئەودەمی کە کوردستان دابەش کرا، لە باری سیاسی یەوە میللەتی کورد وجوودی خارجی نەبوو. بە مەفهوومی سیاسی میللەتی کورد وجوودی خارجی نەبوو. ئەمن ناڵێم گەلی کورد دەتاریخدا نەبووە، گەلی کورد لە تاریخدا هەبووە: Peopels exist in history. But Nations are made by politics.

« گەلان لە تاریخدا دەژین، بەلام نەتەوان بە سیاسەت دروست دەکرێن ». لە تاریخەوە تا سیاسەت ڕێگایەکی دوورە. بۆیە ئەمن عەرزتان دەکەم، ئێمە لە باری سیاسی یەوە دەبێ ئەوپرسیارەی لە خۆمان بکەین کە ئایا لە سالی ۱۹۱۸ دا میللەتی کورد وەک کولییەتێکی سیاسی وجوودی خارجی هەبوو یان نا؟

● مامۆستا بە ڕاستی ئەو تێبینیانەی ئێوە بایەخدار و هەر وەها جێگای سپاسە، لە دوایین پرسیاردا پێم خۆشبوو بزانم ئێوە گۆڤارێکی چۆنی کوردیتان بە دلە؟ پێتان وایە لە هەلومەرجی ئێستادا لە هەندەران، گۆڤارێکی کوردی کە باسی بابەتی گشتی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی دەهێنێتە گۆڕێ؛ دەبێ زیادتر لە سەر چی ئێست بگرێ؟

ـ بە ئەزەری من هەوڵێن شەرتی هەر حەرەکەت و چالاکییەکی ئاوا، ئەوەیە کە دەبێ سەربەخۆ بێ. دەبێ بە شێوەیەکی لە سازان نەهاتوو و بێ بەزەییانە حالەتی ڕەخنەگرانەی هەبێ. ئێمە ئەوەمان پێویستە. هەر وەها دەبێ ڕووحییەی دێمۆکراتیکی هەبێ. دەبێ ئەوەی بزانێ هەر وشەیەک کە دەینووسێ بێ گوناه نەبێ، هیچکات وشە بێ گوناه نیە، وشە هەمیشە مەعنای هەیە، هەمیشە باری هەیە ، ئەو بارەش هەمیشە ئیدەئۆلۆژیکە.

نووسین مەنتیقی تاریخی کۆمەلگەی مەدەنی یە. کۆمەلگەی خاوەن شارستانییەت بۆ ئەوەی پێک بێ، دەبێ کۆمەلگەیەکی خوێندەوار« literate » بێ. نووسین بۆ پێکهاتنی کۆمەلگەی مەدەنی لە تفەنگ گرینگترە. جا بۆیە بۆ خەلکێکی وەکوو ئێمە هەر حەرەکەتێکی فەرهەنگی، ئی ڕەخنەگرانە و ئی دێمۆکراتیک بە ئەزەری من ، لە ئەسلدا بزووتنەوەیەکی سیاسی یە. نووسین ئەخلاقێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەر حەرەکەتێک، هەر کەسێک،چ گرووپ، چ تاک هەر کە هاتوو ئەخلاقی هەبێ، ئیدی ئۆتۆنۆمی سەد لەسەدی نییە و زۆر شت هەیە کە دەبێ لە بەر چاوی بگرێ.

● زۆر زۆر سپاستان دەکەین کە کاتتان داینێ بۆ ئەم وتووێژە ، داوای سەرکەوتنتان دەکەین و هیواداریین بەر دەوام بن لە سەر کارە زانستیەکانتان.

ـ ئەمنیش سپاستان دەکەم و هیوادارم ئێوەش سەرکەوتووبن.

***

*:Pre - Capitalist Iran : A Teoritical History. I . B . Tauris and . CO.Ltd. London. New york, esbn1 - 85043 - 554 - 5

**:The Politics of stateless nations: The Case of The Kurds in the contemporary Middle - East

### هەلە ڕاست کردنەوە

« بە ڕێگەی خانی دا ڕۆیشتن یان بە ڕێگەی خانان دا» ؟ دروستە.

لە ژمارەی ۱ی «گزینگ»لە بەشی « وتووێژێک ... لە گەل دکتۆر ئەمیری حەسەنپوور» ، هەلەیێکی بەخەیی لەلاپەڕەی ۱۶ ، دێڕی ۷ زەق بۆتەوە ، لە گەل داوای لێبووردن لە دکتۆر ئەمیر، بەمجۆرە ی سەرەوە ڕاست دەکرێتەوە.

# گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا

## بیرەوەرییەکانم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا

● عەقید بەکر کەریم حەوێزی ●

### دروستبوونی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق

پاش شۆڕشی بارزان و دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و گۆڕانی زرووفی سیاسی لە دونیادا و بەتایبەتی لە ئێراندا، مەلاموستەفا بیریکردەوە کە جەماوەری کورد لە کوردستانی عێراقدا پێویستی بە پارتێکی سەربەخۆی خۆی هەیە. لەبەر ئەوە لە مانگی ١٩٤٦/٢دا پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە عێراقدا بە هاوکاری ئەم ئەفسەرو ئەهلی‌یە تێکۆشەرانەی خوارەوە دروستبوو:

مەلاموستەفا، هەمزە عەبدوللا، ئەنوەر دلسۆز، بەکر عەبدولکەریم، موستەفا خۆشناو، نوری ئەحمەد تەها، محەمەد قودسی، عیززەت عەبدولعەزیز، خێروللا عەبدولکەریم، جەلال ئەمین، مەحەمەد سالەح ژاژەلە، عەبدولرەحمان ئەقیب، میرحاج ئەحمەد، وەهاب محەمەد عەلی‌ئاغا و شێخ لەتیف شێخ‌مەحمود حەفید. بێگومان ئەم پارتە لەسەر شێوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە مەهاباد دروست بوو.

ڕۆژێک مەشقم بە بارزانی‌یەکان دەکرد لە دەشتایی سەربازخانەکە، کات دوای نیوەڕۆ بوو، لەناکاو پێشەوا و حەمەحوسێن خان، نانەوازادە و موقەددەم ڕوکن کازمۆف (موقەددەم ڕوکنێکی ڕووسی بوو ناومان نابوو کاکەئاغا) پەیدابوون، منیش چوومە پێشوازیان و بەخێرهاتنم کردن کەمێک وەستان و تەماشای مەشقەکەیان کرد. دیاربوو بەو مەشقە گەلێک خۆشحاڵ بوون و پاشان پێشەوا ڕووی تێکردم و فەرمووی:

ئێوە چەند ئەفسەر دەبن لەگەڵ مەلاموستەفا؟ پێم‌گووت (١١) ئەفسەرین. پرسی چەند جۆر پۆلمان هەیە؟ وەلامم دایەوە کە هەندێکمان تۆپچی (مەدفەعی)ین و هەندێک پیادە و سوارە و دروع و هەندەسە و (تەموین و ئیعاشە)ین. واتە هەموو جۆرە پۆلێکمان هەیە.

پاشان فەرماتی بە نانەوازادە دا کە بەگوێرەی پلە و پۆلەکانمان لیستەیەکی ئێوەکانمان بنووسێت. لیستەی ئێوەکان بەم چەشنەی خوارەوە، نووسرا:

| | |
|---|---|
| ١ ـ رئیس اول رکن عیززەت عەبدولعەزیز | تۆپچی |
| ٢ ـ رئیس (نقیب) بەکر عەبدولکەریم | تۆپچی |
| ٣ ـ رئیس (نقیب) موستەفا خۆشناو | پیادە |
| ٤ ـ رئیس (نقیب) میرحاج ئەحمەد | تۆپچی |
| ٥ ـ رئیس (نقیب) عەبدولعەزیز شەمدینی | سوارە |
| ٦ ـ ملازم اول جەلال ئەمین | تۆپچی |
| ٧ ـ = = نوری ئەحمەتەها | تۆپچی |
| ٨ ـ = = محەمەد سالح ژاژەلە | هەندەسە |
| ٩ـ = = خێروللا عەبدولکەریم | دروع |
| ١٠ ـ = = ثانی مەحەمەد قودسی | تەموین و ئیعاشە |

١١ـ = = عەبدولڕەحمان نەقیب = =

لیستەی ئێوەکان ئامادەکرا و چەندڕۆژێک تێپەڕی. ڕۆژێک خەریکی مەشق‌پێکردن بووین، یەکێک هات و ئاگاداری کردم کە پێشەوا فەرموویەتی بچمە لای، چاوەڕوانم دەکات. منیش بە کاک‌جەلالم ووت کە دەچمە خزمەت پێشەوا، ئێوەش کە لە مەشق‌پێکردن تەواو بوون بگەڕێنەوە ئاوشار. لەخزمەت پێشەوادا عەقید ڕوکن عەلییێف، محەمەد حوسێنخان، کاک عیززەت عەبدولعەزیز و میرحاجیشی لێ‌بوون. پێشەوا ڕووی تێکردم و فەرمووی: «نیازمانە هەندێک تۆپ پەیدا بکەین، لەبەر ئەوە پێویستیمان بەو ئەفسەرە تۆپچییانەیە کە لەگەڵتان دان. کاک عیززەت و کاک میرحاج ڕازین، بەڵام پێمان خۆشە کە بیر و ڕای ئێوەش بزانین، ئەوجا تۆ چ دەڵێی»؟

لە وەڵامدا پێم ووت: «جەنابی پێشەوا ئێمە چ لێرەبین و چ لە هەرجێگەیەکی دیکەی کوردستان، خۆمان بۆ خزمەتی کورد تەرخان کردووە. بەڵام ئێمە لەگەڵ جەنابی مەلامستەفا هاتووینەتە ئێرە و لەژێر فەرمانی ئەو داین، بەتایبەتی وەک جەنابتان ئاگادارن کە چەند ڕۆژێک لەمەو بەر بەسەرۆکایەتی مەلامستەفا پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ـ عێراقمان دروستکردووە، ئەمەش پەیوەندییەکی دیکەمانە بە مەلامستەفاوە، لەبەر ئەوە وای بەباش دەزانم کە سەبارەت بە هەڵسوڕاندنی ئەم کارە جەنابتان داوا لە مەلامستەفا بکەن کە دڵنیام لەوەی ئەویش گەلێکی پێخۆش دەبێت و ئامادەی جێ بەجێ کردنی هەموو فەرمانەکانتە». پاش ئەوەی لە قسەکانم بوومەوە، هەموو تەماشای یەکدیان کرد و وەڵامەکەی منیشیان تەرجوومەی زمانی ڕووسی کرد بۆ عەلییێف، ئەویش زەردەخەنەیەک گرتی و وایان نیشاندا کە قسەکانی منیان بەدڵ بێت. ئەوجا پێشەوا فەرمووی کە لەوبارەوە چاوی بە مەلامستەفا دەکەوێت. پاشان لەگەڵ عیززەت و میرحاجدا چووینە دەرەوە.

لەڕێگە بەدەم قسەکردنەوە میرحاج پێی ووتم کە من کارێکی چاکم کردووە و ئەوان پێیان شەرم بووە ئەو قسانە پێشکێش بە پێشەوا بکەن و لەبەر ئەوەش بووە کە هەر زوو بەو داوایەی پێشەوا ڕازی بوون. پێم ووتن کە چۆن ئێوە بێ ڕەزامەندی مەلامستەفا ئەو کارە دەکەن، هەڵبەتە دەتانەوێ کە لێی جودا ببنەوە کە من پێم وایە ئەمەش بێ وەفاییەکی گەورەیە، جگە لەوە ئێمە دەتوانین لەگەڵ هێزی بارزانی‌یەکاندا خزمەتێکی گەورەتر و گرنگتر بکەین. هەرچەندە ئەوان بەقەناعەتەوە پێشانیان دا کە هیچ نیازێکی جودابوونەوەیان نەبووە لەگەڵ مەلامستەفادا. سەر لەنوێ ئەوەم بۆ جەخت کردنەوە کە ئەوە شتێکی جوان نی‌یە بێ پرسی مەلامستەفا هیچ جۆرە کارێک بکەین. بەتایبەتی کە ئێمە ئەندامین لە پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ـ عێراقدا.

ڕۆژی دوواتر پێشەوا بۆ ئەو مەبەستەو هەندێ کاری دیکە لەگەڵ مەلامستەفادا کۆبۆتەوە. ئەنجامی کۆبوونەوەکەیان هەروەک مەلامستەفا ئاگاداری کردین بەم چەشنە بوو:

پێشەوا داوای کردووە پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ـ عێراق کە لە مەهاباد دامەزراوە لەبەر چەند هۆیەک هەڵ بوەشێتەوە:

١ ـ درووست بوونی ئەو پارتیە بۆ کوردستانی عێراق گیروگرفتێکی سیاسی بۆ کۆماری ساوای مەهاباد درووست دەکات. دوژمنانی کۆمار بەتایبەتی تورکیا و عێراق کە وڵاتە سوێندخۆرەکان پشت و پەنایانن، ئەم کارە، واتە دروستبوونی پارتی لەو بەشەدا دەکەنە بەڵگەیەک تا لە وڵاتانی پاڵپشتیان و دونیاش بگەیێنن کە کۆماری مەهاباد لە ئێستەوە هەوڵی ئاژاوەنانەوە دەدات لەو دووپارچەیەی دیکەی کوردستاندا و بە مەبەستی دروستکردنی کوردستانی مەزن لە هەر چوار پارچەکەدا.

هەروەها پێشەوا بە مەلامستەفای فەرموبوو: کە دروست بوونی پارتی بۆ کوردستانی عێراق لەم کاتە ناسکەدا زیانێکی گەلێک گەورە بەکۆماری مەهاباد دەگەیێنێ و مەترسی‌یەکی زۆریشمان بۆ دروست دەکات، هەرچەندە کە دەشزانین ئامانجی دووارۆژمان ئەوەیە کە هەموو کوردستانی مەزن ببێتە یەک پارچە و یەک کۆمار.

٢ ـ پارتی ئێمەش (پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ـ پێشەوا دەفەرموێ) پارتی دیمۆکراتی هەموو کوردستانی مەزنە. هەرچی کۆمەک و یارمەتی و پشتگیرییەکیش لە کوردستانی عێراقەوە بێت ئەوا لە ڕێی کۆماری مەهابادەوە بە ئێوە دەدرێت.

پاش ئەوەی کە مەلامستەفا بیروڕاکەی پێشەوای پێ ڕاگەیاندین، خۆشی فەرمووی: «منیش وا بە بەرژەوەند دەزانم کە پارتی هەڵ بوەشێتەوە»، ئێمەی ئەندامانی پارتیش بەگشتی بیروڕامان لەگەڵ مەلامستەفادا کرد بەیەک و لەسەر فەرموودەی پێشەوا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراقماندا و پێکرا ئەو بڕیارەمان مۆرکرد.

## وتووێژێ نێوان من و پێشەوا

هەفتەیەک بەسەر ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕی بوو، کات دوای نیوەڕۆ بوو، خەریکی مەشق پێکردنی بارزانی‌یەکان بووم، تەتەرێک هات و ئاگاداری‌کردم کە حەزرەتی پێشەوا پاش نوێژی شێوان لەماڵەوە چاوەڕوانم دەکات کە بچمە خزمەتی. کە چوومە ماڵی پێشەوا دیتم بەتەنێ نەبوو، لە دیواخانەکەیدا کازم عەلییێف، محەممەد حوسێن‌خانی ئامۆزای و ئانەوازادەش لە خزمەتی‌دا بوون. پاش کەمێک دانیشتن، پێشەوا دستی بەقسەکرد و فەرمووی:

«مەلامستەفا نازی لەسەر هەموو کوردێک هەیە و خۆشەویستی هەموومانە و جێی‌ڕێزی هەموو کوردێکی بەشەرەف و دڵسۆزە. ساڵەهای ساڵە بەربەرەکانی دوژمنانی کورد دەکات و لە خەباتکردندا

**□ ، پێشەوا دەفەرمووێ کە مەلاموستەفا لێرە میوان نیە، بەڵکو خاوەن ماڵە. پێویستیش ناکات دڵی لێمان زویر بێت بەقسەی یەکێک کە دوور نیە مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەبێت یاخود زرووفی سیاسی ئێمە تێنەخوێنێتەوە.**

کۆڵی نەداوە و گیانی خۆی و هۆزەکەی خستووەتە مەترسی و برسێتی و دەردەسەری‌یەوە، لەم ڕێگە پیرۆزەدا چەندەها شەهیدی داوە. بەڵام وەک بیستوومانە کە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا کەمێک دڵگران و نیگەران بووە، ئەویش وەک ئێمە بزانین یەکێکی خائین دڵی مەلاموستەفای لە ئێمە ڕەنجاندووە. بەڵام لە ڕاستی دا شتێکی وا ڕووی نەداوە تا مەلاموستەفا زوویر بێت، بەڵام دڵی لەکێ دەڕەنجێ؟ ئێمە ئەو بە خاوەنی هەمووشت دەزانین، ئەو ئێستە پێشڕەوی خەباتی کوردە و برای ئازیزی ئێمەیە، لەبەر ئەوە نابێ بەقسەی پیاوی خراپ لە ئێمە دڵتەنگ بێت، پێمان خۆشە کە ئەو خائینە لای خۆی نەهێڵێ...

هەروەها پێشەوا درێژەی بە قسەکانی‌دا و فەرمووی: جارێ ژمارەی (٧٠٠) تفەنگ بۆ بارزانی‌یەکان وەربگرن، چونکە دەمانەوێ هێزێکی نیزامی بۆ یەکەم جار لە بارزانی یەکان پێک بێنین و وردە وردە ، لە داهاتوودا ئەم هێزە فراوان دەکەین. تا ئێستە هیچ هێزێکمان پێک نەهێناوە کە جێگای بڕوا و متمانە بێت و پشتی پێ‌ببەستین، ئەم هێزی بارزانی یانە دەبێتە بناغەی هێزی کۆماری کوردستان، دەبێتە ئێوەرۆکی(نواە) ٢٣١ لکی نیزامی، واتە (٣فەوج)، تۆ لەگەڵ ٣ ئەفسەری دیکەدا سەرپەرشتی ئەو ٣ لکە دەکەن و دەتان نێرینە بەرە(جەبهە)ی سەقز کە حەمەڕەشیدخان لەوێ فەرماندەیە. تکامان وایە کە مەلاموستەفا بەم کارە ڕازی بێت». پاش تەواو بوونی پێشەوا لە قسەکانی ، مۆڵەتم لێ وەرگرت و بیرو ڕای خۆم بەم چەشنە پێشکێش‌کرد:

« بەڕێز جەنابی پێشەوا، ئەو ئەفسەر و ژمارە کەسەی کە لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانی‌دان بەسەرکردایەتی مەلاموستەفا ساڵەهای ساڵە یەکدی دەناسن و خەباتیان پێکەوە کردووە. وەک بەڕێزتان دەفەرموون، گەر گومان لێکراوێک لە نێومان‌دا هەبایە، هەڵبەتە لەو ماوە زۆرەدا بۆمان ئاشکرا دەبوو و نەمان دەهێشت کە لەنێوماندا بمێنێتەوە، بۆیە داوای بەخشینتان لێ دەکەم و وەرە(جورئەت)ی ئەوەشم تێدایە کە بە جەنابتان ڕابگەیێنم ووشەی (خائین) بەڕاست نابینم کە بە هیچ یەکێک لەو برادەرانەمان بووترێ. چونکە (خائین) تاوانێکی زۆر گەورەیە و سزاشی گەلێک توندە.

برادەرانی ئێمە چ ئەفسەر و چ ئەوانی دیکە کە لەگەڵ مەلاموستەفادان گەلێک نیشتمان پەروەرو دڵسۆز و پاکن، جا ڕەنگ هەیە کە لەنێوانماندا هەبێت کە بیر و ڕای لەگەڵ زرووفی ئێستەی جەنابتاندا نەگونجێ، جگە لەوەی کە بیر و ڕای هەموو کەسێک لە خەباتکردندا وەک یەک نیە، ڕەنگ هەیە کە بیری چەپیان هەبێت و لەم ڕێگەیەوە بیانەوێ خەبات بکەن یا خود کەسێکی دیکە ڕێگەیەکی دیکە لە خەباتکردنیدا پەسەند بکات، بەڵام ئامانجی گشتی لامان پاراستنی کۆمارەکەمانە و خزمەت کردن بە کوردو کوردستانە».

پاشان ئەوەشم بە خزمەت پێشەوا ڕاگەیاند کە گومان لەوەدا نیە بارزانی بەڕێز هەمیشە ئامادەیە بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانی پێشەوای مەزن و فەرمایشەکانیشتان بە مەلاموستەفا دەگەیێنم. ئەوجا فەرمووی کە بۆ بەیانی ئامادەبن و چەکەکان وەربگرن و سلاویشی پێشکێش بە مەلاموستەفا کرد کە پێی ڕابگەیێنم.

شەو درەنگی بەسەردا هاتبوو کە لە خزمەت پێشەوا چوومە دەرێ ، بەڵام بڕیارم دا کە هەر ئەو شەوە بچمە لای مەلاموستەفا. پاش ئەوەی سلاوی پێشەوام بە مەلاموستەفا گەیاند ، پێم ووت:

« پێشەوا دەفەرمووێ کە مەلاموستەفا لێرە میوان نیە ، بەڵکو خاوەن ماڵە. پێویستیش ناکات دڵی لێمان زویر بێت بەقسەی یەکێک کە دوور نیە مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەبێت یاخود زرووفی سیاسی ئێمە تێنەخوێنێتەوە». بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت بە مەلاموستەفام ووت کە دەبێ مەبەستی پێشەوا لەو کەسە کێ بێت؟ بارزانی فەرمووی، مەبەستی لە هەمزە عەبدوللایە و ئێمەش تاقی دەکەینەوە.

ئەوجا مەلاموستەفا پێی ووتم کە سلاو و ڕێزی بگەیێنمە پێشەوا و پێی بڵێم کە بارزانی لە ژێر فەرمانی ئەو دایە و ئامادەیە بۆ جێ بەجێ کردنی هەموو فەرمانێک.

پاش دوو ڕۆژێکیش مەلاموستەفا هەمزەی ڕەوانەی کوردستانی عێراق کردەوە و تفەنگێکیشی داێ کە بۆ خەرجی ڕێگە بیفرۆشێ.

## دابەشکردنی هێزی بارزانی‌یەکان

مەلاموستەفا بارزانی‌یەکانی کۆکردەوە و کردنی بە (٣) بەشەوە، هەر بەشەی (١٠٠)کەس. لەسەر خواستی موستەفا خۆشناو و خۆی، بەشی یەکەمی (موستەفا بروزی) درا بەو، بەشی دووەمی (ساکوکانی

لەنجی) درا بە میرحاج ئەحمەد و بەشی سێیەمی(حەمەدئەمین میرخان و مامەند مەسیح) بەر من کەوتن.

پاش دوو ڕۆژێک کە ئیدی تەواو ئامادەبووین بەرەو گوندی سەرا (کەوتووەتە سەر ڕێگای نێوان بۆکان و سەقز) ڕۆیشتین. لە سەرا بنکەی حەمەڕەشید خانی لێ بوو و بەرپرسیاریی ئەو نێوچەیە و (گوندی سەرا) و دەوروبەرەکەی درایە دەست من. گوندی ئەحمەدئاوا و دەوروبەرەکەشی بۆ موستەفا خۆشناو دیاری کرا و گوندی ئاڵتوونی ژووروو بۆ لکی میرحاج دیاری کرا، کاک جەلال ئەمینیش لای من مایەوە بەنێوی ئەفسەری پەیوەندی لەنێوان هەر سێ بەشە(لکە) بارزانییەکاندا. ( وەک من تێگەیشتم ،متمانەیان بە حەمەڕەشیدخان نەبوو، بۆیە دەیانویست بارزانی بنێرنە نێوچەی سەقز).

سەبارەت بە لکەکەی من، دەستوبرد بنکەیەکم لە گوندی سەرچاوە دامەزراند و کردم بە دوو بەشەوە. هەر بەشەی (٥٠) پەنجا بارزانیکە یەک بەرپرسیاریان هەبێت. بەرپرسیاری ئەو دووبەشەش حەمەدەمین میرخان و مامەند مەسیح بوون (واتە فەرماندەی پەل بوون). هەر پەلەش (سریەیەک) لە (٥) دەستە پێک هێنرا و هەر دەستەیەکیش پێک هاتبوولە (١٠) سەرباز.

سەرچاوە گوندێکی خۆش و ئاوەدان بوو، دەوروبەری ١٦٠ ماڵ دەبوو. گوندی( سەرا)ش کە حەمەڕەشید خانی لێ بوو، دەوری ٣٠٠ ماڵ دەبوو. باخ و باخاتێکی زۆر و ئاسیاوی تێدا بوو. گوندی ئەحمەدئاوا و دووگوندی دیکەش موڵکی حەمەدئاغای عەباسی ئەندامی پەرلەمان بوو کە لەدەست حەمەڕەشید خان هەڵاتبوو بۆ سەقز.

هەروەک دانیشتوانی گوندەکان باسیان دەکرد حەمەدئاغای عەباسی مرۆڤێکی خوێندەوار و هۆشمەند بوو و لەگەڵ خەڵکەکەدا باش‌بووە و ئەوانیش گەلێکیان خۆش ویستووە.

وەک باسیان دەکرد حەمەدئاغا لە ڕووی داراییەوە گەلێک دەست ڕۆیشتوو بووە، تەنانەت بۆ ماوەی (٦) مانگ خزمەتێکی زۆری حەمەڕەشیدخان و چەکدارەکانی کردووە. کەچی لەبری پاداش و چاکەدانەوە چاوی بڕیوەتە موڵک و سامانی و ناچاری‌کردووە سەرا بەجێ بێڵێ. ئەویش هیچی پێ نەکرابوو و هەڵاتبوو بۆ سەقز.

سامان و بەر و بومی زەوی و باخ و ئاسیاوەکانی حەمەدئاغا ساڵانە دوو ملیۆن تمەن بووە و حەمەڕەشیدخان دەستی بەسەردا گرتووە. لە ئەنجامدا بۆم ڕوون بۆوە کە حەمەدئاغا هیچ تاوانێکی نەبووە تا ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر بنوێنرێ، تەنێ ئەوە نەبێت کە خاوەنی دارایی و سامانێکی زۆر بووە.

دوو ڕۆژێک تێپەڕی کردبوو کە لە سەرچاوە دامەزرابووین، حەمەڕەشیدخان و موستەفا خۆشناو و میرحاج هاتن بۆلامان. هەموو پێکەوە بە نێوچەکەدا گەڕانێکمان کرد و پاشان بەسەر هەر سێ لکەکەدا، هەریەکە پارچە (قاطع)ی لێبەرپرسراوێتی پاراستنی بۆ دیاری کرا.

١ ـ ڕێگەی سەرا ـ سەقز بەلای قاراوا و سەرچاوە درایە لکی (١)یەکی سەربە من.

٢ ـ لە ڕێگەی سەقزەوە بۆ ئاخکەند و دەوروبەری درایە لکی(٢) دووی سەر بە موستەفا خۆشناو.

٣ ـ لە سنووری ئەوێشەوە، لە ئاڵتوونی ژووروو و دەوروبەرەکەی درایە لکی(٣) سێی سەر بە میرحاج.

پاش سنوور دەستنیشانکردن، ئیدی هەر (٣) پەلەکەم دابەشکرد و هەر چڵەش بەرپرسیار بێت لە پاراستنی پارچەکەی خۆی. (٢٥) ڕۆژێک تێپەڕیبوو، سەرلەنوێ حەمەڕەشیدخان و موستەفا خۆشناو و میرحاج هاتنەوە سەرچاوە بۆلام. نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بەرەو زوورگەکانی سەر بەگوندی قاراوای ڕێگەی نێوان سەرا ـ سەقز ڕۆیشتین. لەسەر بەرزایییەک کە پێی دەوترا (کەلی بێژینگ بەسەر) دانیشتین و دەستمان بە وتووێژ کرد. خاڵی هەرە گرینگی باسەکەمان ئەوەبوو: لەکاتی هێرش کردنی سوپای ئێران، بۆ سەر ناوچەکەمان هەر لکە کاری چی‌بێت و چۆن یارمەتی یەکدی بدەین و بە چ شێوەیەک بەرەنگاریان بینەوە؟ بە واتایەکی‌دی چۆنێتی دانانی پلانێک بۆ بەرگری‌کردن.

کەلی بێژینگ بەسەر و یەک دوو بەرزایی دیکەش ڕێگەی وایان هەبوو کە لەکاتی شەڕدا تانکی دوژمن دەیتوانی سوودیان لێ وەربگرێ، ئەو بەرزاییانەش لە شوێنە دیاریکراوەکانی موستەفا خۆشناودا بوون. ئەوجا بەرپرسیارێتی پاراستنی ئەو نێوچانەشیان خستە ئەستۆی من. هەر ئەو دەمە منیش بە بەرد لەسەر شێوەی سەنگەری دژ بە تانک بەجۆرێکی زیگزاک و هی‌تر زەوی‌یەکەم دیاری‌کرد. چەند جێیەکی سەنگەریشم بۆ حەمەدەمین خان و مامەند مەسیح دەستنیشانکرد کە لە ئایندەدا هەڵی بکەنن و ئامادەی بکەن بە جۆرێک کە تانک لەو جێگایانەوە نەتوانێت تێپەڕ بێت. هەر پەلەش چەند بارزانییەکی لێ دابنێت و فیشەکی تانک‌بڕیان پێ بێت. بۆ ئێوارەش گەڕاینەوە سەرچاوە.

ڕۆژی دوایی سەرلەبەیانی حەمەدەمین خان و مامەند مەسیح، هەر یەکەیان بە (١٢) دوازدە چەکدارەوە چوونە کەلی بێژینگ بەسەر بۆ هەڵکەندنی سەنگەرەکان.

### هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر هێزەکانمان

ستوونێکی سەربازی ئێرانی کە بریتی‌بوو لە (هەنگێک) لە سەقزەوە دەرچوو و گەیشتە ئاڵتوونی ژێروو و بەرەو قاراوا و سەرا دەهات.

دەستبەجێ حەمەدەمین و مامەند بەخۆیان و چەکدارەکانیانەوە دەچنە لای ئەو (٦) شەش چەکدارەی کەلە دیدەبانێک (مرصد) دامنابوون.

ئەم جێگەیەش لەسەر بەرزاییەک بوو کە بەسەر قاراوا و ڕێگەی ⬅

**□ بەڕێز مەلاموستەفاش نامەیەکی پیرۆزبایی و تفەنگێکی بڕنەو و دەمانچەیەک. بەڕێز سەرەک وەزیران (حاجی بابەشێخ) ئایەتێکی قورئان ( وکم فئە قەلیلە غلبت فئە کثیرە بأذن الله)کە بە ئاوی زێڕ نووسرابوو بۆی ناردم. کاک سەدیق حەیدەری دەستە بەرگێکی کوردی... بۆ ناردم.**

نێوان سەقز و سەرادا دەینواڕی. بە گورجی وەڵامیان بۆناردم کە دووژمن بە فڕۆکە و چەکی قورسەوە هێرشی هێناوەتە سەر نێوچەکە و چاوەڕوانی فەرمانی من دەکەن. کە گەیشتمە لایان، چاوەڕوانیان دەکردم. لەو کاتەدا هەندێک لەهێزی دووژمن گەیشتبووە گوندی قاراوا و هەندێکیشیان گەیشتبوونە بەری ئاڵتوونی ژوورو. ماوەی دوو کاتژمێرێک ئەو نێوچەیەم تەواو پشکنی و بارزانییەکانم لە سێ جێگە دامەزراند. پەلەکەی مامەندم لە بەرزاییەکەوە بەسەر ڕۆژهەڵاتی قاراوا و حەمەدەمین میرخانم لەسەر بەرزاییەکی برامبەر گردێکی خوارووی قاراوا بەلای سەقزدا،دامەزراند وخۆشم لەگەڵ (٤) چوار چەکدار لەسەر گردێک، بەرامبەر قاراوا لە نێوان ئەو دوو شوێنەی مامەند و حەمەدەمین و ڕووبەڕووی ئەو گردەی کە بە تەنیشت گوندی قاراوا بوو و دوو (مسلسل) ڕەشاشی گەورەی بڕنەوی دووژمنی لێ بوو، دامەزراین.

دوو تۆپی دووژمن کە لەوبەری چەمی ئاڵتوون بوو لە دامێنی چیاکەوە گوللەبارانی کردین. شایانی باسە ئەو لکەی کە لەگەڵ من بوون زۆربەیان تووشی نەخۆشی تیفۆ و مالاریا ببوون. تەنێ ئەو (٢٤) بارزانییەی کە لەگەڵ حەمەدەمین و مامەندا بوون ، سەلامەت بوون لە گەڵ ئەو چوار (٤) نەفەرەی خەڵکی سەرچاوە کە لە دیدەبانەکە بوون. هەروەها حوسێن هوستانی کە تازە بەسەر پێ کەوتبوودوە و حەمەدئاغای دۆڵەمەڕیش بەخۆی و دەستەکەی کە ئەوانیش تازە لە نەخۆشی ڕاست ببوونەوە، ئیدی لەوان زێتر کەسی دیکە نەیتوانی بگاتە جێگەی شەڕەکە. ئەوجا ئەوانەم ناردە سەر ڕێگەیەک کە لە سەقزەوە دەچێت بۆ «کانی نیاز» و لەوێوە بۆ «کونەکۆتر» کە دەکەوتە لاشانی چەپمان، لەوێ دابمەزرێن نەک دوژمن لەولاییەوە بێت و ئابلۆقەمان بدات.

شەڕ لە گەرمەی دابوو وەڵامم بۆ حەمەڕەشیدخان نارد کە ڕەشاشێکمان بۆ بنێری چونکە جگە لە تفەنگ هیچ جۆرە چەکێکی دیکەمان نەبوو. هەروەها ئەوەشم بۆ نوسیبوو کە ئاگاداری کاک موستەفا و کاک میرحاج بکات لای خۆیان قایم بکەن و ئەگەر بتوانن لەلای ئاڵتوونی ژوورو، هێرشێک بکەنە سەر لاشانی دووژمن، بەڵام ئەو کارە ڕووی نەدا. لە دواییدا بیستم حەمەڕەشیدخان کە گوێی لە دەنگی تۆپ و فڕۆکە دەبێت هەوڵدەدات کە سەرا بەجێ بێلێت و بەرەو دوا بکشێتەوە، بەڵام میرحاج چووبووە لای و نەیهێشتبوو پەلەبکات و پێی ووتبوو کە چاوەڕوان بکات تا ڕاپۆرتی عەسکەری لای کاک «بەکر»ەوە بەدەستدەگات و وەزعەکە ڕووندەبێتەوە. شایانی باسە کە ڕەشاشەکەش بۆ من نەهات.

سێ (٣) کاتژمێر دەبوو لە گەرمەی شەڕدا بووین کە فەرمانی هێرش بردنەسەر گوندی قاراوام لە دوو لاوە دا. مامەند مەسیح لای ژوورو، حەمەدەمینخان لای ژێروو بەلای سەقزدا و خۆم و ئەو چەند سەربازەی کە لام بوون بە شەستیری تفەنگ ئەو گردەی کە دوو ڕەشاشە بڕنەوە زلەکانی دووژمنی لەسەربوو، لێمان دان و سەرمان لێ شێواندن. لە نێوان ئەو گردانەی قاراواوە کە مامەندی لەسەر بوو تا گوندی قاراوا دەشتێکی ڕووت بوو بە درێژایی (٢٠٠) مەتر، ئاگری دووژمن بەسەرمان دا دەباری. یەکێک لە سەربازەکانی مامەند مەسیح بە نێوی عەبدوڵلا خۆشناوکە گەنجێکی زێدە ئازا و جەربەزە بوو و (تا قوتابخانەی نێوەندی خوێندبوو) کاروباری ئازووقەم پێسپاردبوو، هێرشی سەر گوندی قاراوای کرد. لە خزمەکانی مامەندیش (سیامەند و مەلاشەفیق) بەپەلە ئەو (٢٠٠)مەترە دەشتاییەیان بڕی و خۆیان هاویشتە نێو گوندی قاراوا و پشتیان لە دوو ڕەشاشە گەورەکانی دووژمن گرت. لەهەمان کاتدا فەرمانم دا بە (٣) کەس لەو بارزانییانەی لای من بوون لەگەڵ حوسێن هوستانیدا و هێرشی سەر هەمان دوو ڕەشاشە گەورەکەیان کرد. حەمەدەمین میرخانیش هێرشی بردە سەر ئەو گردەی باشووری قاراوا کە لە ملی نێوان هەردوو گردەکەدا بوو، ژمارەی (١٦) شازدە سەربازی دووژمن کە لەسەر ڕەشاشەکان بوون و هەڵدەهاتن، کوژران. من و ئەو سەربازەی کە لام مابۆوە خۆمان گەیاندە لای حەمەدەمین میرخان. یەک لەو سەربازە کوژراوانەی دوژمن کە لەوێدا کەوتبوون لە ڕێی ناسنامەکەیەوە زانیمان نێوی «مەحەمەد نەسغەری »یە کە ملازم ثانی بوو و دەمانچەیەکی قۆناغداری بە قەدەوە بوو.

هەر ئەو دەمە عەبدوڵلا خۆشناو و ئەو دوو بارزانییەی لەگەڵیدا بوون گەیشتنە سەر ڕەشاشەکان و دەستگیریان کردن و پاشان هێرشیان بردە سەر ئەو دوو تۆپەی کە لەوبەری چەمی ئاڵتووندا بوون، بەڵام دوژمن بەپەلە تۆپەکانی ڕزگارکرد و بەرەو چیای مەلقەرەنی هەڵات. دووای ئەوە تەلەفۆنێک، جیهازێکی لاسلکی، دوو ڕەشاشی سەرتۆپ،

١٤ گولله تۆپ، چەند بازنەیەکی تەلی تەلەفۆن و ژمارەیەک لاشەی، لێ بەجێ ما و (٦) شەش سەربازیشیان بەدیل گیران. هەر ئەو دەمەش کاک میرحاج بە خۆی و (٢٠) بیست کەسەوە گەیشتبووە لای عەبدوڵلا خۆشناو و دوو رەشاشەکەیان لێ وەرگرتبوون. لەبەرەی(جەبهەی) من و حەمەدەمین میرخانیشەوە دوژمن شکستی هێنا و هەڵاتن و ئێمەش هەر لەو دەشتە رووتەڵەیەدا بووین.

لەگەڵ بانگی ئێوارەدا ئابلوقەی گوندی ئاڵتوونی خواروومان دا، لەوێ مەخفەرێکی جەندرمە(پۆلیس)ی لێ بوو، کە گەیشتینە ئەوێ ئەوان هەڵاتبوون. مەخفەرەکە پڕی ئازووقە بوو، دوو ئەسپیشمان لەوێ دەستکەوت بوو. سەربازەکانی دوژمن بەرەو چیای مامەشە و سەقز هەڵاتبوون. (٨) سەربازیش لە چیای مامەشە بەدیل گیران. بە کورتی دەستکەوتمان لەو شەڕەدا ئەمانەی خوارەوە بوو:

٤٢ دیل، ١٦٠ تفەنگی برنەو، ١٤ گولله تۆپ، تەلەفۆنێک، جیهازێکی لاسەلکی، ٣ میل تەلی تەلەفۆن، (٤)رەشاشی برنەو دووانیان گەورە، گەنم و جۆیەکی زۆری مەخفەری ئاڵتوونی خواروو، دوو ئەسپ، بەتانی و کەلو پەلێکی زۆر، فیشەکێکی زۆر، پتر لە (١٠٠) کوژراوی دوژمن.

زیانی ئێمە لەو شەڕە سەختە و جێ ئاهەموارە دەشتاییە یە، بەو چەکە سووکەڵەی کە هەر تفەنگ بوو، نە کوژراومان بوو نە بریندار. پاش ئەوەی کە دوژمن لە گوندی قاراوا هەڵات و ژمارەیەکیان لێ کوژرا، گەر مامەند مەسیح و پەڵەکەی خەریکی کەلوپەل و دەستکەوت کۆکردنەوە نەبوونایە و وەک حەمەدەمین میرخان بەردەوام بوونایە لەسەر هێرش بردنە سەر دوژمن کە هیچ وورەیان نەمابوو، ئەوا ڕەنگەهەبوو کە هێزی دوژمن هەمووی بەدیل بگیرانایە، بەڵام مەخابن ئەوەش رەوشتێکی ناشرینی کوردەوارییە کە لە ئەنجامی سەرکەوتنی نیوە ناچڵدا دەکەوێتە تاڵانی دەستکەوتەکان، لەبری ئەوەی لە هەڵاتنی دوژمن سوود وەربگرێ و بەدوویدا بچێت و ڕێی حەسانەوەی نەدات تا جارێکی دیکە خۆ قایم بکاتەوە و هێرش بەرێتەوە و وەک لە عەسکەریدا پێی دەڵێن(استثماری فەوز). جێگەی داخە کە مامەند لە قاراوا جوولەی نەکرد.

ئێمەش ئەو شەوە لەگەڵ حەمەدەمین میرخان لە گوندی ئاڵتوونی خواروو ماینەوە. ڕۆژی دووایی سەرلەبەیانی ڕاپۆرتێکی عەسکەریم بە دوور و درێژی سەبارەت بە شەڕەکە بۆ حەمەڕەشیدخان و بەرێز وەزیری جەنگ حەمەحوسێن خان و مەلاموستەفا نارد و دیلەکانیشمان ڕەوانەی مەهاباد کرد.

ڕۆژی دواتر بەرێزان: پێشەوا، حەمەحوسێن خان، مەلاموستەفا و حەمەڕەشید خان هاتن بۆ گوندی ئاڵتوونی خواروو. پیرۆزبایی یان لە جەنگاوەرەکانی ئەو شەڕە کرد و مەلاموستەفا فەرمووی:

« کە هەواڵم بەدەست گەیشت لکی (٣)، ئەم شەڕەی کردووە، ووتم لەوانەیە دووبەشی شەهید بووبێت. ئەمەش لوتفی خوایە کە بەبێ زیان دەرچوون. هەرکەسێ ئەم جێگە ببینێ، هەرگیز ناچێتە عەقڵییەوە کە چەند سەربازێکی کورد ئەو شەڕە قورسە دژی فرۆکە و تۆپ و چەکی قورس بکات. سەد سپاس بۆ خوا».

پێشەوا فەرمووی:

« چوونکە لەسەر هەقین، لەشکری خواییمان لەگەڵە و دەمان پارێزێ». هەر ئەو ڕۆژە بەرێزان بەرەو مەهاباد گەڕانەوە. ڕۆژی دووای ئەوە بەرێز پێشەوا نامەیەکی پیرۆزبایی و (٩٠٠٠) تمەن و چوار غەداری کۆڵتی بەدیاری بۆ ناردم. بەرێز مەلاموستەفاش نامەیەکی پیرۆزبایی و تفەنگێکی برنەو و دەمانچەیەک. بەرێز سەرەک وەزیران (حاجی بابەشێخ) ئایەتێکی قورئان ( وکم فئة قەلیلە غلبت فئە کثیرە باذن اللە)کە بە ئاوی زێڕ نووسرابوو بۆی ناردم. کاک سەدیق حەیدەری دەستە بەرگێکی کوردی کە بریتی بوو لە : کولەجە و شەرواڵ و پشتێن، شەدەی سەر و کاڵە کۆیبیانەیەکی سەر بە ئاوریشم چنراوی لەگەڵ نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ ناردم.

ئەو چوار غەدارەیەی کە پێشەوا بۆی ناردبووم، یەکێکم بۆخۆم گل دایەوە، ئەوانی دیکەم دایە کاک موستەفا و کاک میرحاج و کاک جەلال. هەروەها (٩٠٠٠) تمەنەکەم بەسەر لکەکەی خۆم و ئەوانی دیکەدا، دابەش کرد.

لەماوەی (٣) ڕۆژدا هەموو نێوچەکەمان تا ڕێگەی بانە خاوێن کردەوە و کەوتە ژێر دەسەڵاتی خۆمان. لەبەر فراوانی نێوچەکە بە چاکمان زانی کە سەرلەنوێ بەرپرسیارێتی پاراستنی بەسەر هەر (٣) لکەکە (بەتالیۆن)دا، دابەش بکەینەوە.

بەتالیۆنی سەر بە من لەڕێگەی قاراوا تا سەقز بەدەستی چەپیدا بەرکەوت. بەتالیۆنی یەکی موستەفا خۆشناو لە ئاڵتوونی ژووروو تا چیای مامەشەی، بەرکەوت. بەتالیۆنی دووی میرحاجیش ڕێگەی نێوان سەقز - بانەی، بەرکەوت.

هەفتەیەک تێپەری کردبوو بەسەر ئەو سەرکەوتنەماندا. فەرمانێک لەلایەن پێشەواوە دەرچوو کە ئیدی دەبێت بەتالیۆنەکان شێوەی سەربازی وەربگرن و جل و بەرگی سەربازی لەبەرکەن و پلە(ڕوتبە)ی سەربازییان هەبێت.

ڕۆژێک نامەیەک و دەستێک جل و بەرگی سەربازیم لەلایەن بەرێز وەزیری جەنگ حەمەحوسێن خانەوە بۆ هات. نامەکەی بەم جۆرە بوو:

بۆ بەرێز پەدپەلکۆڤنیک بەکر عەبدولکەریم

دووای سلاو

لەسەر فەرمانی حەزرەتی فەرماندەی مەزن وپێشەوای بەرێز دەرەجەی پەدپەلکۆڤنیکت پێ بەخشرا لەسەر ئەو پاڵەوانێتی و فیداکارییەی کە لەشەڕی قاراوادا نواندووتانە. داوا لە خوا دەکەین هەمیشە سەرکەوتووبن و بتانپارێزێ.

ئیمزا

وەزیری جەنگ

**ئەو دەمە وتووێژ لەنێوان حکومەتی تاران و کۆماری میللیدا دەستی پێ کردبوو سەبارەت بە ڕێکەوتنێکی ئاشتیخوازانە لە نێوانیاندا، هەر لەو هەفتەیەدا محەمەد نانەوازادە بۆ هەمان وتووێژکردن چووبووە سەقز، ئاگاداریان کردین کە لە فڕۆکە کەوتووەتە خوارێ و شەهید بووە.**

ئەم دەرەجانەی خوارەوەش بە ئەفسەرو پەل و دەستەکان درا:

١ ـ مەلامستەفا مایۆر (مێجەر) ژەنەڕاڵ.
٢ ـ حەمەدئاغا مێرگەسووری پەلکۆڤنیک (عەقید)
٣ ـ عێزەت عەبدولعەزیز پەدپەلکۆڤنیک (موقەدەم)
٤ ـ موستەفا خۆشناو پەدپەلکۆڤنیک (موقەدەم)
٥ ـ میرحاج ئەحمەد پەدپەلکۆڤنیک (موقەدەم)
٦ ـ خێروڵلا عەبدولکەریم مایۆر
٧ ـ نوری ئەحمەدتەها کاپیتان
٨ ـ جەلال ئەمین کاپیتان
٩ ـ مەحەمەد سالح ژاژەڵەیی کاپیتان
١٠ ـ عەبدولڕەحمان تەیبب کاپیتان
١١ ـ حەمەدەمین میرخان کاپیتان
١٢ ـ مامەند مەسیح کاپیتان
١٣ ـ وەهاب محەمەد عەلیئاغا کاپیتان
١٤ ـ موستەفا بروزی کاپیتان
١٥ ـ ساکوکانی لەنجی کاپیتان
١٦ ـ میرزا ڕەشۆ نیستیوار
١٧ ـ حوسێن هوستانی نیستیوار
١٨ ـ حەمەدئاغا دۆڵەمەری نیستیوار
١٩ ـ سەید محەمەد عەلی ئاغا نیستیوار

لیستەی سەرپەل و دەستەکانی بەتالیۆنی (١) و (٢)، کە دەرەجەیان پێدرابوو، بۆیان نێردرابوو.

## هۆی نێوان ناخۆشی من و حەمەڕەشیدخان

حەمەڕەشیدخان کابرایەکی ناسراوبوو لە ئێراندا و خاوەن عەشیرەت بوو. جا لەسەر هەرچی هۆیەک بوویێت چەند جارێک بەگژ حکومەتی ئێراندا چووە.

کۆماری مەهاباد بەچاکی زانی سوود لە هێزو ناوی وەربگرن، بەتایبەتی کە لەنێو عەشیرەتە کوردەکانی ئێراندا بە ناو و دەنگ بوو. وەک لەدواییدا دەرکەوت کە دەسەلاتدارانی کۆماری مەهاباد زۆر متمانەیان بە حەمەڕەشیدخان نەبوو، چونکە شارەزای ڕەوشتی بوون و ئاگایان لەڕۆژانی ڕابوردووی هەبوو کە چ مرۆڤێکە و لەوەش باش گەیشتبوون کە هەستی نیشتمانپەروەریەتیشی نەبووە پاڵی بە حەمەڕەشیدخانەوە نابێت خۆی لە کۆماری مەهاباد نیزیک بکاتەوە. لەبەر ئەوە زێتر مەبەستی کۆماریش تاقیکردنەوەی ئێوبراو بوو.

کۆماری مەهاباد هەر (٣) بەتالیۆنی بارزانییەکانی خستە ژێر فەرمانی حەمەڕەشیدخان، بەلام لە ڕاستیدا ئەو شیاوی ئەوە نەبوو کە هێزێکی سەربازیی ڕێکوپێکی بەو چەشنەی بخرێتە بەردەست و سەرپەرشتی بکات و بەگژ حکومەتی ئێراندا بچێت، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو کابرایە فەرماندەی جەبهەی سەقز بوو. زێتر خەریکی پارە و پوڵ پەیداکردن بوو، بیانووی بە دانیشتوانی ئێوچەکە دەگرت و تاوانباری دەکردن تا زەوی و زار و داراییان داگیربکات. هەر بەو چەشنەش حەمەدئاغای عەباسی کە چەند مانگێک مەسرەفی خانوو وخواردەمەنی و چەکدارەکانی دەکرد دەری پەڕاند بۆ سەقز و بە نرخی یەک ملیۆن تمەن توتن و دەغڵ و دانەوێڵەی ئێوبراوی بۆخۆی فرۆشت و هیچیشی نەدابووە کۆماری مەهاباد. جگە لەوە ٣٠ ـ ٤٠ کەسی لەو گوندانە خڕکردەوە و تووتنی پێ دەچاندن. تەنانەت هێزی بارزانییەکان کە لەژێر فەرماندەیی ئەودابوون وەزعیان پەرێشانبوو، هیچیان نەبوو، مەسروفاتیان نەدەکرا. لەمەش بترازێ حەمەدئاغا هەندێک گەنم و جۆ و کرێی ئاشی لە گوندی سەرچاوە مابوو، حەمەڕەشیدخان پیاوەکانی خۆی نارد کە دەست بەسەر ئەوانەشدا بگرن. پاش ئەم هەڵوێستە ناکوردانەیە، کوێخای سەرچاوە ئاگاداری کردم کە حەمەڕەشیدخان داوای ئەو شتانەشی لێدەکات. ئەو هەڵسوکەوتانە وایان لێکردم کە فەرمان بە خەڵکی گوندەکە بدەم زێتر کەس نەچێتە بێگاری حەمەڕەشیدخان و گەر داوای بەردێکیش بکات کەس نەیداتێ، لیستەیەکیشمان بۆ ئەو دەغڵ و دانەوێڵەی حەمەدئاغا دروست کرد کە لەوێ مابۆوە و سەرەتا دەستەبەری (تأمینی) خێزانەکەی حەمەدئاغامان لە دانەوێڵە کرد و ئەویشی کە مایەوە پاش ئاگادارکردنی مەهاباد بەسەر هەرسێ بەتالیۆنی بارزانییەکاندا، دابەشمان کرد. بەم جۆرە تا ماوەیەک پێویستیمان بەهیچ ئازووقەیەک نەما کە لەمەهابادەوە بۆ هێزەکانمان بێت.

هەر لەو دەمەدا مەلامستەفا بۆ دیدەنی بارزانییەکان هاتبووە لامان و بەرگی ژەنەڕاڵیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو، بەلام لەبەری نەکردبوو. هەوڵمان لەگەڵیدا کە لەبەری بکات و ئەویش دڵی

⬅

ئەشکاندین و گەلێک خۆشحاڵ بووین کە بەو بەرگەوە دیتمان و پیرۆزبایی یەکی زۆرمان لێکرد. ڕۆژی دوواتر مەلامستەفا بەرەو بۆکان گەڕایەوە.

پاش ئەوەی کە ئەمهێشت حەمەڕەشیدخان دەست بە سەر دەغڵ و دانی گوندی سەرچاوەدا بگرێ، گەلێک پەست و دڵگیر بوو لێم و هاتوو چۆی نێوانمان بڕا و کەوتە پیلان گێڕان دژ بە من.

کاتێک کە بنکەکەی خۆم گواستەوە بۆ گوندی قاراوا، ئاگاداریان کردم کە حەمەڕەشیدخان خەریکی هەڵخەڵەتاندنی چەند کەسێک بووە و لەگەڵ هەر کەسەش وارێک کەوتبوو کە (٥) تفەنگی بڕنەو و (٥) دەمانچە و پەنجا هەزار تمەنیان بداتێ بۆ کوشتنی من. بەڵام خۆشبەختانە ئەو کارەی بۆ ئەنجام نەدرا، چونکە هێزەکەی من بارزانی بوون و پاسەوانەکانیشم هەر لەوان بوو، لەبەر ئەوە بارزانییەکان ئەو تاوان و خۆفرۆشی یە ناکەن. ئەو کەسانەش کە بارزانی نەبوون، ئەیان دەتوانی لەئێمە نیزیک ببنەوە و زەرەرمان پێ بەرن. لەبەر ئەوە خان بەو ئاواتە نەگەیشت.

## شەڕی مامەشەی یەکەم

ڕۆژێک لەناکاو دوژمن هێرشی بردە سەر گردی مامەشە، لەوێ چەند سەربازێکی بەتالیۆنی (٢)ی موستەفا خۆشناوی لێبوو، ئازایانەو جەربەزانە توانییان پشت لەو هێزە بگرن و دووای شەڕێکی شێرانە دووژمنیان شکاند کە چەند لاشەیەکی کوژراویان لێ بەجێما و چەند کەسێکیشیان لێ بەدیل گیرا. فەرماندەی هێزەکەشیان کە سەروان خوسرەوی بوو کوژرا و نیدی دوژمن بە سەرشۆڕی بەرەو سەقز گەڕایەوە.

دووای ئەوە بە (٣)ڕۆژێک چوومە خزمەت پێشەوا لە مەهاباد. سەرهەنگ فیروزی کە سەرکردەی لەشکری (٤) بوو ( ئەوە بە لەشکری کوردستان ئێودەبرا) و فەرماندەی ئەم لەشکرەش کە هومایونی بوو هاتە مەهاباد بۆ داواکردنەوەی دیلەکانیان.

ئەو دەمە وتوویژ لەنێوان حکومەتی تاران و کۆماری میللیدا دەستی پێ کردبوو سەبارەت بە ڕێکەوتنێکی ئاشتیخوازانە لە نێوانیاندا. هەر لەو هەفتەیەدا محەمەد ئانەوازادە بۆ هەمان وتوویژکردن چووبووە سەقز، ئاگاداریان کردین کە لە فڕۆکە کەوتووەتە خوارێ و شەهید بووە.

بەڵام وا ڕێککەوت کە ئەو ڕۆژە من لە سەردانی سەربازەکانم بووم لە قاراوا ـ ئاڵتوون، دیتم کە فڕۆکەیەک لە سەقز بەرەو ڕێگەی سەقز ـ بانە هەستا و هێشتا لێم ئاوا نەببوو کە دیتم لە فڕۆکەخانەی سەقز نیشتەوە. جا هەواڵەکەیان وا داینێ کە ئەو فڕۆکەیەی ئەوی تێدابووە سووتاوە و کەوتووەتە خوارێ. بەڵام لەڕاستیدا ئەمە پیلانی حکومەتی ئێران بوو، خۆ ئەگە نا جگە لەو فڕۆکەیەی کە ئێمە دیتمان هیچ فڕۆکەیەکی دیکە لە ئاسماندا نەبوو یاخود لەسەقز بەرز نەبووەتەوە.

ناچار دوای ئەو هەواڵە بروسکەیەکم بۆ حەزرەتی پێشەوا نارد کە لەڕۆژنامەی کوردستانیشدا بڵاو کرایەوە. لە سەرەخۆشی کردنەکەدا گومانی خۆم بەرامبەر بەوکارە دڵتەزێنە پێشان داوە. ئەوەشم خستەوە خزمەت پێشەوا کە ئانەوازادە دوژمن شەهیدی کردووە و کەوتنە خوارەوەی لە فڕۆکەدا بەڕاست نازانم. داواشم لێ کردبوو کە ڕێگەم بدات تا تۆڵەی بستێنمەوە.

پاش تێپەڕ بوونی ئەو شەڕەی سەرمامەشە بە (١٠) ڕۆژ مەلامستەفا لەسەرچاوە پەیدابوو، کاک عیززەت و کاک جەلال ئەمینی لەگەڵدا بوون، مەلامستەفافەرمووی: « ئامادەبن بچن بۆ گوندی ئەموتە (دەکەوێتە سەر ڕێی نێوان بانە ـ سەقز)کە حەمەڕەشیدخان نیشتە لەوێ یە. ماوەی سێ مانگ دەبێت کە هێزێکی گەورەی شکاک و حەمەڕەشیدخان دەورەی بنکەیەکی دووژمنیان داوە (ئەو بنکەیە بەسەر دێی کۆنەئەموتەوە دەنوارێ) و تائێستە نەیانتوانیوە ئەو پۆڕگەیە لەوێ خاوێن بکەنەوە. جاوا فەرمانی حەزرەتی پێشەوام لەگەڵ خۆدا هێناوە کە بەتالیۆنێکی بارزانی لە بری ئەوان بەو کارە هەستێت. منیش ئێوەم بۆ بەجێ هێنانی ئەو کارە هەڵبژاردووە و سەرەتاش پێویستە ئەو ئێوچەیە بپشکنێن، هەروەها بەلای بەتالیۆنی(١) و (٢) شدا دەڕۆین چاوێک بەوەزعی ئەوانیشدا دەخشێنین گەر کەموکوڕیەکیان سەبارەت بە دامەزران و خۆ ئامادەکردن هەبێت ئەوا یارمەتیان دەدەین».

لەسەر چاوەوە ڕۆیشتین بۆ ئاڵتوونی خواروو، لەوێشەوە بەرێگەی گردی مامەشەدا سەرکەوتین. لەناو دۆڵێکدا کە لەسەرەوە بەرەو خوار بۆلای ئاڵتوونی خواروو دەکشا تووشی کاک وەهاب حەمەد عەلی ئاغاو پەلەکەی هاتین. لەنێوان ئەمان و ئەو پەلەی کە بە سەر گردی مامەشەوە بوو بۆشایی و داپچڕانێکی زۆر هەبوو. بە درێژایی دۆڵەکەش هیچ جێگەیەکی دیکەیان لێ دیار نەبوو. ڕەشاشێکی ڤیکەرسیان بەرامبەرڕێگەی ئاڵتوون دانابوو. ئێمەش جێگەی ڤیکەرسەکەمان لاپەسەند نەبوو، لەبەر ئەوە گواستمانەوە بۆ بەرزایییەک کە بە پشتی ئەو جێگەیەوە بوو و لەگەڵ سەرتەپی مامەشەش یەکدیبیان لێ دیار بوو پاشان چووینە سەر تەپی مامەشە، کە ئەمەش گردێکی ڕووتەڵەی بەرداوی بوو. لێرەوە شاری سەقز، گوندی ئاڵتوونی خواروو و دەور و بەرەکەی لێ دیاربوو، لە خواریشەوە بە ڕووکاری سەقز تا سەرەوە، ئەوبەر هەرنجە هەمووی لە بەرچاوبوو. بۆ دامەزراندنی بنکەی خۆپاراستن گەلێک ڕێکوپێک بوو بە مەرجێک سەنگەری قایم و باشی لێ سازبکرایە. تەماشامان کرد کە (١٢) بارزانی بە ڕووکاری لوتکەی گردەکە هەندێک بەردیان لە ٢ـ٣ جێگەی نیزیک بەیەکدی کردووەتە لادیوار و کەمێکیش خۆڵیان بەسەردا کردوە. بە ئاشکرا دیاربوو کە ببوە نیشانەی زۆر باشی تۆپ لە سەقزەوە. لەبەر ئەوە پێمان ووتن کە ئێوە شەڕ لەگەڵ دووژمنێکدا دەکەن کە خاوەنی فڕۆکە و تۆپە دەبێت ←

**□ فەرمانەکەی پێشەوا، سەرەتا بە گلەیی لە حەمەڕەشید خان دەستی پێکردبوو پاشان فەرمووبووی کە ، ١٨٠٠ شکاک جگە لە هێزی بانەیی لەگەڵتان دایە و ئەوا بۆ چەند مانگێگ دەچێت نەتانتوانیوە زیانێک بە بنکەی دوژمن بگەێنن،...،**

سەنگەر لەزەوی هەڵکەنن و قوولی بکەن تا گوللەی تۆپ نەتان گرێتەوە و سەریان لێ بشێوێن و بە پووش وپەڵاش دایپۆشن هەروەها لەلاشانی گردەکەش دەبێت سەنگەرتان هەبێ و جگە لە بۆشاییەک کەلوولەی تفەنگی لێ بچێتە دەرەوە و بەرچاوی خۆتانی تێدا ببینن نابێت چیتر بەدەرەوە بێت. لەمەش بترازێ بۆشاییەکی زۆر لە نێوان ئێوە وکاک میرحاج دا هەیە و ئێوەش ژمارەی سەربازەکانتان کەمە و دەبێت بە چەند کەسێک ئەو بۆشایی یەی نێوانتان پڕکرێتەوە، خۆنەگەنا دوژمن دەتوانێت لەوێوە ئابلۆقەتان بدات و ئێوەش بەفریای یەکدی ناکەون، جگە لەوە دەبێت لەپشت گردەکەش سەربازی (إحتیاط) دابنرێت و بەهیچ جۆرێک چۆڵ نەکرێت.

ئەوانمان جێ هێشت و چووینە لای کاک میرحاج لەسەر چەقی ڕێگەی سەقز - بانە. لەو دەشتە بۆشاییەدا ٢ - ٣ سەنگەری لێدابوو. ئاگاداری ئەوانیشمان کرد کە (٢٠٠) دووسەد مەترێک لە ڕێگەکە دوورکەونەوە و چەند تەپۆلکەیەک کە لە پشتیانەوە بوو سوودی لێ وەربگرن و سەنگەری قایمی لێ هەڵکەنن.

لەوێوە بەرەو تەموتە ڕۆیشتین. لە ڕێگە تووشی ئەمەرخانی شکاک هاتین کە (١٠٠) سەد سواری لەگەڵدابوو، حەمەڕەشید خان لە تەموتە دەری کردبوو، هەر کە ئێمەی بینی لەگەڵمان گەڕایەوە. ڕۆژ دەرەنگی بەسەرداهاتو گەیشتینە تەموتە. حەمەڕەشید خان لەناو گوند بوو.

دووکیلۆمەترێک دوور لە تەموتەوە، لە بەرزایی چەند گردێک بنکەی دوژمنی لێبوو. دۆڵێک لە بنکەکەوە بەرەوخوار بەلای (تەموتە کۆندا) کە کەلاوەی تەموتە بوو بەرەو جێگەی تەموتەی نوێ دادەکشا، کەلاوەکان نیزیکی (٥٠٠) مەترێک لە بنکەکەوە دوور بوون. لە دوولای بنکە سەربازییەکەوە قولله(بورج)ی لێ دروست کرابوو، لەهەر لای دوو قوللەکە، کانیاوێک بە سەروی تەموتە کۆنەوە بوو. ئەو بنکەیەش تەنێ هەر ئەو ئاوەی هەبوو کە پێویستی خۆیانی لە خواردنەوە و چێشت لێنان پێ جێ بەجێ بکەن.

لەڕاستیدا جێگەی بنکەکە گەلێک ستراتیژی بوو، بەهەر چوارلای خۆیدا زاڵ بوو، مەودای دیتنی هەبوو، گوندی تەموتە لەژێر لوولەی چەکی ئەو بنکەیەدا بوو، تفەنگی برنەویش لەوێوە دەگەیشتە نێو گوندی تەموتە، کەچی حەمەڕەشید خان لەوێ دانیشتبوو. دیاربوو گەلێک لە دوژمن دڵنیابوو.

لەگەڵ مەلامستەفا و حەمەڕەشیدخان دا لەیەکێک لە ژوورەکانی نهۆمی سەرەوەی جێگەی دانیشتنی خان، دانیشتبووین؛ پەنجەرەیەکی گەورەی مینا کە کەوتبووە بەرامبەر قوللەکانی دوژمن تروسکەی دەدایەوە. بەر لەوەی کە مەلامستەفا فەرمانەکەی حەزرەتی پێشەوا بە حەمەڕەشید خان ڕابگەێنێ، پێم ووت کە دانیشتن لەم جێگەیە و لەم خانووە گەلێک ترسناکە و مەودای نێوان ئێرە و قوللەکە زۆر کەمە و گوللەی دوژمن دەیگرێتەوە. بەڵام حەمەڕەشید خان ئەمەی منی زۆر پێ ناخۆش بوو لە وەڵامدا ووتی: «هەرگیز گوللەی دوژمن ناگاتە ئێرە و ئێمە زۆر لە بنکەکەیانەوە دوورین و لەبەر چاوی تۆ وا هێندە نیزیک دیارە، خۆ ئەگەنا چەند کاتە لێرەین و دوژمنیش هیچی پێ نەکراوە».

پێم ووت: بێگومان ڕاستە کە نەیان ویستووە گوللە بارانتان بکەن ... مەلامستەفا نەیویست پتر لەو بارەوە بدوێین، فەرمووی بابزانین و فەرمانەکەی پێشەوای دایە دەست حەمەڕەشید خان.

فەرمانەکەی پێشەوا، سەرەتا بە گلەیی لە حەمەڕەشید خان دەستی پێکردبوو پاشان فەرمووبووی کە « ١٨٠٠ شکاک جگە لە هێزی بانەیی لەگەڵتان دایە و ئەوا بۆ چەند مانگێک دەچێت نەتانتوانیوە زیانێک بە بنکەی دوژمن بگەێنن، بەلایەنی کەمەوە دەبا دەورتان ئابلۆقە بدابایە و هەر لە دوورەوە ڕێگەتان نەدابا کە چەک و خواردەمەنییان بۆ بڕوات، وەک بیستومانە مەڕ ومالات و ئازووقەیان بە ئاسانی بۆ چووە و ڕێی لێ نەگیراوە ....».

پاش خوێندنەوەی فەرمانەکە، مەلامستەفا فەرمووی: « وا کاک بەکرم هێناوە کە هێزەکەی بهێنێت بۆ لابردنی ئەو پێگەیەی دوژمن». حەمەڕەشید خان کە ئەمەی بیست ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و تەماشەیەکی منی کردو ووتی: « بانەییش لە بارزانییەکان ئازەشید ترنین، هەموو ئازاو چالاکن. خۆشم بۆ ئەم کارە هاتوومە ئێرە و پەیمانتان دەدەمێ کە ئەو بنکەیەی دوژمن بگرم و پێویست ناکات کە بارزانییەکان بەو ئەرکە هەستن». مەلامستەفا فەرمووی: «هەموومان سەربازی کوردستانین و هیچ جیاوازیەک لە نێوانماندا نییە. هەرکەس لەتوانایدا بێت کارێک بۆ بەرژەوەندی کوردستان ئەنجامبدات ئێمە سوپاسی دەکەین. ئێستەش مادام جەنابت دەتەوێ ئەم کارە بەجێ بێنی، زۆر پیرۆزە و چی ترمان گەرەک نی یە، بەڵام با هەرسێکمان پلانێک بۆ گرتنی ئەم بنکەیە دابنێین، ئەوجا ڕووی لەمن کردوو فەرمووی بابزانین

بیـر ورای تۆ سـەبارەت بەم مـەسـەلەیە چۆنە»؟، لە وەلامـدا ووتم: هەروەک بەرێزتان دەبینن کە ئەو بنکەیەی دوژمن گەلێک زاڵە بەسەر دەورووبەرەکـەی خـۆیدا. تا مـەودایەکی زۆر هەمـوو دەشـتـایی یە و قوللەکانی لەگۆشەکانی دروست کراوە کە بە تۆپ نەبێت چارەی ناکرێ و ئێمەش تۆپمان نی یە، بۆ ئابلۆقەدانیشی دەبێ لە دوورەوە بێت کە چەکی دوژمن ئەمان گاتێ. جگە لەوە تا چەند هەفتەیەکیش رێگە نەدرێت کە خـۆراک و پێویستی یان بۆ بچێت. هێرش‌بردنە سەر بنکەکـەش، من پێم وایە کـە دەبێت هەر لەیەک لاوەبێت کـە ئەویش رێگەی کەلاوەکانی تەمـوتە سـووتاوە، بەکورتی بیر و رای من بەم چەشنەیە:

١ ـ لە کـەلاوەکـانی تەمـوتە سـووتاوەوە هەندێک سەرباز دابەزرێنین، هەندێکیش بەدۆڵەکـەدا هەڵکشـێن و بە شـەو خـۆ لە کانیاوەکەی ئەو نێوچەیە نیزیک بکەنەوە.

٢ ـ لەهەمان شەودا سەربازەکان خۆیان قایم بکەن، خۆ ئەگەر حەشارگە هەبووخۆیانی تێدا دابەزرێن، ئەگەنا بەپەلە چەند سەنگەرێک هەڵکەنن کە هەر یەکەی جێگەی یەک دوو سەربازی تێدا بێتەوە.

٣ ـ هەریەک لە سەربازەکان نانی سێ رۆژی خۆی پێ بێت.

٤ ـ ئەم سەربازانەو ئەوانی دیکەش کـە لە پشـتـیـانەوەن لە (تەمـوتە سـووتاو) بەهیچ جـۆرێک رێ بە دوژمن نەدەن بگەنە سەر ئاوەکە و سوودی لێ وەربگرن.

٥ ـ ئەم شەڕەی ئێمە لەگەڵ لەشکری نیزامی میری دایە. لەوانەیە دوژمن هێرشی سەر ئاوەکە بەرن و زیانێکی زۆر بەدەستەوە بدەن لە پێناویدا، لەبەر ئەوە پێویستە کە سەربازەکانی ئێمە لەوشەڕکەرانە بن کە لە باقوبریقی ئیزەی سەرتفەنگی دوژمن نەلەرزن و گەلێک بە وردو خۆراگر بن.

٦ ـ لەهەر سێ لاوە هێزەکانی ئێمە لەدوورەوە خۆ پێشانی دوژمن بدەن تا دوژمن هەستبکات کە لە هەمـوو لایەکەوە هێرشی دەکرێتە سەر. بەم چەشنە سەرنجی دوژمن بۆ گشت لاکان رادەکێشرێ نەک بەتەنێ بەو لایەی ئێمەدا (تەموتە سوتاو) کە هێرشی راستەقینەی لێ دەکرێت.

٧ ـ دەبێت بیریش لەوە بکەینەوە کەرەنگ بێت دوژمن بۆ پاڵپشتی و یارمەتیدانی ئەو بنکەیە هێزێکیان لە بانە یاخود لە سەقزەوە بەفریا بخات. لە رێگەی سەقز بەتالیۆنی (٢) ی بارزانی لێ یە، بەلام لە رێگەی بانە کەسی لێ نییـە و دەبێت ژمارەیەک سەربازمان بۆ ئەو رێگەیە تەرخان بکرێت.

ئەوی پێـوەندی بە بیـرو رای منەوە بوو بەو چەشنە خـسـتـمـە بەردەستیان و داواشم لێ کردن گەر ئەوانیش بیروڕاو پلانێکی دیکەیان هەیە تا بفـەرمـوون پێشکێشی کـەن. لەکۆتاییدا بەباشیـان زانی بەگوێرەی ئەو پلانەی من دامنابوو هەڵوێست بنوێنن.

بڕیار درا کە حەمـەڕەشید خان هێرش بەرێتە سەر ئەو بنکەیەی دوژمن، مەلامستەفا فەرمووی: «ئەمشـەو ئێمە لێرەین، فەرموو جەنابی خان بنێرە بەشوێن چەکدارەکانتـا و بچنە ئەو جێگەیەی کە بەپێی ئەم پلانە دیاری کـراوە، بەتایبـەتی خـۆ نیـزیک کـردنەوە لەو کـانیـاوەی بنکەی دوژمن گـەلێک گرنگە و دەبێت ئەم کـارە ئەمـشـەو ئەنجـام بدرێت تا دوژمن فـریا نەکـەوتووە و بیـری لە قـایم‌کـردنی ئەو رێگەیە نەکردۆتەوە، دووریش نی یە کە دوژمن لەهاتنی ئێمـە بۆ ئێرە ئاگادار بکرێ و مەبەستی ئەم هاتنەشمان تێ بگات».

حەمەڕەشیدخان ئێمەی جێ هێشت و چووە ناو هێزەکەی. ئێوارە گەڕایەوە لامان و ئاگاداری کردین کە هەمـوو شـتێکی سازکردووە و چەکدارەکانیشی ئامادەکردووە کە هەر ئەوشەو بگەنە لای کانیاوەکە، لەوەشی ئاگادارکردین کە ژمارەیەک سەربازیشی ناردووەتە زورگەکانی باکوری بنکەی دوژمن بۆ سەر رێگەی بانە ـ تەموتە.

ئەو شـەوەمـان تەواوکـرد و نەکـرد، لەبەری بەیانیـدا تەقـە دەستی پێکرد. دوژمن گـوللەبارانێکی وا خـەستی کردین کە بەپەلە و شـڵـەژاوی یەوە لەگـوند چووینە دەرەوە. بەتەواوی لە تەمـوتە دوورکەوتبوینەوە کەچی دیسان گوللەی دوژمن هەراسانی کردبووین. هەر لەوکاتەدا بەدەنگی بەرز هاوارم‌کرد: جەنابی خان گوللەی دوژمن دەمان گاتێ یان نا؟ ... وەڵامی دامەوە و ووتی: ئێستە کاتی ئەوە نیە، دەبینێ ئێمـە لە چ وەزعێک داین؟ ... خان بە شڵەژاوی یەوە لەئێمە ونبوو هەرنەشمان زانی بەرەو کوێ چوو.

لەگـەڵ هەڵاتنی رۆژدا فـڕۆکـەیەکی دوژمن گـەیشـتـە سـەرمـان و ئاگـربارانی کـردین. لەو دەشـتـو دەرە بڵاوبوینەوە، شـەش ولاخی سواریشـمـان بەرەو ڕووکاری دوژمن هەڵاتن کە یەک لەوانە هی کاک عـێزەت عـەزیز بوو، جانتـایەک لە خاولی و شتـوومـەکی تەراش و کەلوپەلی لەسەربوو.

دووایی بۆمان دەرکەوت کە جەماعەتی خان ئەو شەوە لە تەموتە سووتاو بەولاوە نەڕۆیشتـوون، بەڵکو هەر کە تەقە دەستی پێکردووە، ئیـدی بەرەو دووا کشـاونەتەوە و (٧) شـەهیـدیان داوە لەگـەڵ چەند بریندارێک. ئێمەش بە پچڕ پچڕی لەنێوچەی شەڕەکە دوورکەوتینەوە و بۆ ئێـوارێ گـەیشـتـینە گـوندی «ئاخ‌کـەند». دیاربوو کـە ئەم گـوندە ئاگـاداری ئەو شکسـتی یەی تەمـوتە بوون. لێـرەش جگە لە ئاغـا و کوێخای گوندەکە کـەسی تێدا نەمابوو. هەرچۆنێک بوو ئەو شـەوەمان لەوێ بەسـەربرد، بۆ بەیانی یەکـەی مـەلامـوسـتـەفا گـەڕایەوە بۆکان و لەوێوە بۆ مەهاباد، منیش بۆ بەتالیۆنەکەی خۆم لە سەرچاوە. ■

پاشماوە لە ژمارەی داهاتوو

# هەڵپەرکەیەکی چۆن؟

حەسەنی قازی

هەڵپەرکە، یەک لە هەرە بابەتەجوانەکانی فۆلکلۆر و فەرهەنگی کوردییە. وەک هەموو تەقلیدێکی کەوناران ئاڵوگۆڕی بە سەر دا دێ، شێوەی تازەی لێ پەیدا دەبێ و هێندێک شێوەشی کوێر دەبێتەوە و لە بیر دەچێتەوە. بەڵام هێندێک ڕێوشوێنی ئەم نەزمە ئەگەر ڕەچاو نەکرێ و بشێوێ لە جوانی وی و ئەو هەستە ئاورووژاوەی بەکۆمەڵی کە شادی تێکڕایی لە گەڵ خۆیدا دەیهێنێ، کەم دەکاتەوە.

دیارە لە کوردستان لە هەر ناوچەیەی ، شێوەی هەڵپەڕکەی جوێ و لە وانەیە ڕێوشـوێنی جـوێش هەبێ، لەم نووسـراوەیەدا هێندێک ڕێوشـوێنی هەڵپـەڕکێ لە مـەهاباد و دەوروبەری دەهێنمـە گـۆڕێ کـە تەجرەبەی تافی منداڵیمە و لە وانەیە وەک زۆر شت ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتبێ.

هیوادارم کچان و لاوانی لە دوور وڵات و ئەو پیرانەش کە هێشتا بە دڵ گەنجن لە کاتی شایی و هەڵپەرکەدا ئەگەر بە دڵیان بوو ئەو ڕێوشوێنانە ڕەچاو کەن و خوێنەرەوانیش لە دەستیان بێ ڕێوشوێنی هەڵپەرکە لە ناوچەکانی دیکە ڕاگوێزنە سەر کاغەز بۆ ئەوەی گشت لایەک کەڵکی لێوەربگرن.

سەرچۆپی و سەرچۆپی کێش: باو وابوو لە کـۆڕی شـایی و هەڵپەڕکێ دا ئەوانەی بەم بەزم و ئەزمەیان دەزانی و لە خۆیان ڕادەدی گەڕی داوەت ڕێک خەن سـەرچۆپی بگرن. زۆرجـار هەڵدەکـەوت لە شاییەکەدا کەسی ئەوتۆ زۆر بێ ، جا بۆیە نێوە نێوە وەک ئەوەی قەراری پێشوو داندرابێ دەستی سەرچۆپی و سەرچۆپی کێش دەگۆڕا، بە بێ ئەوەی تێکەولێکەیی ساز بێ. یەک لە خەسڵەتە هەرە گرینگەکانی سەرچۆپی کێش بوونی هەستێکی قووڵ بەرامبەر بە ڕیتمی هەڵپەڕکێ بوو، چ بە شێوەی جوڵاندنەوەی پێ و شان هەڵتەکاندن و چ بە گوڕە، س س س س س و دەنگ هەڵبڕین هەوڵی ڕێک پێدان و هاوڕیزکردنی گەڕی شایی دەدا. لە شایی دا سەرچۆپی کێش وەک ڕێبەری ئۆرکێستر وایە خراپ بجووڵێتەوە شایی کاران تێک داوێن. ئەو دەمی ڕەسم وابوو هەر بەشداری نێرینە (پیاو، کوڕ) سەرچۆپی بگرێ.

**کێ دەچێ لە دەستی کێوە و چۆن و بە کوێ دا؟**

ئەگەر ژن لە کۆمەڵگەی بابەزنی کوردستان دا لە زۆر بارانەوە بێ دەست بووە، لەو بابەتەی تەقلیـدمـاندا، بێ ئەمـلا و ئەولا خـۆی باڵا دەستە ، چونکوو **حەقی هەڵبژاردنی** هەیە، ئەوە کە بڕیار دەدا بچێتە دەسـتی کـام کـوڕ یان پیـاوەوە. زۆرجـار تاکـە جـێگەی بە یەکـەوە ئاسیاوبوونی کوڕ و کچان ، گەڕی داوەت و بە یەکەوە هەڵپەڕین بوو، بۆیە لە شایی دا ئەو کوڕ و کچانەی بە تەمای هاوسەرگرتن بان، لە ڕێی سەرەژن و کەیخودایانەوە هەوڵیان بۆ دەدرا بکەونە دەستی یەکترەوە. ئەگەر کچ ویستبای بچێتە دەسـتی کوڕێکەوە لە پشتەوەی گەڕی شاییـەوە دڕی بە شـانی دەدا و دەهاتە ناو بازنەی چۆپییـەوە. ئەگەر کوڕێک لە پشتەوەی گەڕی شاییـەوە هاتبا نێوێ بە عەیبە دادەندرا و ئەگەریش ویستبای **دۆ** لە دەسـتی کـوڕێکی دی، بە بێ ڕەزایەت دەربهێنێ باسی سەر و ماڵ بوو و جارجار کێشەی لێ ساز دەبوو.

لێرەدا ئاوەڵناوی دۆ بۆ کچ دەبێ هێندێک زیادتر شی بکرێتەوە. وەک دەزانین دۆ لە کوردەواری دا خواردنەوەیەکی مەقبووڵ و بە لەزەتە، زۆرجار لە گەرمای هاوین دا پاڵە و کرێکار تینوایەتییان بە دۆ دەبێ ئاشکێ، جا لە گەڕی شاییدا شۆخە کچی کورد تام و بۆیەکی تایبەتی دەدا بە شـادی تێکڕایی و دوور نیـیە لە بەر ئەو دەورەی تینوایەتی شکاندنە ئەم ئاوەڵناوە بۆ بەشداری مێیینەی هەڵپەڕکێ وەخۆ کرابێ.

کوڕ کە دۆی دەهات لە دەستیەوە نەدەبوو تا ئەو کاتەی کە دۆیەکە دەستی بەر نەداوە گەڕی داوەت بە جێ بهێڵێ. ئەوەش نیشانەی ڕێز و حورمەت لە ئاواڵ هەڵپەڕکێ بوو. بە کورتی دەبوو کچ لە پشتەوەی گـەڕی داوەت و کـوڕ لە پێشـەوە بێتـە ناوەوە و دەست بەردانی دۆ نیشانەی ئاگاتەبوون لە ڕێوشوێن بوو.

لە لای سەرەوە یان بەرەوەی گەڕی شایی ، دەست گرتن نیشانەی ئیمتیاز نەبوو. زۆر جار ئەو دەورەی گاوانی لە ڕێک پێدانی گەڕدا هەیەتی لە نی سەرچۆپی کێش کەمتر نییە، چونکوو گاوانی دەبێ بەهێزوتاوی خۆی نەهێڵێ لای بەرەوە بە جێ بمێنێ یان گەڕی داوەت بشێوێ. ئەوانەی دەهاتنە نێو گەڕ خۆیان ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی جووڵانەوەی پێیان لە گەڵ ڕیتمی هەڵپەڕکێکە جوور بهێننەوە، بەم کارەش ئەزمی گشتی هەڵپەڕکێ ڕێزی لێ دەنرا.

ئێستا لە دەرەوەی وڵات لە ڕێوڕەسم و شایی بووک گوێستنەوەدا زۆر جار ناوچەگەری و خۆیینی بە دی دەکرێ ، حەق وایە گشت لایەک ڕێزی خەسـڵەتی تێکڕایی و هەرەوەزی هەڵپـەڕکێ بگرن و ئەو سـەر زیندوویـیە وەک بەشی هەمـوان دابنێین. هیـوادارم ئەو چەند خاڵەی سەرەوە بە کەڵک بن و ئەو تەقلیدە جوانەمان زیادتر ڕوون بکرێتەوە. هەر لە چۆپی و شایی دا بن. ■

دیسامبری ـ ١٩٩٣

کولتور

(٢)

# زنجیرە باسێک لە بارەی کولتوری سوئێدی

● ئەنداز حەوێزی●

## منایەتی و تەنیایی لە کۆمەڵگای سوئێدی دا

گومانی تێدا نیە کە گۆڕانکاری ئابووری و ئایدیۆلۆجی و ڕامیاری، کاری کردۆتە سەر کولتوری میللەتان و گۆڕانی بەسەردا هێناون بەبێ بەستنەوەی ئەم گۆڕانە بە کات. مەبەست ئەوەیە کە مەرج نیە گشت دیاردەیەکی کولتوری پێوەندی بە ڕووداوێکی مێژوویی دوورەوە هەبێت، لە هەمان کاتیشدا مەرج نیە کە گشت دیاردەیەکی کولتوری لە ڕووداوێکی مێژوویی نیزیکەوە یان لە خودی سەردەمەکەوە هەڵی دابێت و پەیدا بووبێت. بە کورتی، دەشێ نەریتێکی باوی ئەمڕۆ، ڕەگێکی چەندهەزار ساڵەی هەبێ لە مێژوودا. بۆ نموونە، مەڕو ماڵات سەر بڕین لە بەر پێیان دا، یان لە جەژنی قوربان دا کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە چوار تا پێنج هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆ. سەر بڕینی ئاژەڵ و خوێن ڕژێشتنی واتە قوربانی، یەکێک لە کۆنترین و دێرینترین ئەرکە دینی یەکانە کە مرۆڤ ئەنجامی داوە. کە «ئاڤێستا»ی زەردەشت دەخوێنیەوە دەبینی، زەردەشت بە توندی بەگژ ئەوکارەدا چوە و بە گوناحی داناوە، بەلام لە گەڵ ئەوەشدا ئەو دابە لە ناو خەڵک دا مایەوە و هاتە ناو دینەکانی پاش زەردەشتیش و تا ئەمڕۆش بە کارێکی پیرۆز و ئەرکێکی دینی دادەندرێت. لە هەمان کاتیشدا دەبینین کە پەیدا بوون و بلاوبوونەوە و ئاسان کڕینی دەرمانی دژ بە سک پڕی، پێک گەیشتنی ژن و پیاوی لە چوارچێوەی پەیمانی ژن ومێردایەتی دەرهێنا (ئەم باسە لە شوێنی خۆیدا پتر باس دەکرێ)، بۆیە کە دێینە سەر باسی منایەتی و تەنیایی لەکۆمەڵگای سوئێدی دا کە دوو دیاردەی کولتوری فرە زەقی جیهانی پێشکەوتوو و یەکەمن، ئەمن حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی ١٨و بە تایبەت ساڵی ١٨٢٧.

گوند و دیهاتی سوئێد بەر لە ساڵی ١٨٢٧دیمەنێکی وەک گوند و دیهاتی خۆمانی هەبوو بە هەندێ جیاوازییەوە. ئەوەی کە وەک دیهاتی کوردستان دەچوو ئەوە بوو کە دێ هەبوو، واتە خەڵکێک لە دەوری یەک کۆ ببوونەوە و خانووەکانیان لە تەنیشت یەک بوو. دانیشتوان بە هۆی نیزیکیان لە یەکەوە، پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی بە هێزیان هەبوو ... هتد. تا ئەم بەشە دەتوانین وێنەی گوندێکی کوردستان بێنینەوە بەر چاومان. جیاوازیشیان لەوە دابوو کە هەر خێزانەی چەندین پارچە زەوییان هەبوو بەلام هەر پارچەی لە لایەک، بۆ نموونە دەتوانین وێنەی گوندێک لە ناوچەی ڤێستەریۆت لەند(västergötland) بخەینە بەر چاو کە لە (١٥) ماڵ پێکهاتبوو و بە گشتی (٤٠٠) پارچە زەوییان هەبوو. ئەو زەوییانە بە پرژ و بلاوی هەر کام لە لایەک هەڵکەوتبوون، دیارە ئەمەش کارێکی وەهای کردبوە سەر کشتکەران و زەرعاتکەران کە پلەی بەرهەم هێنانیان نزم ببێت، چونکە دەبوایە لە پارچە ئەرزێکەوە، ماوەیەکی زۆر بڕۆن و چەندین پارچە ئەرزی دی ببڕن تا گەیشتبانە سەر پارچە ئەرزێکی تر. ئەمەش کارێکی بێ کێشە نەبوو، بۆیە ئەم بارە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەبوو.

## گوند هەڵتەکاندن (Lagaskifte)

ساڵی ١٨٢٧فەرمانێک درا کە کارتێکەری لە ژیانی مرۆڤی سوئێدی دا، تا ئەورۆ دیارە کە ئەویش بڕیاری دابەشکردنەوەی زەوی بوو. دەوڵەت زەوی کشت کراو(زەرع کراو) و کشت نەکراوی بە سەر کشتکەرەکان دا، دابەش کردەوە بە مەرجێک هەر خێزانەی پارچەزەوییەکی گەلێک بەرین و فراوانی بەرکەوێت و داوای کرد کە هەر کەسە خانووی خۆی لە زەوی خۆیدا دروست بکات. ئەمەیە کە لە ⬅

مێژووی سوێد دا پێی دەڵێن : گوند تەقاندنەوە ، ئەم تەقاندنەوەیە وای كرد كە خێزانەكان چەندین كیلۆمەتر لە یەک دوور كەونەوە.

ئەم گۆڕانە هەستی تەنیایی بە زەقی هێنایە گۆڕ، خێزانەكان بە زۆری زۆردار لە خزم و دۆست و پیشەسازان و كلیسا و... دوورخرانەوە و پێوەندی كۆمەڵایەتی بە هێزی جاران، خزمایەتی و هاوكاری و هەرەوەزیان، هەمووی لە پڕ لێی درا. جووتیار خۆی و خۆی مایەوە بەرابەر بە زەوییەكی بێ پایان. فراوانی ئەو زەوییانە وای كرد كە ژمارەی ئەندامانی خێزان بەرەو پتری بروات، واتە منداڵیان زۆر بێت (كە منداڵ گەورە دەبوون و ژنیان دەهێنا، بە خۆیان و ژنو منداڵیانەوە لە ماڵی باوک دەمانەوە)، تا بتوانن پێكڕا ئەو كارەی كە پێویستە ئەنجامی بدەن. ئەمە لە لایەک و لە لایەكی دیكەوە گومانی تێدا نیە كە مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە پێوەندی كۆمەڵایەتی هەیە، جا بۆ پڕكردنەوەی ئەو بەتاڵی و تەنیایی یەی كە بە پێی ئەو فەرمانە هاتە گۆڕێ ، خەڵكی ئەو سەردەمە بۆ ئەندامایەتی روویان لەو ڕێكخراوانە كرد كە لەو سەردەمەدا پەیدا ببوون ( بۆ نموونە ڕێكخراوە دینی یەكان و ئەو ڕێكخراوانەی دژ بە مەستی لە ئوروپادا هەبوون). ئەڵبەتە مەبەست لە بەشێكی ئەم كارە ، پڕكردنەوەی بەتاڵایی كۆمەڵایەتی بوو... دەبینین لەو ماوەیەدا ژمارەی ئەوانەی كە ڕۆژانی یەكشەمۆ دەچوونە كلیسا فرە پتر بوو لە جاران و ژنان لە كلیسا كۆدەبوونەوە و پێكەوە دروومانیان دەكرد و گەلێ شتی لەو باو و بابەتە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین كە خەڵكی ئەو سەردەمە شێوەیەكی نوێیان دیتەوە بۆ پێک گەیشتن و یەكتردیتن، بەلام لە چوارچێوەیەكی ڕێكخراو دا(ئەمە یەكێكە لەو هۆیانەی كە وای كردوە، ئەمڕۆ دروستكردنی ڕێكخراو و بەڕێوە بردنی بۆ مرۆڤی سوێدی وەک ئاوخواردنەوەی لێ هاتبێ، هەروەها دەگمەنیشە سوێدییەک ببینییەوە كە ئەندامی ڕێكخراو نەبێت) .

ئەم ڕووداوەی ساڵی ١٨٢٧ ، بەشێكە لە مێژووی سوێد كە دەتوانین وەک هۆیەک ، بۆ منایەتی(individualism)و ئارەزو و لەزەت وەرگرتن لە تەنیایی( ensamhet) مرۆڤی سوێدی بخەینە بەر چاو، بەلام گومانی تێدا نیە كە ئەمە تاكە هۆ نیە.

ڕووداوێكی دی كە بتوانین وەک هۆ بۆ منایەتی و تەنیایی مرۆڤی سوێدی بیهێنینەوە، ڕەوتی كالاسازی و سەنعەتی كردنی سوێدە. پەیدابوونی كارخانە و فابریک لە سوێددا وەک گشت شوێنێكی دی، دەستێكی باڵای هەبوو لە گۆڕینی شێوەی ژیان و كولتووری مرۆڤی سوێدی. بۆ نموونە دەبینین خەڵكێكی زۆر لە دێهاتەوە ڕوویان لە شار كرد، لە كشتكەر(جووتیار)ەوە گۆڕان بە كرێكاری موچەخۆر. دەبینی ئەو مووچانە و ڕۆژانەی كە وەریان دەگرت، بە زۆر بەشی ژیانی خۆیانی دەكرد. ئەمە وەهای كرد كە ژمارەی ئەندامانی خێزان كەم ببێتەوە، چونكە كوڕە جووتیار كە دێی بە جێ دەهێشت و ڕووی لە شار دەكرد بە زەحمەت ژیانی خۆی و ژن و منداڵی بەڕێوە دەبرد و نەیدەتوانی خەرجی ژیانی دایک و باوک و خوشک و برای بگرێتە ئەستۆ. لە لایەكی دیكەوە كۆمەڵگای پیشەسازی پێویستی بە خێزانی بچووک هەیە، چونكە ئەو خێزانە دەبێ توانای جوولە و گواستنەوەی هەبێت، كارخانەی ئەم شارە دادەخرێت دەبێ كرێكار سەری هەڵگرێت و ڕوو لە شارێكی تر و كارخانەیەكی تر بكات. بۆیە نەدەكرا خێزانی كرێكار خێزانێكی گەورە بێت، مەبەست لە خێزانی گەورە: باوک و دایک و منداڵەكان و بووک و زاوا و نەوەیە، واتە ئەو خێزانەی كە گۆڕانكارییەكانی ساڵی ١٨٢٧ بوو بە هۆی پەیدابوونی. بۆیە دەتوانین بڵێین كە فەرمانی ١٨٢٧ ، لادێی تەقاندەوە و بوە هۆی پەیدابوونی خێزانی فرەپشتیی و هەروەها پیشەسازیش ئەو خێزانەی هەڵتەكاند و كردیە چەندین خێزانی بچووک ، هەربۆیەشە ئەمڕۆ لە سوێددا ووشەی خێزان، باوک + دایک + منداڵەكان دەگرێتەوە و بە هیچ شێوەیەک باپیر و نەنک و خوشک و برا ناگرێتەخۆ و هەر یەكەی بە جیا ، بە خێزانێک دەژمێردرێن.

خاڵێكی دیكەی كە بتوانین وەک هۆیەک بۆ منایەتی و تەنیایی بیهێنینەوە، سیاسەتی بەهـ ژیانی (باش ژیانی - ڕەفاهییەت) سۆشیال دیمۆكراتەكانی سوێدە كە ئەمانە كۆمەڵگایەكیان دروست كرد كە كەس تێیدا هەژار نەبێت، كەس تێیدا بێ لانە و خانە نەبێت، كەس تێیدا برسی نەبێت، كەس بێ دكتۆر و دەرمان نەبێت، هەموو مرۆڤێک مافی یەكسانی هەبێت بۆ خوێندن . بە كورتی دەكرێ بڵێین دڵنیاییەكی بنەڕەتی یان بەدیهێنا . ئەڵبەتە ئەمە دەشێ خەونی هەموو كۆمەڵگەیەک بێت، بەلام ئەمە واشی كرد كە كەسیش پێویستی بە كەس نەبێت، مرۆڤ بتوانێ بژیت و بمرێت بێ ئەوەی پێوەندی بە كەسەوە هەبێت و ژیانیشی لە هەر بارەوە مسۆگەر بێت.

ئەم سێ خاڵە واتە: فەرمانی١٨٢٧ ، پیشەسازی و سیاسەتی بەهـ ژیانی(باش ژیانی) سۆشیال دیمۆكراتەكان، سێ نموونەی دیارو زەقن كە دەتوانین وەک هۆ بۆ پەیدابوونی منایەتی و تەنیایی لە مرۆڤی سوێدی دا بیبینینەوە. ئەڵبەتە مەبەستی من ئەوە نیە كە تەنها ئەو سێ هۆیە هەیە، بەڵكو چەندین هۆكاری دیكە هەن كە ئەم بارە و ئەم كولتوورەیان خوڵقاندوە و هەروەها پێكەوە وایان كردوە كە پەندی وەک:

- بە تەنیا بەهێزیت.
- مەردی چاپوک خۆی دەژێنێ.
- هەركەسە كلیلسازی بەختی خۆیەتی.
- چاوت لە خۆت بێ... گوێ لە وانی دی بگرە.
- تا ئاشپەز زۆر بێت شۆرباكەمان خراپترە.

بێتە دی. توانای بە تەنیا ژیان، كۆمەڵگەیەكی دروست كردوە كە ⬅

تێیدا ووشەی ئازادی یەکسانە بە سەربەخۆیی، مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ سەر بە خودی خۆیەتی (واتە ئیستیقلالیەتی یەک نەفەر).

## نموونە بۆ منایەتی و تەنیایی

بۆ ئێمەمانان کە لە سوئێددا دەژین، وێنە بۆ ئەم ڕەوشتە کولتورییە باسکراوە زۆرە، بۆ نموونە گوتەیەکی وەک: «ئەم کارە کارێکی باشە، سەربەخۆیە» کە سوئێدی دەری دەبڕێ، مەبەستی لەوەیە کە کەسی دیکەت لە گەڵ نیە و تەنیایت و خۆت بڕیار دەدەیت. یاخود نموونەیەکی بەرچاوتر لە زارۆکەدەکان دا( باخچەی منالان) دەبینین! لە سوئێد کە منداڵ کاتی چوونی دێت بۆ زارۆکەدە، ماوەیەکی دوو حەفتەیی یان بۆ دیاری دەکرێ کە پێی دەڵێن ماوەی ڕاهێنان، لەو ماوەیەدا، باوک یان خود دایک هەموورۆژێ دەبێ لە گەڵ منداڵەکە بێت. ئەویش لەوەوە هاتووە کە منداڵی سوئێدی لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا لە برادەرێک یان دوو برادەر پتری نیە، واتە ڕانەهاتوە کە لە ناو دەستەیەک منداڵ دا بێت، چونکە لە چوارچێوەی خێزانێکی کەم دۆست و ئاشنادا ژیاوە، بۆیە ئەو ماوەیان بۆ ڕاهاتن، بۆ داناوە کە باوک یان دایک بۆ دڵنیایی لە گەڵی دەبێت.

نیمەی بێگانەو خاوەن کولتورێکی دی کە دێینە ئێرە بە هەمان پرۆسێسدا دەمان بەن. بۆیە کە پێمان دەڵێن ئەم کارە بۆ ئەوەیە کە منداڵەکە ڕابێنین تا تێکەڵاوی منداڵی دی بێت و فێر بێت یاریان لە گەڵدا بکات، تێیان ناگەین! چونکە ئێمە خاوەن کولتورێکین کە منداڵمان پێویستی بە ڕاهێنان نیە کە چۆن یاری و کایە لە گەڵ منداڵان دا بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستی بەوە هەیە کە ڕای بهێنین چۆن ڕۆژێک لە گەڵ باوک و دایکی بە سەر بەرێت و لە ماڵێ ئۆقرە بگرێت یان لە گەڵ منداڵانی دیکەدا، خەریکی شەڕەشەق و یاری نەبێت.

نموونەیەکی دیکەی ژیانی منداڵانی سوئێدی لە زارۆکەدە و قوتابخانەکاندا ئەوەیە هەر کە منداڵ تەمەنی دەگاتە شەش ساڵی، دەبینی بە هەزار شێوە دەگوێیدا دەخوێنن کەتۆ تەمەنت شەش ساڵە و ئێستا دەبێ خۆت بتوانی جلی خۆت لە بەر کەیت و خۆت نان بخۆیت... هتد. هیچ مامۆستایەکی قوتابی شەش ساڵانە لە کاتی نانخواردن، ئامادە نیە کەخواردن بە دەمی ئەو منداڵەوە بکات و زۆر بە ئاسانی دەڵێ: نا نا، ئەوە دەبێ بەرپرسیاری کردەوەکانی خۆی بێت، گەورەیە، تەمەنی شەش ساڵە).

ئەم بۆچوونە کە مرۆڤ خۆی دەبێ کاری خۆی ئەنجام بدات، مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە لە خۆی، مرۆڤ ئەشێ خۆی پێداویستیەکانی خۆی بەدی بێنێ... لە هەموو ئۆرگانێک و دەزگایەک و بەڕێوەبەرایەتیەکی سوئێدی دا بە زەقی دیارە: تۆ کاری خۆت دەکەیت، تۆ بەرپرسیاری لە خۆت.

جا ئەم شێوە بۆچوونە، وای لە مرۆڤی سوئێدی کردوە کە پێویستی بە یارمەتی کۆمەلایەتی نەبێت. چونکە ئەو ڕۆژەی کە چوو داوای کرد، ئەوە وەک ئەوە وایە کە بڵێ: من مرۆڤێکی بێ کەلک و بێ توانام و پاڵم داوەتەوە و لە ڕەنجی ئەو میللەتە دەخۆم... وە هەر بۆیەشە ڕق لە بێگانە و پەنابەران هەڵدەگرن یان خود بە چاوێکی کەم تەماشایان دەکەن کە دەبینن ئەو بێگانە و پەنابەرانە، بە لەشێکی ساغ و پڕتواناوە، ڕوو لە بەڕێوەبەرایەتیەکان دەکەن بۆ وەرگرتنی پارە. ئەو هەستە واتە هەستی خۆ بە کەم زانین لە کاتی وەرگرتنی یارمەتی، لە گەڵێ ڕووداوی جۆربەجۆردا دەردەکەوێ. ژنێکی پیر دەبینی کە کەلوپەلێکی زۆری پێیە، وەختێک لێی دەپرسی یارمەتیت بدەم یەکسەر دەڵێ نا. منی خاوەن کولتورێکی جیاواز بیر لەوە ناکەمەوە کە ئەو پرسیارەم وەک ئەوەیە پێی بڵێی کە تۆ پەک کەوتەی، تۆ ناتوانیت کاری خۆت ئەنجام بدەیت. هەروەها کە لێی دەپرسی بۆ ناچیتە لای کوڕەکەت بژی، وەڵام دەداتەوە: نەخێر، ئەمن دەتوانم ژیانی خۆم بەڕێوە ببەم و نامەوێ کەس بە خۆمەوە ئەزێت بدەم.

ئەو هەستەی کە مرۆڤ دەبێ بەرپرسیاری خۆی بێت، لە ڕەگ و ڕیشەی هۆش و ویژدانی مرۆڤی سوئێدی دا چەسپیوە. مرۆڤی سوئێدی خۆی بەرپرسیارە کە کاتێ نەخۆش دەکەوێت و ناتوانێ بچێتە سەر کارەکەی، تەلەفۆن بۆ دەستەبەری تەندروستی بکات و لە وێوە پارەی ئەو ڕۆژەی بۆ بێت. لە هەمان کاتیشدا کە یاساکە بڕیارەکەی داوەتە دەست خۆت کە بتوانی ئەو ڕۆژە خۆت بە نەخۆش لە قەڵەم دەیت و لەشوێنێکی ترەوە پارەی ئەو ڕۆژەت بۆ بێت، مرۆڤی سوئێدی ئەوەی پێ باشترە کە بە لەشی ناساخەوە بچێتە سەر کارەکەی، نەوەک تەلەفۆن بۆ دەستەبەری تەندروستی بکات و ئەوان یارمەتی بدەن و پارەی ئەو ڕۆژەی بدەنێ... ئەلبەتە ئەم یاسایە دوای زۆربوونی بێگانە لە سوئێددا وبە کارهێنانی ئەو یاسایە بە شێوەیەکی ناڕەوا، گۆڕانی بە سەردا هات و ئێستا ئەو پارەیەش نادەن و پارەی ڕۆژەکەت لە کیس دەچێت. ئەمن بۆخۆم چەندین جار دیومە کە برادەری خۆم ڕۆژێک حەزی کردوە بنوێت یان تاقەتی نەبوە ئەو ڕۆژە ئیش بکات، تەلەفۆنی هەڵگرتوە و گوتویەتی: نەخۆشم و ناتوانم بچمەوە سەر کار. ■

درێژەی هەیە


* سەرچاوەکان:

1:Svenskar, Gillis Herli

2: Ny i klasser , Seija Wellros

3:Likt och olikt , Seija Wellros . Gunnar Hellström

4:Sexualitet mysterium k civilizatiossymbol ,Kenneth

لە دەلاقەی

# سەفەر

ڕووداوەکان

ئاشنا جاف

لەو ناوچەیەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن سنوری ئێران و عێراق، دێیەک هەبوو بە ناوی ... ئەڵبەتە ئەم گوندە ئێستا نەماوە. کاتی خۆی دانیشتوانی ئەم دێیە، بە گوێرەی پێویستیان بە ئاو، ماڵەکانیان، بەم دیو و ئەو دیوی گردێکی ئاماڵ پان دروست کردبوو، بۆ ئەوەی بتوانن لەو جۆگەلە ئاوە، کەڵک وەرگرن کە بە نێو گردەکەدا تێدەپەڕی.

کاتێک هەلومەرجی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕدرێ و پارسەنگی هێزی سیاسی لە ناوچەکەدا، بە لانی ئینگلیس، دادەشکێتەوە، بریار دەدرێ وڵاتێکی نوێ بە نێوی «عێراق» دروست بکرێ. دوای دروستبوونی عێراق لە لایەن ئینگلیسەوە، بۆ تەواو کردنی کێشەی نێوان سنوری ئێران و عێراق، کۆمیتەیەک پێک دێت. ئەو کۆمیتەیە بە زووترین کات بۆ دیاریکردنی سنور، دەست دەکا بە زەوی پێواندن و شوێن نیشانەکردن تاکوو دەگەنە ئەو گوندەی کە باس کرا. بە پێی بڕیاری کۆمیتە، ئەوجۆگەلە ئاوەی کە دانیشتوانی گوندەکە ساڵەهای ساڵ بوو ئیستیفادەیان لێ دەکرد، دەبێتە سنور. لە ئاکام دا بە گوێرەی یاسای سنور دانیشتوانی گوندەکەش دابەش دەکرێن. هەندێکیان دەکەونە دیوی ئێران و بەشێکیان دەکەونە دیوی عێراق. ئەو بستە سنورە دەستکردەوای کرد کە خزم لە خزم هەڵبڕێ و تەنانەت برا لە برا دوور بخرێتەوە...

کارەسات لێرەڕا دەست پێدەکا کە یەکێک لەپیاوەکانی ئەو گوندە دوو ژنی هێنابوو کە پێکەوە هەڵیان نەدەکرد و شەو و ڕۆژ کێشە و هەرایان بوو. کابرا ناعیلاج دوو ماڵی بە جیایان بۆ دادەنێ، خۆی و ژنی یەکەم و چەند منالێکی لە بەری عێراق دەمێنێتەوە و ژنی دووهەم و منالێکی لە دیوی ئێران. سەرەڕای بوونی سنوریش، هات و چۆی ماڵەکان لەم دیو بۆ ئەو دیو، بۆ ماوەی چەند ساڵێک زۆر ئاسایی بوو تا ئەومیکە لە پڕ بڕیار درا گوندەکان بگوێزرێنەوەو ئەو ناوە چۆڵ کرێ...

ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی. هەر بنەماڵەی خەریکی کار و بارو ژیانی خۆی بوو. منداڵ گەورەبوو، گەنج بە ساڵ دا چوو. گەورە مرد. ئەوەی ژنی هێنا، هێنای؛ ئەوەی شووی کرد، کردی؛ لەو ماوەیەدا زۆر شت ڕووی دا...!

ساڵی ١٩٩٦٦ز نێوانی ئێران و عێراق کەمێک لە پێشوو، باشتر بووبۆوە، ئێرانی دەیان توانی بڕۆنە نەجەف و کەربەلا، بۆ زیارەت و خەڵکی عێراقیش دەکرا بچنە ئێران بۆ گەڕان و تجارەت. شێربەگ، کوڕی ژنی یەکەم کە لە کاتی سنور دەست نیشان کردن دا، منالێکی ساوابوو؛ ئێستا بوویوە پیاوێکی ئاماڵ پیری خاو و خێزانداربە دووکوڕو دوو کیژەوە. شێربەگ لەمێژبوو هیچ چەشنە هەواڵێکی لە شێرزادی برای، کوڕی ژنی دووهەمی باوکی نەبوو؛ بۆیە بڕیاری دا هەرچوونێک بێ دەبێ سەرێک لە دیوی ئێران هەڵێنێ و بزانێ براکەی ماوە مردوە! چی لێ بەسەر هاتوە...!

هەرچی شێربەگ بوو دەیویست بە شێوەی قانوونی سەفەر بکات، نەوەک بەلایەکی بە سەر بێت، بۆیە نێوی خوای لێ دێنێ و بە ئەرخەیانی هەڵدەستێ دەڕوات. لە یەکێک لە شارەکان عەرز و حاڵی خۆی پێشکەش دەکا و بۆ وەرگرتنی پاسپۆرت دەچێتە پارێزگا و لەوێشڕا بەرەو بەغدا بۆ تەواوکردنی موعامەلاتی سەفەر و پاسپۆرت و کڕینی بلیت. لە فڕۆکەخانەی بەغدا بەرەو تاران دەفڕێ و لە وێشەوە سواری ئوتوبۆس دەبێت بۆ ئەو شوێنەی کە خۆی لێیەوە هاتوە واتە کوردستان. بەرلەوەی بگاتە کوردستانی ئێران - واتە ئەو شوێنەی پێی دەوترێ ئوستان (پارێزگا) ی کوردستان - لە یەکێک لە کۆنترۆڵەکان(پاسگا)ی سەر ڕێگا دایدەبەزێنن و داوای شناسنامەی لێدەکەن. شێربەگ سوووکێ پاسپۆرتە عێراقییەکەی دەردێنێت و پێشانیان دەدات. کۆنترۆڵ چییەکانیش، یەکڕاست تێکیەوەدەپێچن و دەیبەن... دوای ئەمە و بێنە و بەرەیەکی زۆر، شێربەگی بێچارە خۆی لە «ساواک» دەبینێتەوە. لەوێ لێی دەپرسن بۆچی هاتوە، ئەویش وڵام دەداتەوە گوایە هاتوە بۆ لای برای؛ پێی دەڵێن ئەی برات لێرە چی دەکات؟ دیسان جواب دەداتەوە کە براکەم لێرە دەژی، ئاخر ئەو ئێرانی یە! کە ئەمەی لێ دەبیسن تێکرا ⬅

دەست دەکەن بە گاڵتە پێکردن... دووبرا، یەکیان عێراقی و ئەوی دیکەیان ئێرانی! کابرا لە وڵامدا واق و وڕ دەمێنێ و نازانێ چی بڵێت... بە کورتی دوای ئەومیکە پەروەندەیەکی ئەستووریان بۆ سازکرد، ئێستاش کە ئێستایە کەس نەیزانی شێربەگی بێچارە چی لێ بە سەر هات...

مەسەلە هەر بە سەر تێداچوونی شێربەگ نەوەستا، بەڵکوو کارەساتی تریشی بە دوادا هات. لە ساڵی ١٩٦٨ز کە بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم، نێوانی ئێران و عێراق وردە وردە بەرەو ناخۆشی و ئاڵۆزی ڕۆیی. بە پێی ئەو بارودۆخە، ڕژێمی عێراق دەست دەکا بە گرتن و پرسیارلێکردنی ئەو کەسانەی گۆیا لە گەڵ ڕژێمی ئێران، هەڵس و کەوتیان هەیە. شێرۆ کوڕە گەورەی شێربەگ کە ئەو کاتە قوتابی دەبێت، یەکێک لەوانەبوو کە بۆ ئەم جۆرە پرسیار و وڵامانە دەبیەن. کوڕە لە سیر تا پیازی حاڵ و مەسەلەی باوکی دەگێڕێتەوە کەوا ڕۆیشتوەتە ئێران و لەو ساوە بێ سەر و شوێنە...

ساڵ دێ و ساڵ دەڕوا... شێروان کوڕی دووهەمی شێربەگ، دوای ئەومیکە دەزانێ شێرۆی برای لە لایەن ڕژێمەوە گیراوە، دەکەوێتە هەوڵ و هەواڵی دۆزینەوەی لەم زیندان بۆ ئەو زیندان، تاکوو ئاخر سەر، ئەم هەواڵە دڵتەزێنەی دەست دەکەوێ: «شێرۆ کوڕی شێربەگ ... بە تاوانی جاسووسی بۆ ئێران،ڕۆژی... تیرەباران کرا...». *

■

*: لە سەر خوازی نووسەر، هەندێ جێگای ئەم نووسراوەیە لە باری ڕێزمان و ڕێنووسەوە دەستکاری کراوە. ئەوەش دەبێ بگوترێ کە ناوی کەسەکانیش خەیاڵین. «هێرش»

«گزینگ» خاوەن ڕێبازێکی گشتی سەربەخۆیە، هەر چەشنە بیر و بۆچوون و نووسراوەیەک وەخۆ دەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکرایی و لە بەرژەوەندی گەلی کورد بە تایبەتی داکۆکی بکات.

## یادی یاران

☐ ژمارە(٢)ی زستانیی گزینگ، هاوکاتە لە گەڵ «٤ساڵە»ی کۆچی دوایی مامۆستا **هەژار موکریانی** شاعیر و نووسەری نێوداری کورد. بۆ ڕێزلێنان و هەمیشە زیندووڕاگرتنی یادی ئەو ئەدیبە کورد پەروەرە کە یەکێک بوو لەیارانی «٢ی ڕێبەندان» و دامەزرێنەرانی قوتابخانەی موکریان، پارچە شێعری «کوردم»کە یەکێک لە جوانترین و بە کاکڵترین شێعرەکانی مامۆستایە، بە خوێنەرەوان پێشکێش دەکرێ.

### کوردم

هەژار

برا زۆر سەیرە زوو نەمناسی، من هەر زۆر لە زوو کوردم
کە تۆ پێنج شەش کەرەت گۆڕاوی، من بێ سێ و دوو کوردم

لە تەکیە بوویە جێگر، ڕێگر و مێگر لە بن بەرماڵ
ئەمن لەو ساوە جێ و بانم لە بانی بێشکە بوو کوردم

عەجەم بووی، بوویە تورک و بوویەعارەب، ئێستە سەرشێواو
ئەمن بێ «گێلمەگێلم»و «کەشمەکەش»، بێ «چاشنو» کوردم

سپی بووی، بوویە شین و بوویە سوور و ئێستە ڕووزەردی
ئەمن یەک ڕەنگ و ڕوو وەک پیاوی خاوەن ئابڕوو کوردم

کە تۆ بۆ مز لە ناو مزگەوتی،... کوردستانەڕووگەی من
کە تۆ دەروێشی زەرگ و مەرگی، من بێ ها یو هوو کوردم

کە تۆ پەل بۆ هەموو جێیەک ئەکێشی، بێ ڕەگ و بنجی
ئەمن گەر پەل پەلیشم کەن لە سەر یەک ڕێگەموو کوردم

دڵت بۆ پارە پارە، بیر لە لیرە گیرە، دەم بۆ دەم
سەراپا ڕەگ بە ڕەگ ئێسقان بە ئێسقان، موو بە موو کوردم

کە تۆ دەڕێیت فرێدا و چاکەتی چاکت دە بەر خۆ کرد
ئەمن شەرمم بە خۆ و، شاییم بە خۆیە جلشڕو کوردم

کە تۆ گیرفان پڕی، گیرفان بڕی، من هەر هەژار ماوم
کە تۆ خۆت دا بە خواردن، من لە گەڵ گاڵ و بەڕوو کوردم.

گفتوگۆ

● سمایل کادارە ●



# جیهانی ئەوڕۆ پێویستی بە هەقیقەت هەیە*

نیوزویک

☐ نووسەری ئاوارەبووی ئالبانی سمایل کادارە، یەکێکە لە باشترین ئەدیبە ناسراوەکانی نەتەوەی خۆی. ئەو بەدیهێنەری گەلێک ووتار و شیعرە کە لانی زۆر پازدە بەرهەم لە چیرۆکەکانی، پترپە چل زمان وەرگێڕدراونەتەوە.

کادارە، یەکێک لە ناوپشکە هەمیشەییەکانی خەڵاتی نۆبێلە لە ئەدەب دا. کادارە لە دوای دەورەیێکی دە ساڵەی ناکۆکی ئیدیۆلۆژیکی لە زەمانی دیکتاتۆری ئالبانی دا، لە ساڵی ١٩٩٠ وڵاتی بەجێهێشت و لە پاریس گیرسایەوە. لەم دواییانە، کادارە لەگەڵ کێن شولمان ( نیوزویک) وتووێژێکی ئەنجام دا کەبەشێکی پێشکێش دەکرێت:

● ئێوە « شکسپیر» تان وەک نووسەرێک نێوبرد کە زۆرترین تەئسیری لە بەرهەمەکانت دا هەبوە؟

– ژیانی خەڵک لە دەورانی دیکتاتۆریدا، پتر بۆلای شکسپیر دادەشکێتەوە، بە تایبەت بۆ لای «هاملێت» و «مەکبێس» دا کە ئەمانە فەزاییکی خەفە و تاریکی ئاخندراو بە شەبەح و تیرۆر دەخەنە ڕوو. ئەو کابە و یارییانە، هەر دەڵێی سەبارەت بە کۆمۆنیزم نووسراونەتەوە.

● بەلام بەرهەمەکانی شکسپیر هەرگیز قەدەغە نەکران وەک کە هی ئێوە کراون. ئەو هەرگیز بەرەو ئاوارەبوون نەکەوتە ژێر زەخت.

– نووسەر دەتوانێ لایەنگری ڕژێم بێت ، بێ ئەوەی ببێتە نۆکەر و بەکرێگیراوی ئەو ڕژێمە. گۆتە، ویرژیل، سێروانتس ـ هیچ کامیان بەرهەڵستکەری سیاسی نەبوون.

● سەرەڕای ئەمە، ئێوە دەڵێن کە خەباتی سەرەکی دەبێ لە نێوان ئەدەب و قودرەت دا بێت.

– نە ئەوە دژایەتیەکی سروشتییە لە نێوان ئەدەبی ڕەسەن و ڕژێمی سەرەڕۆ دا. ئۆڤید، بۆ نموونە یەکەم نووسەرە لە مێژوودا کە لە لایەن ڕژێمی توتالیتاری دەربەدەر کرا. تەنانەت ئەمڕۆش، ئێمە هۆیەکەی نازانین. تەنیا سزای توتالیتارێکی هەڵکەوتە ئەوەیە: ئاوارەیی بێ ئەملاوئەولا.

● کە وابوو، ئەرکی نووسەر لە ئاست ڕژێمێکی توتالیتاریدا، چیە؟

– نووسەر ئەشێ کار بکات و لە بەرهەمەکانی دا لە ئازادی داکۆکی بکات. لە ئالبانی دا، بۆ نموونە، ئەدەلوا چالاکی سیاسی بکرێ. ڕژێمی ئێمە، وەک ئەوە وابوو کە لە زەمانی ستالینی ساڵی ١٩٣٠دا، دەژین. لە ڕاستیدا، لەویش خراپتر بوو. چونکو دیکتاتۆرەکەی ئێمە، لە ستالین گەلێک بە هۆشتر بوو. تەنیا نارەزایەتیەکی کارتێکەر کە هەبوو لە ئەدەب و زمان دا، بوو.

● ئەو کارتێکەرییە چ بوو؟

– بۆ ڕژێمێکی سیاسی، بەرلەهەمووشت ئەدەبی ڕەسەن گرینگە. کۆمۆنیستەکانی ئالبانی، دەیانویست زمانێکی فەرمانی(ڕەسمی )بخولقێنن و ئەدەبی وڵاتەکەی پێ بەدقەوارە ⬅

بکەن. بەڵام نووسەران بەردەوام بوون لە سەر داهێنان بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانەکەیان. ئەگەر لەتەواوی ئەو ساڵانەدا تەنیا سەرکەوتنێک هەبووبێ، زمانی ئالبانی یە کە لە دەورانی کۆمۆنیزمدا، بەردەوام لە پێشکەوتندا بوو. لە ئاخر ساڵەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری ئێمە دا، وەختایێک ڕژێم لە دوودڵیدا بوو، شتێکی دەگمەن ڕووی دا. خەڵکی ئێمە بۆ ناشتنی مردوو، بەوپەڕی هەراوی بەشداریان کرد.

ئەوان ڕۆیشتن چونکو شتێکی ئەبەدی یان لەو ڕێ و ڕەسمەدا دۆزییەوە. شتێکی کە دوور بوو لە هەر چەشنە هەرا وهوریا(پڕوپاگەند)ی کۆمۆنیستی. لەو ناشتنەدا، ئەوان دەنگی سروشتی و ئینسانی خۆیان بیستەوە. خەڵک، لەنەمان دووان، لە مەرگ دووان، نەک لە پارت و حیزب. ئەوە دەتگووت ژیانێکە لە دنیای دیکەدا.

● ئایا، تەنیا دوژمنی ئەدەبیات، توتالیتاریزمە؟

– دوژمنی بەهەقی ئەدەبییاتی ڕەسەن، ئەدەبی مام[illegible]ـ گەندەڵ] و شەڕوکێشەی نێوان ئەمانیش ڕق و قینە. ئەدەبی مام ناونجی لەسەرانسەری جیهان دا، زۆر بە هێزە. لە وڵاتانی توتالیتاریستی دا، ئەو ئەدەبە لایەنگری ڕژێمەکانە. لە وڵاتانی دیمۆکراتیکی دا، ئەدەبی گەندەڵ لە لایەن بازاڕەوە، بە هێز دەکرێ و برەوی پێدەدرێ. بەشێکی زۆر لە خەڵک، ڕێزلێگری ئەدەبی واقیعین. ئەو ڕۆژانە، هەر هەواڵنێرێکی تەلەفیزۆنی یان هەر ژەنەراڵێک کە لە کەنداو و بوسنی، عەمەلیاتێکی نیزامی وەڕێخات، بەرهەمەکەیان دەتوانێ پڕفرۆشترین بێت. هەرکەس لە خۆوە بووەتە نووسەر، تەنانت لە مۆدێلێکی سەرتر. بە خەیاڵم دا دێ، ڕۆژێک لە گەڵ کلۆدیا شیفێر بەراورد بکرێم.

● ئایا لەم ڕۆژەرا کە نیشتمانت جێهێشتوە، ئەخشی ئێوە، چ گۆڕانێکی بە سەردا هاتوە؟

– زۆر کەس هەوڵ دەدەن، ئەمن لە تەک واسلاف هاڤێل هەڵسەنگێنن، کەچی ئەمەیان لە بیرکردوە کە هاڤێل دوای لە ناوچوونی ڕژێمی دیکتاتۆری وڵاتەکەی، ڕووی کردە دنیای سیاسەت. لە ئالبانی، وەختابەک ڕژێم هێشتا لەو پەڕی دەسەڵات دا بوو، وەزعی من جیاواز بوو. تەنیا ڕۆڵێکی کە هەمیشە هەم بووە ودەشم بێت نووسەر بوونە. دیارە ڕۆڵی نووسەریش لەم وڵات بۆ ئەو وڵات دەگۆڕدرێ. وڵاتانی وەک ئەمریکا، فەڕەنسە و ئینگلیس، چ دەربەست بە نووسەران نین، چونکە ئەوانە گەورەن و تا ڕادەیەک دەتوانن زانیاری خۆیان لە زۆر ڕێگەی ترەوە بە دەست بێنن.

ئالبانی، ئالبانی فەقیر، گەلێک گچکەیە. ئەم، پێویستی بە نووسەران هەیە. ئەخشی من ئەوەیە کە بنووسم و کتێب بڵاو بکەمەوە تاکوو کەیان و کەسایەتی نیشتمانەکەم، بۆجیهان دەر بکەوێ.

● ئایا ڕۆڵی ئێوە لە ئاست ویژدانی کۆمەڵایەتیشدا هەرواچالاکە؟

– ڕەنگ بێ. لە جیهانی نائاسایی دا، داهێنان و پاراستنی ئەدەبی خۆماڵی، شتێکی پێویستە. بۆ نموونە، تەواوی دڕامای یۆنانی مەبەستی ئەوەیە کە ویژدانی نیشتمان ، لەو تاوانانەی کە لە شەڕی «ترۆوا» ڕوویان دابوو پاک بکرێتەوە. نووسەرانی یۆنانی ئەوەیان زانی کەوا ناتوانن بەبێ دەستنیشانکردنی تاوانەکان بەرلەهەمووشت، شارستانییەتێکی مەزن وەدی بێنن. بە داخەوە، ئەمە زۆر بە دەگمەن لە مێژوودا ڕووی داوە، لە ئەڵمانی پاش شەڕی دووی جیهانی، ڕەنگە ئێستا لە بوسنی یان لە ئیسرائیل. لەم [illegible]ایلە، نموونەی یۆنان و جینایەتەمێژووییەکانی، جێگەی خۆیان [illegible]وە بە دەستەیەک لە نووسەرانی سەربستانی. ئەمن پێیان دەڵێم کە ئەگەر [illegible]ینسانییەت سەرکوت یان بەدنێو بکەن، ویژدانی ئێوە [illegible] هە[illegible]رێ کە مامەڵە بە ئاکامەکەیەوە بکەن. ئەوان پێی گرژبوونە[illegible]کەوەیکە من غەیبەتێکم کردبێ.

● ئایا نووسەرانی سەربستانی ئامادەن بێن و تاوانە مێژووییەکانیان بخەنەڕوو؟

– بەشێکیان، ئامادەن. شەڕوکێشە لە یوگوسلاوی، لە ئەفسانەی سەربستانی مەزنتر سەرچاوە دەگرێ. جیهانی ئەورۆ، پێویستی بە هەقیقەت هەیە، نەک بە ئەفسانە و عەتیقە. ■

*: ئەو دەقە لە گۆڤاری نیوزویک (Newsweek. December 20,1993) وەرگیراوە و عینوانەکە لە لایەن ئێمەوە دانراوە.

وەرگێڕانەوە و تێهەڵنووس کردنەوەی بەرهەم و نووسراوەی هیچ نووسەرێک لەم گۆڤارەدا، چ زۆر و چ کەم، بە مانای هاوفکری لە گەڵ بیر و بۆچوونی نیە.

« گزینگ »

وتو وێژ

لە گەڵ

# خسڵەت و پێوانەی چیرۆکی کوردی



کــاک کــوردان کــەریم

● کاک کوردان ، لەوەیکە ئامادەیی خۆتان بۆ ئەو گفتوگۆیە دەربڕی لە پێشدا سپاستان دەکەم، جا ئەگەر ئیجازە بدەن پێم خۆشە وێڕای خۆ ناساندن بە خوێنەرەوانی «گزینگ»، کورتەیەکمان لە ژیان و بەسەرهاتی خۆتان بۆ باس بکەن.

ـ لەوەی کە بە سەرتان کردوومەتەوە و لێتان پرسیوم ، سپاستان دەکەم . دەرچوونی گۆڤاری « گزینگ »یش پیرۆزبایی گەرەکە و منیش بە نۆبەی خۆم سەبارەت بەم ئەرکە گرنگەی کە گرتووتانەتە ئەستۆ ، دەگەڵ سپاس ، پیرۆزباییتان لێ دەکەم و بەهیوام « گزینگ »ی تازە دەرکەوتوو، گزینگێک بێ، تاریکی ئەی تاسێنێ و پشتی خوای تاریکی بشکێنێ .

بەڵام پرسیارەکەتان، من ناوم **کوردان کەریم مەحموودە**. لە مەڵبەندی موکریانی دڵی کوردستان لە دایک بووم، باوکم خەڵکی دێی سونجاغ بوو، دایکم سابڵاغییە، هەتا تەمەنی هەژدە ساڵی لە سابڵاغ دەرسم خوێند. دوو ساڵیش لە ورمێ، لە مەدرەسەی پەروەردەکردنی ماموستایان دەرسم خوێند و پاشان بووم بە ماموستای قوتابخانە. پێنج ساڵ لە دێهاتی دەوروبەری مەهاباد و سێ ساڵیش لە مەهاباد، وەک موعەلیمی فێرگەکان خەریکی دەرس گوتنەوە بووم.

پاش جوانەمەرگ بوونی شۆڕشەساواکەی کوردستانی ژێر حوکمی ئێران و شەهیدبوونی شۆڕشگێڕان (ساڵانی ٤٦ ـ ١٣٤٧ی هەتاوی)، چەندێک لە ماموستایانی فێرگەکانی مەڵبەندی موکریان لە کوردستان دوور خرانەوە؛ منیش یەکێک بووم لە دوورخراوەکانی ئەو سەردەمە. پاش ماوەیەک چوومە تاران و دەستم بە مەدرەسەی بەرزی ماموستایان راگەیشت و چوار ساڵەی خوێندنەکەییم تەواو کرد. هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە بزووتنەوەی « سیاکەل» و شۆڕشی سووری گیلان پشکووت و ترسی خستە گیانی شا و ساواکەکەی. پۆلیس و ساواکی شا بۆ کورتە دەمێک کوردستانیان لە بیر چۆوە. لەو بگرەوبەردەیەدا زۆربەی دوورخراوەکان گەڕانەوە کوردستان؛ منیش یەکێک لە وان بووم. دیسان لە مەهاباد دەستم بە ئیش کردەوە، بەڵام هێشتا سێ ساڵەم لە ئیش بە ئاخر نەگەیاندبوو کە بزووتنەوەی سەرتانسەری ئێران دەستی پێکرد و « شا»ن هەڵات. ئێمەی کوردیش «شا»ن رەپێ نا، بەڵام چی پێ نەچوو ئێمەی کوردیشیان رەپێ نا. منیش دەگەڵ دۆستان و یارانم رووم کردە بەندەنێ و بووم بە پێشمەرگە. ئێستا لە دەر، وەک پەنابەر دەژیم.

● هەر چەند ئێوە وەک چیرۆکنووسێک لانی کەم بۆ من ناسراون و بەرهەمەستانم خوێندۆتەوە، بەڵام ئەگەر دەکرێ هێندێکیش باسی ئەوەمان بۆ بکەن کە ئێوە لە چ وەختەوە دەستتان بە چیرۆک نووسین کردوە و تا ئێستە بەرهەمی قەڵەمیتان چ بوە؟

ـ سەبارەت بەو پرسیارە کە: « لە چ وەختەوە دەستت بە چیرۆک نووسی کردووە و تا ئێستە بەرهەمی قەڵەمیتان چ بوە؟ » ـ وەڵامەکەی کەموسکێک دوور و درێژە و رەنگە زۆریش بە تام نەبێ . بەڵام کاکڵ و حاسڵەکەی ئەمەیە : ئەو دەم کە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خەریکی خوێندن بووم ، دوو ماموستای زۆر روح سوک و شەرافەتمەندم هەبوون کە یەکیان ئاغای «محمد صادقی شەرەفی» و ئەوی تریان ئاغای «طە فیضی زادە»بوو. ئەو دوو ماموستایە سوننەت شکێنێکی ئازا بوون کە بۆ یەکەم جار دیواری چەوت و بێ مایەی نێوانی شاگرد و ماموستایانیان تێک رووخاند و دەگەڵ دنیای کۆنە ماموستایانی دەوری باپادەم سنوور و کەوشەنیان لێک جیا کردەوە . دوو ماموستای گەنج و

لاومان ، هەر دوویان خاوەن هەست و هاوفکر و دۆست و برادەر بوون، هەر دووکیان ئەدیب و زانا و تێکەڵاوی کتێب و خوێندنەوە بوون و هەردووکیان ڕێیان پێ دەداین چیمان لە دڵدایە بە ڕاشکاوی بیڵێین و نەی شارینەوە. مامۆستا صادقی دەگەڵ هۆنراوەکانی «پەروین اعتصامی» زۆر تێکەڵاو بوو؛ بۆی دەخوێندینەوە و بۆی لێک دەدایەوە. مامۆستا فیضی زادەش بە پەخشانی دڵگر، دەستی میشکی دەگرتین و چاو و گوێی دەکردینەوە. ڕۆژێک مامۆستا فیضی زادە داستانێکی بۆ خوێندینەوە کە شەوی ڕابوردوو خۆی نووسیبووی. داستانەکەی سەیر کاری کردە سەر من. پاش هەفتەیەک منیش بە لاساکاری لەو، داستانێکی زۆر کاڵ و کرچم نووسی و ناوی « ئەدەبی ئینسانی »م لێ نا. ئەدەبی ئینسانی لە کوێ و داستانێکی خاوی ڕەبەقی منداڵانە لە کوێ؟ خوێندنەوەی داستانەکە لە سەر کلاس و ئافەرین و سەت ئافەرینی مامۆستا فیضی زادەم قەت لەبیر ناچێ، بەڵام قەتیشم لەبیرناچێ کە هەر کە لە مەدرەسە بەربووین و هاتینە دەر، چاوت ڕۆژی ڕەش نەبینێ کە هاودەرسەکانم چییان لێ کردم و چییان بەسەر هێنام . کە هاتینە دەر، لە کووچەی «سەرپلووسک »، هەموو منداڵی مەدرەسە کتێبەکانیان بۆ کردمە تەپڵ و دمبەگ و بۆیان لێدام. هەموویشیان پێکەوە خوێندیان و بۆ یەکتریان گێڕایەوە و گوتیان:

« فلانی کتێبی نووسیوە ... ماشەڵا ! » زۆری پێ تێک چووم. دوو ڕۆژان خۆم نەخۆش کرد و نەچوومەوە مەدرەسە. ئەو دەورە بەسەر چوو.

سەردەمی لاوی داهات. لەو سەردەمە دا پێم وابوو شاعیرم و شیعرم بۆ دێ. ماوەیەک شیعرم نووسی. پارچە هەڵبەستی «کەرێزە وشکە »م بە ڕەوانشاد کاک «**عەلی حەسەنیانی** »گەیشتبوو. ڕۆژێک هاوڕێیەکی ئادرد بە شوێنم دا. لە باغی گوڵان ( یادی بەخێر!) یەکترمان بینی. چەند پارچە شێعری دیکەشم نیشان دا. بە کەم وکورییەکانم داهات و چاوەکانی کردەوە. کاک «مجید ئانەوا »ش لەم بوارە دا کەمێکی یارمەتی دام. بە ڕەسمی ئەو سەردەمە، جار جار شیعرەکانم بۆ ڕادیو کرماشان دەنارد. سەردەمێک لە تاران دەژیام . ڕۆژێک لە مەجلیسێکی گەورە دا، برادەرێک، کە ئەوسەردەمە مامۆستای دەرسوتێژی فێرگە بوو و ئێستا لە سیاسەت دایە و لەجیاتی پەنیر، خەبات و تێکۆشان لەنان دەکا و دەی خوا، بەدەنگێکی بەرزی پڕی گەپجاری فەرموویان : « ئەرێ فلانی بۆچی ناوێرین پێچی ڕادیۆکەمان بکەینەوە کە قسە بێ تامەکانی جەنابتانی لێ بڵاو دەبێتەوە . » قسەکەی کاری تێکردم، بەڵام دڵساردی نەکردمەوە. ویستم وڵامێکی مامۆستای کوردپەروەر بنووسمەوە و پێی بڵێم کە دارە دارەکردن لە هونەر و ئەدەبیاتی کوردیدا، قسەی بێ تامی پێ ناگوترێ و نان چنینەوە لە پاشەڵی قوتابی و قوتابخانە داگیرکردنیش مامۆستایەتی پێ ناگوترێ. چەند شەوانی خەریک بووم و هەر کە لێی بوومەوە ، وڵامەکەم زۆرتر تامی داستانی دەدا. دەستم لێ هەڵنەگرت و کردمە چیروکی منداڵان. بەدوای ئەودا، شەش داستان ( بە زمانی فارسی بوون )ی بچکۆلانەی دیکەشم نووسی. یەکەم داستان ، داستانی مامۆستایەک بوو کە ئەو مامۆستایە نەک بە ئامانج و بۆ مەبەست ، بەڵکە وەک پیشە و کار و هەر بۆ نان پەیداکردن ڕێی مەدرەسەی گرتبوویە بەر. داستانەکە ، پووچی و دەڵبی و بۆگەن بوونی سیستیمی ڕاهێنان و پەروەردە کردنی ئەو سەردەمەی دەگەیاند. ئەوسەردەمە کتێبی منداڵان بۆ وەرگرتنی فەرمانی « ئا » یان « نا »ی چاپ کردن ، لەژێر چاوەدێریی دەزگایەک تێپەڕ دەبوو . برازایەکی هاوڕێ و هاوکاری زۆر خۆشەویستم کاک ( پ ) ، ئیشێکی کاتی وسنووداری هەر لەوێ وەرگرتبوو. چیرۆکەکانم بە هاوڕێ (پ )ـ کە بەداخەوە ئەو هاوڕێیە لە سەردەمی ڕاپەڕیندا لە گیلان شەهید بوو ـ نیشان دا . داستانەکانمان بە پۆست دا نارد. بەڵام باش هەر ئەوە بوو کە ناوی نووسەرکەمان نابوو « مراوی »: چونکە دە ڕۆژ پاشان هاوڕێی ناوبراوم کە لەماڵی کاکی لەخوشکە « م »ی برازای پرسیار دەکا کە ئەرێ داستانەکان لە چ حاڵ دان. خوشکە « م »ش دەڵێ : داستانەکان بە خەڵات و پاداشتێکی زۆروە دانراون کە ئاغای مرادی ـ پێیان وا بوو ناوی نووسەر مرادیە ـ بێ و وەریان بگرێ. هاوڕێم هات و گوتی : « هەتیو ! باسی داستان ماستان نەکەیتەوە ، کە هۆزەیان بۆ بە جایزە داناوی ! ». ئەویش ڕابورد .

ڕۆژگاری ترس و دڵە تەپە بە لاچوونی دەوری پاشایەتی و گۆڕ بە گۆڕ چوونی ساواک و پولیس وەلاچوو . سەردەمی پێشمەرگایەتی داهات و بانگی ئازادی بە ئاشکرا لێدرا. چەند کورتە گوتاری لێنین ، ستالین ، مهمت شێخۆ و ئەرنەستۆ چگوارام لەفارسی کردە کوردی . «نینا » ، سیاسەتی ئابووری ، ڕاپەڕین و بزوتنەوەی گوندی و لادێیەکانی دەوری دەرەبەگایەتیی ئەورۆپاـ شم لە فارسی وەرگێڕایە کوردی ، کە جگە لە نینا ، ئەوانی دی تێدا چوون . کە هاتمە سۆنێد ، بە نەخۆشی گەیشتمێ. لەو دەمەوە ، ڕۆژانە کە لە ئیش و کار تەواودەبم و دێمەوە ماڵ ، دادەنیشم و سەرەتەقەیەکی دەکەم و سەری خۆم گەرم دەکەم و دەنووسم .

بەرهەمی کاری ئەدەبیم، ئەگەر بکرێ پێیان بگوترێ کاری ئەدەبی ، بریتین لە: **نینا** (وەرگێڕاوە ) ، **خەونی بەتاڵ** (کورتە داستانەکانی خۆمن ) **گێژاو** ( وەرگێڕاوە ) ، **دارە هەنارەکەی سەرگردێ** ( وەرگێڕاوە ) ، **تۆ دەریاسی** (ڕۆمانی خۆمە ـ ناتەواو ماوەتەوە ـ بە یادی سوارەی ئێلخانی زادەی شاعیر نووسیومە ) ، **گەڕانەوەیەک بۆ بناری قەندیل** (ڕۆمانی خۆمە ـ ناتەواو ماوەتەوە) ، **کۆمەڵە شاخێ بەرز و ...** ( ڕۆمانی خۆمە، بە یادی مامۆستا هێمن نووسیومە ) ، **کۆمەڵێک کورتەچیرۆک** ( ژماریان بۆ دوو کتێب دەبێ، هێشتا بانگم بە گوێ دا نەداون و نێوم لێ نە ناون) **خەڵاتی نۆبێل** ( چیرۆکێکی درێژی خۆمە ) **قەڵای ژینەومران** (وەرگێڕاوە ) و چەند شتۆکێکی دیش ، کە هەر بەس **نینا** و **خەونی بەتاڵ** و « **کۆمەڵە شاخێ بەرز و ...** » چاپ کراون : ئەوانی دیکە بە تەواوی یان بە ناتەواوی بەسەر دەستم دا ماونەتەوە .

⬅

**به کورتی ، من هەست بە ڕاخوشینی شنەبای گیان بلاوێنی دێمۆکراسییەتێکی ئەوتۆ ناکەم کە بتوانێ کورد و هەموو نەتەوەکانی تر بگرێتە ژێر چەتری ئاسایش و بۆیان ببێتەماڵ. دەگەڵ ئەوەش ، من پێم وایە هیچ شتێک ئەبەد زەمان نییە و بەرخ هەر لەژێر سەوە دا نامێنێ.**

● هەر وەک ئاشکرایە بوونی دەولەتێکی یەککگرتوو بۆ گەشە سەندن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و ئەدەب کارتێکەرییەکی زۆری هەیەکە کورد بە داخەوە جارێ لێی بێ بەشە . ئایا دێمۆکراسییەکی پتەو لەو پارچانەی کە کوردیان تێدا دەژی ، دەتوانێ ئەو بۆشاییە پڕکاتەوە ؟

ـ لە بەشی یەکەمی ئەم پرسیارەتاندا هەر وەکی بۆخۆشتان بە ئاشکرا وشەی « ئاشکرا »تان لێ بزمار ڕێژ کردووە ، پێداویستیی بوون و هەبوونی دەولەتێک دەگەیەنێ کە بتوانێ لە یەکەم هەنگاودا ،کەسایەتیی چەند پارچە کوت و لەتکراوی بە تالان چووی زمان و فەرهەنگەکەمان بۆ گەو بکاتەوە. بێ بەشیشمان لەم بەرەکەتە گەلێک هۆ و سەبەبی تێدا بەستەیە و مێژوومان پڕاوپڕە لە هەلی باش هەلکەوتووی زانایانە بە فیڕۆ دراو ـ کە لەم کورتە وتو وێژە دا جێی نییە ورد چاویان پێدا بخشێنین ـ بەلام لە بەشی دووهەمی هەر ئەم پرسیارە دا باسی دێمۆکراسیتان هێناوەتە مەیدان ، ئەویش دێمۆکراسییەتێکی پتەو ! ڕەنگە من زۆر دنیا دیدە نەبم و سارد و گەرمی ڕۆژگارم گەلێ نەچێشتبێ و قسەکانم کاڵ و نەپوختە بن، بەلام ئەوانەی کە چەند کراس و دەرپێی ئەزموونیان داتلیشاندووە و وردتر سەیری هەلس و کەوتی ئالۆزە بازاری سیاسەت دەکەن ، پێم وایە ئەگەر لە ترسی پاشە ڕۆژ بوێرن و تەپی شارنەوە ، لەوانەیە دەست لە مل بدەن و بلێن کە هەتا ئەم پایە لەم کونەوە بێ، هیوای ئەنگوتنی ئەم تیشکە گیان بووژێنەرەش ناکرێ . کورت و کرمانجانەتری بێژم کە بۆن و بەرامەی دێمۆکراسی ـ نە، دێمۆکراسیی پان و پتەو و نە، چەشنی باریکەلەکەی ـ لەو ولاتانەی کە ئێمەیان بەسەر دا دابەش کراوین، بۆ ئێمەی کورد نایە. بۆچی ؟ چونکە بە درێژایی مێژووی چەند سەت سالەمان هەتا ئیمڕۆ ، هەر حکومەت و دەسەلاتدارێکی کە بەسەر کورد و کەمە نەتەوەکانی تر دا حاکم بووە ، هەر ئەوەندە ڕەق و ڕەش و شڕ و دڕ بوون و هەن ، قەت لە قامووسیاندا نەهاتووە کە تەنانەت یەک شەو خەونێک بە دیموکراسی و ئازادییەوە ببینن. بگرە هەتا توانیویانە و هەتا بۆیان کراوە، خۆیان وخەلکیان فێری تێکدانی دیوکراسی و دامەزراندنی ملهوڕایەتی کردووە . قەت قەت هیچ تەمرین و تەدرینێکی دیوکراسی لەو ولاتانەی ئێمەی تێدا، نەکراوە کە ئێمە بە سبە و دووسبەکەیان گەش بین و هومێدی ئەم بەرەکەتەمان هەبێ. یەکێک لە تێکۆشەرانی بەناوبانگی ولاتەکەمان کە بەداخەوە تێداچوو، لە یەکەم ڕۆژی گزنگدانی سەربەستیمان ، لە مەیدانی « ئازادی »دا فەرموویان :« یەکەم ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە ئەم خەلکە تازە ڕاپەڕیوە فێری دێمۆکراسی بکەین و ... » قسەکەی ، قسەیەکی باش بوو گوتی ، بەلام نازانم بۆ نەیان کرد ؟!

دیارە دێمۆکراسی ئە( حەبی گەنە گەنە )یە کە لە جانتای حەکیم بێتەدەر و ئەخۆشی مالاریای پێ دەرمان بکرێ و نە ناوی حەیاتی ئەفسانەییشە کە جێ و ماڵ و مەکانەکەی لە هات و نەهاتان دا بێ و قەت نەکەوێتە دەست. دێمۆکراسی کۆڕیەیەکە و لە دایکی فام و مشوور و شعووری یەک یەکی بنەماڵەکان گیانی دێتە بەر. لە ئەمەریکای پێشکەوتووی تەکنیک و زانست ، لە ئوڕۆپای دارا و توانا و زانا دا ، هەیە چەپەڵ و بێ مایە و بێ خایەی ئەوتۆ ، کە مایەی شەرمی بەشەرییەتن. لە ئەفریقای ڕەش دا ، لە ولاتەکانی خۆماندا ، هەلدەکەوێ و زۆریش هەلدەکەوێ نموونەی ئازادی و دێمۆکراسییەت.

بۆ ئەوەی سەری پەتی قسەمان لە دەست دەرنەچێ و سەر و بەری مەبەست و باوەڕەکەم بێژم : دەلێم ، لەو ولاتانەی کە ئێمەیان بەسەردا دابەش کراوین ، ڕەنگە دایکی دێمۆکراسی ئەستێور نەبێ و زۆریش هەبن لایەنگری ئەم کۆڕیەیە، بەلام هەر کە هاتە سەر مەسەلەی گەلان ، ڕەنگی دێمۆکراسییەتەکەیان دەگۆڕێ وکێبەیان لە هەموویان شێت و شەیداترە بۆ دێمۆکراسی ، دەستی فاشیزم و ڕاسیزم لە پشتەوە دەبەستێ و بە هەرچی کە لە چنگی هەلدەوەرێ ، لە قەلەم و لە چەک و لە سیخوڕی، هەموویان دەکار دێنێ. دژایەتی دەگەڵ مەسەلەی میللی بووەتە فەرهەنگی سیاسیی یەک یەکی بنەمالەکان و بەداخەوە تەشەنای کردۆتە نێو ڕێکخراوە سیاسیەکانی خۆشمان. کێ لە ئاست مەسەلەی میللی دژترە ، ئامەخوا پێیان پێشکەوتنخوازترە.

ئەگەر خۆمان گێل نەکەین و ئەتەوە ، وەک ئەتەوە بدەینە بەر نیگای هەلسەنگاندنێکی تەواو سیاسی ، نەتەوەی کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر دەتوانێ خاوەن چین و توێژی کۆمەلایەتی بێ و ناکرێ بەچاوی وشکی ڕاسیستی یەوە سەیری بکەی و بیکەیتە (فوسیل)ێکی ڕەق هەلاتووی دەوری کامبریەن . پێم وایە غەدر و زۆرداریبە کە هەموو خۆ فیداکردن و ماڵ و مایەدانان و کوڕ قوربانی کردنەکانی بەرەی هەژاران و زەحمەتکێشانی ئەم گەلە بکەیتە پاشکۆ و کلکی نەتەوی ترزلی کۆیلەداری بێ بەزەی قورسەکی بالای سەرمان. ⬅

نەتەوەیەک ، کە زۆرمان لە پێشکەوتنخوازاکانیان بیستووە و گەلێکمان لێ خوێندوونەتەوە کە : « هەر نەتەوەیەک بۆی هەیە چارەنووسی خۆی بۆ خۆی دیاری بکا ». بەڵام هەر کە قسە لە قسە ترازاوە و نەختێک هاتۆتە پای کردەوە ، ئەوەی کە بۆ ئەم دروشمە دەنگی لە هەمووان بەرزتر بووە وشڵپەی دەست لە ملدانیشی کەری لە بەغدا سڵەماندۆتەوە ، حاشای لە بووغمان کردووە ! یان ئەگەر حاشایشی پێ نەکرابێ ، دانیشتووە و بە مەیل و ئارەزووی خۆی دەرزی و درێشەی هەڵگرتووە و رەگەز و زمان و فەرهەنگی کەمە نەتەوەکانی لە پاشەڵی نەتەوەی باڵادەست گرێ داوە و کردوونییە بەشێکی بێ بەشی وڵات. بە کورتی ، من هەست بە راخوشینی شنەبای گیان بلاوێنی دێمۆکراسییەتێکی ئەوتۆ ناکەم کە بتوانێ کورد و هەموو نەتەوەکانی تر بگرێتە ژێر چەتری ئاسایش و بۆیان بێتەماڵ. دەگەڵ ئەوەش ، من پێم وایە هیچ شتێک ئەبەد زەمان نییە و بەرخ هەر لەژێر سەوە دا نامێنێ. بەڵام بەداخەوە چەڵێ وایە و هەتا واش بێ ، کورد و کەمە نەتەوە دابەشکراوەکانی سەربە وڵاتانی نادیموکرات ، ناتوانن ئەو جۆرەی کە دەبێ ، فەرهەنگ و ئەدەبەکەیان گەشە پێ بدەن .

● دیارە کورد لە ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکی وەک : بەیت وحەکایەت و پەندی پێشینیان و شتی لەو چەشنە ، تا رادەیەک دەوڵەمەندە بەڵام بە پێوانەی ئەورۆیی ، بە تێکڕایی ئەدەبەکەی لاواز لە قەڵەم دەدرێ، ئێوە چۆنی لێک دەدەنەوە؟

ـ لەو دەمەوە کە دایکی ( بوون ) لە سەر ئەم دنیایە دووگیان بووە و کۆرپەی مرۆڤی لە داوێن دابەزیوە ، نیسێک دواتر، کۆرپەیەکی دەم بە بزەتر و خۆش دەنگتر و خۆش ڕەنگتری لە داوێن دابەزیوە ،کە ناوی هونەری بە بەژن براوە . واتە مرۆڤ و هونەر لفەدووانەیەکن و لە زەمان دا پێ بە پێی یەک هاتوون و دێن . مرۆڤ بە هەموو ڕەنگ و شکڵ و شێوە جۆر بەجۆرەکانی یەوە براگەورەیە و ، هونەر بە هەموو لایەنەکانییەوە براگچکەیە . ئەوەی کە توانیوێتی و لەدەستی هاتووە راستییەکانی ژین و ژیانی مرۆڤ بنوێنێ و نیازە مادییەکانی ئینسان دەرخا ، هەر هونەری ئادەمیزاد بووە . لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی بەری مرۆڤ دا ، هەر بەشێک لەم براگەورەیە کە چالاکتر و زاناتر و تواناتر بووە و زیاتر خۆی بە پیت و بەرهەم خەنی کردووە ، دەسەڵاتیشی پتر ئەستاندووە و گوێچی خۆی گرتووە . برا گچکەکەشی لە سای ئەم سەرکەوتن و دەسکەوتنە ، هەنگاوی گەشەی هەڵگرتووە و رێی رەوتی برا گەورەی تەخت و رێکتر کردووە . بەڵام بەشێک لەم براگەورەیە کە نەی توانییوە چوارچێوەیەکی سەربەخۆی سیاسی بەدەوری هەست و ئەستی خۆی دابکێشی و خۆی لە باری ئابوورییەوە کەڵتە بکا ، بووەتە پشک و بەشی سەر بەشی ماڵان و دابەش کراوە، ئەگەرچی خۆی هەیە و هەشێتی ، بەڵام خۆی کەمە و هەبوونەکەی کز و لاوازە . نەتەوەی کوردیش بەشێکە لە بنەماڵەی ئەو براگەورەیە کە بەش کراو و بەش خوراوە . هونەری هەر نەتەوە و میللەتێکیش لە جێ و مەکانێک دا گەشە دەکا و دەگەڵ هونەری پێشکەوتووی بەشەکانی تری دنیا شان لە شان دەدا ، کە چاوسوور و دنەدەر و دایەن و دەرمانی هەبێ.

لە کوردستانی ژێرچەپۆکی ئێران دا هەتا راپەڕینە جوانەمەرگەکەمان نەدەکرا لە ماڵدا بە ئاشکرا کتێبی کوردیت هەبێ . لە کوردستانی ژێردەستی تاتاران دا، هێستاش کە هێستایە حاشان لێدەکەن و دەڵێن نین. کەوایە دەبێ چاوەڕوانی ئەوش بێن کە چەڵێ هەر لەو بەشە دا دەوڵەمەند بێن کە سنگ بە سنگ بۆمان هاتووە و دوژمن نەی توانییوە سنگمان تێک شکێنێ و لە سنگمانی دەرکێشێ. فارسەکان لە ئێران دا هەرچەند کەمە نەتەوەشن ، بەڵام بە هۆی زانینی چەمی دەسەڵاتداری و زۆر فێڵەزانی ، زمانەکانی عەرەبی ، کوردی ، بەلوچی ، ئازەری ، گیلەکی و تەنانەت زمانە لاتینەکانیشیان لە پەتی ووشە هاڵاندووە و ناوی زمانی فارسییان لێ ناوە وکتێبخانەکانی خۆیان پێ دەوڵەمەند کردووە . لە بەر بێ بەختی ، هیچکام لەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە ، مانای دیمۆکراسی نازانن ؛ ئەگینا دەکرا هەر وەک وڵاتانی دیمۆکراتی فرەنەتەوەیی ، لەژێر باڵی دیمۆکراسی دا بە دەرد و مەرگ و نان و نەوا و ئەدەب و فەهەنگیشمان راگەیشتبایەین.

● باشە کاک کوردان ، چیرۆک بە تێکڕایی دەبێ چ خسڵەت و تایبەتمەندییەکی هەبێ؟ واتە چ پێوانەیێکی گشتی هەیە بۆ هەڵاواردنی لە جۆرەکانی تری ئەدەب وەک : کورتەچیرۆک،حەکایەت، داستان و رۆمان و...

ـ ئەگەر بمان هەوێ خسڵەت و تایبەتمەندیی چیرۆک ( داستان ) لە قەڵەم بدەین، ئەو لە قەڵەم دان و هەڵسەنگاندنە ، بە بروای من ، هەموو لایەنەکانی چیرۆک ، وەک رۆمانس ، حەکایەت ، کورتە چیرۆک ، نۆڤەل ، رۆمان و شانۆ نامە و ... دەگرێتەوە ؛ چونکە چیرۆک (داستان ) ، بریتی یە لە تەواوی ئەدەبییاتی داستانی. ئەدەبییاتی داستانیش بە هۆی بوونی قالب و قەوارە و بابەت و ناوەرۆک و... ، بە رۆمانس ، حەکایەت ، کورتە چیرۆک ، نۆڤەل ، رۆمان ، شانۆنامە و... دابەش دەکرێن . هەرکام لەو بەشانەی ئەدەبییاتی داستانیش ، هیچ نەبێ ، دەبێ چەندێک لەو تایبەتمەندی و ئەجزایانەی کە داستانیان پێ ساز دەکرێ ، تێیان داهەبێ. واتە ئەگەر رۆمانێک ، یان کورتە چیرۆکێک بنووسین و ئەو نووسراوەیە هیچ بەسەرهات و کارەساتێکی تێدا نەقەومابێ ، قارەمان یا قارەمانانێکی تێدا نەبێ ، گۆزەپانێکی تێدا بەدی نەکرابێ کە قارەمانی داستان هەو هەوی تێدا بکا ، وەک مایە و هەوێن ، بابەتێکی سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، ئابووریی بۆی دانەڕژابێ کە قارەمانی داستان هەوڵی چارەسەری بۆ بدا ، گێرمە و ⬅

**پەیمانەکانی نێوان خوداوەندانی سەرزەوی ، وڵاتەکەیانیان لە سێدارە داوە و بە دەرمان و بە ژاراوی ئەوان قەڵاچۆ کراون . ئەرێ بە بەرهەقی بزانین کە مێژوونووسە بەویژدانەکەمان ، خۆی لەم تراژیدییە بێ خەبەر بکا و باسی بەهەشتی بێ خەم و خەیاڵاتمان بۆ بکا؟**

کێشەی نێوان دوو یان چەند هێزی دژ بەیەکی تێدا نەهاتبێتە مەیدان کە گرفتەکە بەلایەکدا بخەن ، هەڵتۆز هەڵتۆز و تێ هەڵچوونەوە و داکشانی تێدا نەبێ و لە ئاکامدا ، سێلەی بیر و بۆچوونی نووسەر ، ئەوتۆ شارەزایانە خۆ لە ئەجزاکانی داستان نەهاڵێنێ و خوێنەر بۆ داوەری و بۆ چارەسەری و دەرمانی دەردان نەکێشێتە مەیدان ، تەنانەت ئەگەر نووسراوەکە لەباری ئەدەبیشەوە لەبار و ئەخشین بێ ، هەر دەتوانین بە گوتارێکی ئەدەبی ناوی بەرین . کەواتە ئەو تایبەتمەندییانە و گەلێکی تری دیکەشن کە چیرۆک دەخولقێنن . بەڵام پێوانەیەک کە بکرێ هەر یەک لە جۆرەکانی ئەدەب، واتە کورتە چیرۆک ، حەکایەت ، رۆمان و ... لێک هەڵاوێرێ ، دەکرێ بڵێین چۆنی و چەندی و شێوەی دەکارهێنانی هەر ئەو تایبەتمەندییانەن کە هەندێکیان لەسەرەوە ناویان هاتووە .

دەکار هێنانی چۆنی و چەندی و شێوەی بەکار بردنی ئەو کەرەسە و پێداویستییانە، چەشنەکانی داستانیان لێ ساز دەبێ. هەر ئەو جۆرەی کە عیلمی شیمی دەڵێ:« زۆرشت هەن کە ئەجزای پێک هێنەریان( ئەتۆمەکانیان ) یەکە ، بەڵام چەندی و چۆنی و شێوەی پێکەوە نووسان و تێک ئاڵقانی ئەتۆمەکان یەک نییە و هەر بۆیە خودی شتەکان لە باری رواڵەت و تام و شکڵەوە لێک جیان » ؛ لە ئەدەبیاتیش دا دەکرێ بڵێین بەو وێنەیە. بۆ نموونە ، رۆمانس (Romance)، واتە حەکایەت و کۆنەچیرۆکەکان ، بەتاڵ لە تایبەتمەندی نین . کارەسات و بەسەرهات و رووداوەکان ریز بەدوای یەکدا هاتوون و لە باری زەمانیشەوە ، زەمانەکان باش دەکار هاتوون . بەڵام ئەو بابەت و کەرەستانەی کە لەم چەشنە بەرهەمانەدا دەکار کراون ، وەکی رۆمان و کورتە داستان و ... نین ؛ زۆربەیان لە مێشک و زەینی کەم زانستی ئینسانەکانی دەوری زوو سەرچاوەیان گرتووە و بەدوور لە راستین.

رۆمانس ، کە لە سەدەکانی بەر لە زایین دا خولقاوە ، لە سەرەتادا وەک چریکە و بەیتی کوردی بە کێش بوون و ئاهەنگدار . رۆمانس لە سەدەی سێزدەی زایینی دا بەرە بەرە رێی پەخشانی گرتۆتە بەر . هەموو ئەو حەکایەت و کۆنە چیرۆکانەی کە باسی خوداکان ، پاڵەوانبازی ، خۆشەویستی و سۆزی ئەفسانەیی ، بەسەرهاتی خەیاڵی و ... دەکەن ، لەم ریزەن. باشترین نموونەی رۆمانس ، چیرۆکەکانی « هەزار و یەک شەوە» . بەڵام لە رۆمان و کورتە چیرۆکی ئیمرۆیی دا ، ئاوێنەیەکی ئادیار بەرامبەر بە ژیانی رۆژانەی نیشتەجێیانی سەر گۆی زەوی راگیراوە و بە یارمەتی لە هەموو تایبەتمەندییەکان ، وێنەی هەموو لایەنەکانی ژین و ژیانی ئادەمیزاد دەخرێتە سەر پەردە و دەکەوێتە بەر چاوی خوێنەرانەوە . خەم و پەژارە و غەدر و دەس درێژی، ستەمی ستەمگەران و رەنجی رەنجدەران ، توندەپێچ و جەنجاڵی بازاری سیاسەت و قوربانیەکانی بێ خەبەری ئەم رێبازە و هەزاران بابەتی تر لە رۆمان و کورتە چیرۆکدا خۆ دەردەخەن کە هەومووی و هەومووی بۆ پساندنی زنجیری دەست و پێی بەشەرییەتن.

رۆمان و کورتە چیرۆک ئەگەرچی رێبازێک دەپێون و لە زۆر لان و لایەنان وەک یەکن ، بەڵام لێک جیاوازیشیان لە نێوان دا هەیە. لە رۆماندا بەسەرهات و رووداو و کارەسات بە پێی دەسەڵات و هەر هەوی کەس یان کەسانی داستان ، دەتوانێ زۆر بە لک و پۆ بێ. قارەمانەکانی داستان لە رۆماندا زەمانی قسەیان لەدەم دا دەبزوێ و قسە دەکەن . واتە ئەگەر لە رۆمانێکدا قارەمانی داستان دەم نەکاتەوە و زمان نەبزێوێ ، خوێنەر شەکەت دەکا. قارەمانی داستان لەوانەیە لە رۆمانەکە دا لە دایک ببێ و هەموو گەشە و ئەشەی ژیانی لە گۆرەپانی داستانەکە دا تێپەڕ بکا. لەوانەشە لە دەورەیەکی تایبەت دا بێتە ناو رۆمانەکە و بەشێکی زۆری ژیانی لە رۆماندا تێپەڕ بکا. قارەمانی رۆمان بە زەمان ومەکاندا تێپەڕ دەبێ . زەمان و مەکانەکان هەموویان لە رۆماندا نێویان هەیە. بەڵام کورتە داستان چەشنی پەنجەرەیەکی بچکۆلانەیە کە نووسەر بەسەر بەشێک لە رووداوێکدا دەی کاتەوە . قارەمانی داستان بەهۆی سنووردار بوونی گۆرەپانی بەرێتی ، ناتوانێ وەک قارەمانانی رۆمان هەوهەوی بێ و لەم شوێن بۆ ئەو شوێن بڕوا و دەستەجڵەوی داستان بەدوای خۆیدا بکێشێ . لە کورتە چیرۆکدا ، بابەتی بنەڕەتی و مەبەستی هەرە گرنگی نووسەر ، وەک چرایەک لەدەستی قارەمانی داستان دا دەگەڕێ . وردە بابەتی تریش هەن کە وەک وردە مۆم ، لە دەور و بەری بابەتی بنەڕەتی دا، بە شۆقی کەمەوە ، شۆق و رووناکی دەدەن و هەر هەموو شۆق و گڕ و گەرماکەشیان دەبەر رووناکی و شۆقی ئەو چرایە دەمرێ کە قارەمانی داستان دەیبا بەرێدا. قارەمانی داستان ، پێشەکی و بەر لەداستان ، لە نێو کۆمەڵ دا شکڵی گرتووە و شکڵ گرتوو دێتە ناو داستان . قارەمانی داستان دەتوانێ بێ ناو و نیشان بێ . شوێن و مەکانەکانیش دەتوانن هەر بە نێوێکی گشتی ، وەک بازاڕ ، دێ ، رۆخی زرێ و ... ناو ببرێن .

لە راستی دا کورتە چیرۆک وەک چرۆی دارە ، لەناوەوەی ئەم ⬅

چرۆیە دا گوڵێک دێتە دەرێ . گوڵەکە دەپشکوێ و دەبێتە دەنکە میوەیەک. بەڵام ڕۆمان وەک هەموو چرۆی دارەکەیە کە داگەڕاوە بە گوڵ

دەڵێن :« کورتە چیرۆک تەنیا سازێکە دەنگی دێ و ڕۆمان سەمفۆنیایەکە و لە دەیان سازەوە دەنگ تێکەڵی یەک دەبێ . »

بەتێکرا ، هونەری نووسین دەبێ قەنات و کاناڵێکی تەواو سەربەست و تایبەت بە خۆی هەبێ و دەربەست لە خزمەت ژیانەوە و کەسایەتی پێدانی مێشک و بیر و بۆچوونی ئینسانەکان دا بێ . ئەگەر هونەری نووسین بخزێتە ناو چوارچێوەیەکی تەنگی ئایینی ، نەتەوەیی ، سیاسی ، بێ شک زۆر ناخایەنێ تووشی دوگماتیزمێکی ماڵ وێرانکەر دەبێ و دژ بە ئەرکی سەرشانی خۆی دێتە مەیدانی شەڕ.

● ئایا گۆڕانی بار و دۆخی سیاسی دەبێتە هۆی گۆڕانی باری ئەدەبی و هونەری یان ئاخۆ دوو ڕەوتی لێک جیاوازن؟

ـ ئەوەی کە تا ئێستا لە دنیاکەی خۆماندا بیستوومانە و خوێندوومانە و بینیومانە ، نزیک بە هەمووی دەڵێن کە گۆڕان و ئاڵوگۆڕی بار و دۆخی سیاسی ، قورسایی دەخاتە سەر هونەر و ئەدەبیات . ئەگەر دەنگ و ئەوای موسیقا لە وڵاتێکدا لەپڕ بگەڕێتەوە ناو حوجرە و تەکیە و دەروێشدان و خانەقاکانەوە ؛ ئەگەر شاباڵی مەلی شیعر ( ئەوەی بە ئاشکرا دەنووسرێ ) ، خەڵک و دەرد و ڕەنجی خەڵک جێ بهێڵێ و بەرەو بارەگای زاتی باری بفڕێ ؛ ئەگەر سەرچاوی ئاوی زوڵاڵ و خاوێنی داستانی منداڵان و لاپەڕەی گۆڤارەکان ڕێ کل کەنەوە و لە ڕێدا تووشی زەل بێن ؛ بێ شک دەبێ هێزێکی مەزن لە ئارا دابێ کە ئاڵ و گۆڕێکی ئاوای پێک هانی بێ .

ڕاستە کە هونەر بە هەموو لایەنەکانییەوە، چل مێردە یەکی( اهرم ) بەتوانایە و ڕەوڕەوەی ژیانی مرۆڤ بەرەو پێش دەبا؛ ڕاستە کە زەمزەمەی هونەر و ئەدەبیات چرای دەستی پێغەمبەرێکی ئەدیارە و ڕێی دەرەتان بە ئینسان دەنوێنێ ، بەڵام دیکتاتۆریزمێکی کە لەوڵاتانی وەپاش کەوتوو سەرهەڵدەدەن ، چل مێردەکانیان هەرئەوەندە بەتوانا و کێو هەڵتەکێن ، کە دەتوانن لەنگەری دوور وڵاتانیش بشێوێنن . هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی ، ئەگەر بەرهەمەکەی گەشەی دیمۆکراسی و لابردنی بەند و بەست بێ ، پڕ ئاشکرایە، ڕێ بۆ قەڵەم دەکاتەوە بۆ سنووری دوور . بە پێچەوانەش ، حوکمی ڕەشی دیکتاتۆرانی تاریخ دەبێتە داکەوتن و نوچ دان و تێداچوون . هێرشی مەغوول و تاتارەکان لە ئێرانی کۆندا شێوازێکی لە وێژە و شیعری ئێرانی پێک هانی کە پڕاوپڕی پاڕانەوە و لاڵانەوە و سەرکزی و خۆ بەستنەوە بە ئەمری غەیبییە؛ یان لەسەردەمی دەسەڵاتداریی «سەفەوی »یەکاندا ، بە هۆی داسەپاندنی ئایینزای شیعە لە لایەن پاشاکانەوە ، وێژە و وێژەوانی داکەوت و بوو بەپاشکۆیەکی لاوازی ئایین . پێ هەڵاکوتن بە شاسوارانی ئایینی و بەرزکردنەوەیان، بوو بەخۆراکی ڕۆژی نووسەر وشاعیران . کتێبی ( *بحارالانوار* )ی ملامحمد باقری مجلسی ودەیان کتێبی تری لەوچەشنە ، وێنە و نموونەیەکن لەداشکان و ڕۆچوونی ئەدەب .

ئێمەی کوردیش کە یەک نین و لە هەر بەشەی وڵاتی داپەش کراویشمان دا، تووشی دیکتاتۆرانی بێ ڕەزای دەوری بەرپەرپەت هاتووین، لە باری ئەدەبی و هونەرییەوە نەمانتوانیوە یان باشترە بڵێم نەیان هێشتوە ، گەشە بکەین. هەرچەند زۆریشمان هەوڵ داوە، بەڵام بەرهەممان کزە.

● هێندێک لە نووسەرانی ئەورووپی پێیان وایە کە لایەنی هەق و دادخوازی و تۆڵە و بەرەنگاری ، لەئەدەبی کوردیدا ، زۆر بە هێزترە تا لایەنی سروشت و جوانی و ئیستەتیک ، ئایا بە ڕاستی وایە؟

ـ دەڵێن:« نووسەر، مێژوونووسی بە وێژدانی سەردەمی خۆیەتی» . ئەوەی کە کورد لە مێژووی ژیانی خۆی دا فێری بووە ، هەر هەڵات هەڵات و سەرکوتانەوە و کوشتن و بەند و زیندان بووە . بۆ پاراستنی بوونی خۆی و بۆ بەرگری لە تواندنەوە ، لە هەر دەور و زەمانێکدا جێی ئەرمانی جێ هێشتووە و خۆی بە هەرزن و کەشک و چەک و چیا ئەسپاردووە . چەکی سوور و ڕەش و زەردەکان شار و دێیان لێ سووتاندووە . پەیمانەکانی نێوان خوداوەندانی سەرزەوی ، وڵاتەکەیانیان لە سێدارە داوە و بە دەرمان و بە ژاراوی ئەوان قەڵاچۆ کراون . ئەرێ بە بەرهەقی بزانین کە مێژوونووسە بەوێژدانەکەمان ، خۆی لەم تراژیدییە بێ خەبەر بکا و باسی بەهەشتی بێ خەم و خەیاڵانمان بۆ بکا؟ ئەگەر دوو منداڵی هاو تەمەن ، کە یەکیان پەروەدەکراوی «قارنێ» و« قەڵاتان »ی کوردستانە و ئەوی تریان گۆشکراوی شاری ستۆکهۆڵمە ، بچنە خەو ؛ پێتمان وابێ لەخەو دا چ دەبینن ؟ بێشک منداڵی کورد خەون بە برسیایەتی ، ڕەوین ، کەوتن ، کوژتن ، خنکاندن و خوێن و خەرمان سووتان ـ ەوە دەبینێ و منداڵی شاری ستۆکهۆڵم خەون بە ئەهوەنی و ئارامی و کۆترەسپیلکەکەی سەر سوێی بانانەوە دەبینێ. دەی نووسەری سوێدی ئەگەر تووڕە بنوسێ و شیر و تیر هەڵسووڕێنێ و لە چیرۆکەکانی دا دنیای بێ خەم و خەیاڵان بتاسێنێ ، خوێنەران دەترسێنێ و پێی دەڵێن نووسەرە شێتە. بە پێچەوانەش ئەگەر نووسەری کورد خۆی لە ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری گێل بکا ، غەدر و تاڵانی سەر کورد بشارێتەوە ، دوژمنی باوە کوژتەمان بکاتە داوەری دڵ پڕی بەزەیی، چەکمەڕەقەکان بەرێتە مەرتەبەی خودایی و لەسەریان نە نووسێ و خەڵکان هان نەدا بۆ دۆزینەوەی ڕێی چارە ، با هەزارجار بە قەڵەم ووشەی ڕەنگاوڕەنگ بهۆنێتەوە و بیکاتە ملوانکە و بیخاتە ئەستۆی کیژۆڵە بێ دایک و باوکەکەی هەڵەبجەی بێ تاوان ، من پێم وایە نە خۆی چی پێ دەبڕێ و نە تاوانی تاوانبارەکانیشی پێ دەشاردرێتەوە . دیارە قەڵەم نابێ هەر ⬅

**❏ لە دەرەوەی وڵات، لە هەموو بوارەکانی هونەری دا ئیمکانیاتێک هەیە کە هونەرمەند دەتوانێ بە ئیلهام وەرگرتن لە نیاز و خواستی خەڵکی خۆی ، لە ئیمکانیاتی پێشکەوتووی دەرەوەی وڵاتیش کەڵک وەرگرێ.**

شێن گێڕ بێ ؛ قەڵەمی شێن گێڕی سەر بەماتەم هیچ خەمێک چار ناکا و هیچ دەردێک دەوا ناکا .

● تا ئەو جێیەی من ئاگادارم ، ئێوە زۆربەی کورتە چیرۆکەکانت بە یەکێک لە پێشمەرگە شەهیدەکان پێشکەش کردوە ، بەڵام کتێبە تازەکەتان « کۆمەڵێ شاخی بەرز... » بە تەمەر ماموستا هێمن پێشکەش کراوە ، دەکرێ هۆی ئەوە بێژن؟

ــ راستیتان گەرەک بێ ، یادی رەفیقان و هاوڕێیانی تێکۆشەر هەمیشە لە دڵم دایە و هەر یادی ئەوانە کە زۆرجار دەستی مێشکم دەگرن و بەرەو نووسینم دەبەن . بەڵام تۆ بی و خودا ، ئەرێ تۆیش ماموستا هێمن بە پێشمەرگە دانانێی؟ « بۆ بە کفری دا دەنێن گەر من وەکوو پێشمەرگەیەک ... » دیارە ماموستا هێمن لە سەردەمی ژیانی خۆی دا وەک پێشمەرگەی چەک بەشانی شەڕکەر نەهاتۆتە خەبات . بەڵام خۆ هەموومان دەزانین کە تەمەنی لاوی و هەموو تەمەنی خۆی کرد بە فیدای ئەم رێیە و لەم رێیەش دا قەتی کۆڵ نەدا . من پێم وایە ماموستا هێمن پێشمەرگەی رێبازێک بو کە بە ئیمانی پێەو، هەتا داری ئاخر بۆی هات و خۆی فیدای کرد. بۆ ئەو هەر ئەوەندە بەسە کە قەتی سەر دانەنواند و قەتی دێوەزمە نەکردە پەری. سەرەڕای هەموو شتێک ، منیش وەکی خۆت ، قەتم مەدرەسە و مەکتەب بە کوردی نەبینیوە و لە رێی خوێندنەوەی شیعرەکانی ماموستاهێمن ـ وە فێری ئەو چەند پیت و لەتە بووم.

● با ئەوەش بڵێم ، من کتێبی «کۆمەڵە شاخی بەرز...» م خوێندەوە و تا خوا حەز بکا بە دڵ چێژم لێ وەرگرت بە تایبەت لە باری دارشتن و زمان پاراوی ، بە راستی دەستەکانت خۆش . بەڵام نایشارمەوە ، هیچ پێم خۆش نەبوو « هەنار » بە کۆنە تاپڕێکی تازە دۆستەکەی باوکی بکوژرابایە؟

ــ من خوێنەرانی کتێب ، وەک بینەرانی جەنگەڵ دەبینم . چەند کەس دەچنە سەیری جەنگەڵێک. لەوان ، یەکیان شاعرە ، یەکیان پارتیزانە ، یەکیان دارتاشە ، یەکیان وێنەکێش و نەقاش و رەسامە ، یەکیان راوچییە و ... ؛ دیارە هەموویان دارەکانی لێرەوار و دیمەنەکەی بە یەک چاو نا بینن . شاعیر لە دەریچەی روانگەی خۆیەوە کە پڕی سۆز و هەستە ، جەنگەڵ دەداتە بەر نیگای چاو. پارتیزان ، قوڵایی و بڕوێنی ئاخی لێڕەوارەکە بۆ پاشەکشە و خۆ حەشاردان هەڵدەبژێرێ . دارتاش ، دارە بەرز و لێک و لووسەکان بە خەیاڵ بۆ ئیشەکەی خۆی دادەتاشێ و ...

من وڵات و خەڵکی وڵاتەکەمان کەمتاکورتێک دەناسم و تۆیش دەیناسی و گەلێکی تریش دەیناسن و دەزانن کە وڵات ، حکومەت ، سەرۆک و ژێرۆکەکان چۆنن و چین و پێویست ناکا لێفە لەسەر هەتیوان وەلابەرین. دنیای سیاسەت و گۆرەپانی خەباتی چەکداریشمان دەناسین و دەزانین کە ئەگەرچی گەرم و ئاگراوی بووە و هەیە ، بەڵام بێ عەیبەش نەبووە و هێستاش نییە. «فەخرە »ی قارەمانی داستان ، پەروەردەکراوی کۆمەڵی کوردەواری و راهاتووی مەیدانی خەباتی کەژ و چیایە و هەموو تایبەتی و تایبەتمەندییەکانی لەو دووانە پێ براوە. فێر بووە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی خۆی دەست بۆ چەک بەرێ .

شۆڕشەکانمان هەمووی چەکداری بوونە و هەموویشیان مالیان لە چیاکاندا بووە . چ دەوری دەرەبەگایەتی بووبێ و چ سەردەمی سەرمایەداری ، فەرقمان پێ نەکردووە و لەهەموو دەور و سەردەمێکدا هەموومان رووبە کێو هەڵاتووین و شارەکانمان بۆ داگیرکەران جێ هێشتووە. لە شۆڕشەکانیشماندا هەر لەکۆمەڵ فێر بووین و بە کۆمەڵمان فێر کردۆتەوە. واتە هەرچی کە لە رابوردووی کۆنەوە بوومانە ، لە ناو بازنەیەکی تەنگی جەمسەر گرێ دراو دا ، وەرمان گرتووە و داومانەتەوە . ئینسانەکانی کەنار دەریای کتێبەکەی « خۆزەئە دوکاسترۆ »ین و هەر قرژاڵ لە کەناران هەڵدەگرینەوە ، دەیخۆین و دەیخۆین. بەڵام ئاخرسەر خۆیشمان لە کەنار دەریاکە پیر دەبین و بەلادا دێین و ئەوجار قرژاڵەکان دەمان خۆن و هیچمان لە هیچ.

شۆڕش ئەگەر بۆ ئاڵوگۆری کۆمەڵ بێ ، دەبێ وەک بەشێک لە عیلم و زانستی کۆمەڵناسی چاوی لێ بکەین و لە زانست بەهرە وەرگرین و رێرەوانی رێبازەکەش لەم بەرەکەتە پاراو بکەین. بەڵام زۆرجار لەبەر ئەوە کە سەرمان بێ کڵاو ئەمێنێتەوە ، بە پەلە خۆمان پێدادەوە . فەخرەش لەسەرچاوەی سونێ را، نەهاتووە کە تەنانەت لە ئورۆپاش گرفتی خۆی بە چەک رەها نەکا. چەک زانینمانە ، دەرمانمانە ، رێی رزگاری و دەرەتانمانە. دەگەڵ هەست و شعوور و مشوورمان تێکەڵاوە و بووەتە بەشێک لە رووح و گیانمان. « فەخرە »کان لەباری ⬅

پسیکۆلۆژییەوە ئەوەن کە هەن. قەخرە پێی خۆشە پیاوەتی بکا ، خۆی دەبەر هەموو کەس بڕتێنێ ، ئامۆژگاریی هاوڕێ « ئازاد » بسەلمێنێ و بۆ تاقی کردنەوەیەکی دی هەستێ. بەڵام لە بەرامبەر ئازاری ئەم جارە دا کولە و ڕێ بە دەرمانی دا نابا. پێم وایە ئەگەر تۆیش بەلای «قەخرە »وە بوایەی و بە هەستی ناسکی شاعیرانەشت داوای ـ کورە ئەکەیت ـ ت لێ کردبایە ، «قەخرە » ئەوەیە کە شکڵی گرتووە و هەر ئەوەی دەکرد کە کردی . چونکە مامۆستای هەوەڵ و ئەزەلەکەی کە کۆمەڵی کوردەواری بێ ، لە تۆ و لە هاواری تۆ ، زۆر زۆر بەتواناترە. ئەگــەر بمان هەوێ «قەخرە »کان بگۆڕین ، یان دەبێ باوەڕمان بە پڕۆسە و زەمان هەبێ ، یان دەبێ ئێمەیش وەکی عبدالرحیم تالبۆف ، بۆ کۆڕیە خەیاڵییەکەمان ( ئەحمەد ) ، کتێبی ( سفینەی ئەحمەدی ) بنووسین و لە زارۆکیی و ساوایییەوە دەستی ئەحمەدەکان بگرین جۆرێکیان پەروەردە بکەین کە دەبێ بێن .

با کورتی کەمەوە و گوتەکەی سەرەوەم دووپات بکەمەوە و بڵێم کە خوێنەرانی کتێب بە گوێرەی هەستی خۆیان بە داوەری هەڵدەستن . ڕەنگە من و یەکی تر ، هەر دوومان شتێک ببینین ، بەڵام لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنمان یەک نەگرنەوە وئەم شیعرە فارسییە بخەینەوە بیر کە دەڵێ :

« تو مو می بینی و مــن پیچش مو
تو ابرو ، من اشــــــــارتهای ابرو
تو لب می بینی و مــن خندەی نــاز
تو چشم و من نگاه ناوک انداز... »

بەڵام کاکی بەڕێز، ڕاستە لە نێو ئێمەدا هەموو تفەنگێکی ڕاو ، تاپری پێ دەبێــژن . بەڵام تاپڕ و ڕەشــۆکی و ســەرپڕ ، بریتین لەو تفەنگانە کە گەرروویان بێ خانن ، لە ڕێی زارکی تفەنگەکەوە ، بە وردە ساچمــە و دەرمــان دادەگیــرێنەوە و بە پلــیتــە یان بە « چەشنی » دەتەقێنرێنەوە . تفەنگی ڕاومان هەیە کە لە برنەو بەکارترە و فیل بە فیشەکێک دەکوژێ.

● دەکرێ بپرسم چۆن بوو ئەو چیرۆکەتان نووسی و لە چیتــان ئیلهام وەرگرتوە؟

ـ بەشێک لە کتێبەکە ، دیتراوەکان و بیسراوەکانی خۆم و هاوڕێیــانی خۆمن کــە وەک مــایە بووم مــاونەتەوە ؛ ئەوان و ژیانی دەربەدەری و ڕەنگ و نیگاری خۆشەویستیێکیش دەستی قەڵەمی کێشاوم و بەرەو ئەو نووسینەیان بردووم .

● بە بۆچوونی من ، سەبارەت بە نووسینەکــانی پێشــوو ، جۆرە سەرکەوتنێکە ، خۆتان ڕاتان چیە؟

ـ لەو نووسراوانەم کە هەتا بە ئێستا بڵاو بوونەتەوە ، منیش هەر پێم وایە ، وایە . بەڵام لە نێو ئەو نووسراوانەی کە بەهۆی گرفتاری ئەم توانیــوە تەواویان بکەم ، شتی دیشم هەن کە خۆم زۆرم پێ خۆشن . ڕەنگە ئەگەر بتوانم کورتە ڕۆمانی «تۆ دەریامی »م بەئەنجامی بگەیەنم وڵامی ئەم پرسیارەت بگۆڕم.

● هیــوادارم... بەڵام کــاک کــوردان، من خــۆم پێم وایە هەر نووسەرێک کە لە زێدی خۆی دوور کەوتەوە ، جۆرە مەترسییەک ، چ لە باری ئیلهام و چ لە باری داهێنان و خــولقان بەرەو ڕووی دەوەستی ، ئێوە لەو بارەوە چ دەبێژن؟

ـ بەرەو ڕوو وەستانی ئەو جۆرە مەترسییانە هەر نەک بۆ نووسەری دابڕاو لە وڵات ، بەڵکە بۆ هەمــوو خەڵک و بۆ هەمــوو هونەرمەندانی دەربەدەر ، ڕاستە. بەڵام ئیمــڕۆ وەک دوێنێ نییــە. ئیمــڕۆ بە هۆی هاتووچۆی خـــەڵک لە وڵات بۆ دەرەوە و بە هۆی دەیان ئامـــراز و کەرەسەی پێوەندی دەری وەک تەلەیفون، ڕادیۆ ، تەلەڤزیۆن ، ڕۆژنامە ، فیلم و نامە و شتی تر ، ئینسانی خاوەن هەست دەتوانێ لە بەشێکی دەردەکــانی کــۆمــەڵی خــۆی خــەبەرداربێ و بۆ داهێنان و خــولقــاندنی بەرهەم، ئیلهــامــیــان لێ وەربگرێ. لە دەرەوەی وڵات، لە هەمــوو بوارەکــانی هونەری دا ئیمکانیاتێک هەیە کە هونەرمەند دەتوانێ بە ئیلهام وەرگرتن لە نیاز و خواستی خەڵکی خۆی ، لە ئیمکانیاتی پێشکەوتووی دەرەوەی وڵاتیش کەڵک وەرگرێ. ئەگەر گوێیەک بگرینە ئەوای هونەرمەندە دەنگبێژە و خۆشخوان و دەربەدەرەکانمان ، ئیلهام و پێشکەوتیان تێدا دەبیبدرێ ؛ ئیلهام لە گیان و ڕوحی زنجیرکراوی خەڵکەکەیان و کەڵک لە مۆسیقای عیلمی و سازە پێشکەوتووەکانی ئیمڕۆیی. لە نووسینیش دا هەر بەم تەرتیبە .

بەڵام با ئەوەش بڵێین و ئەی بەینە ژێر گۆڕ، کە نووسەر و شاعیری واشمان لە ناو جەرگی وڵات دا هەبووە و هەنە کە بەداخەوە نانی کون ماسی دەخۆن و باسی جرتاوا دەکەن .

● هەروەک دەزانن زۆربەی نووســەرە لاوەکــانی ئێشــتــمــان ، بەرهەمەکانی خۆیان لە « سروە » دا بڵاودەکەنەوە ، هەڵبەت مەبەستم زیاتر چیرۆکە ، ئێوە چۆنیان بەراورد دەکەن؟

ـ بەداخەوە لە هەموو گۆڤارەکانی سروە کە تا بە ئێستا دەرچوو ون، من هەر پێنج ژمارەم لێ دیون. دەگەڵ ئەوەش کە ناکرێ هەموو خەرمان بە مشتێ بناسرێ ، بەڵام نووسینەکان ، بە پێی ئەو هەل و مەرجەی کە نووسەر تێیدا دەژی ، دوا ڕۆژێکی ڕوون دەنوێنن . ■

چیرۆک

# مەهاباد

## عەلی ئانەوازادە

هەورە گەواڵگەواڵەکان یەک دەگرن، بە سەر یەک دا دەکەون و ئەستوور دەبن. شەماڵ سەر بە کەلێن و قوژبنی شار دادەگرێ و ئەوەی وەگیری دەکەوێ رەپێچەکی دەدا. شار تێکەڵاوی شەو بوە. برووسکەیەک بە هەورەکان دا دەگەڕێ و ئاسمان و شار رووناک دەکاتەوە.

شاعیری پیر لە سەر لا تەنیشت درێژ بوە و ئانیشکی لە سەر سەرینەکەی چەقاندوە و جگەرەی بە با دەکا. چەند پەڕە کاغەز و قەڵەمێک لە پەنای کەوتوون و خۆی وەک راوکەرێک دەنێو دووکەڵی جگەرە دا خەریکی راوە، راوی بیر و خەیاڵ. گرمەی هەور وەخۆی دێنێتەوە. نێچیرەکان بڵاو دەبن و دەپڕینگێنەوە. جگەرەکەی دەکووژێنێتەوە و هەڵدەستێ.

رێژنە، بە تەوژم وڵات دەکوتێ. باران گڵەبانەکان دەشواتەوە و بە پلووسکە زار بە هاوارەکان دا رایاندەماڵێتە خوارێ.

هەڵمی شووشەی دەلاقە دەسڕێتەوە. دەڕوانێتە دەرێ. چراکان کووژاونەوە و تەنیا تارمایی خانوەبەرەکان دیارن کە خۆیان داوەتە بەر باران. پەنجەرەی دەکاتەوە و دەستێ بۆ نمی باران درێژ دەکا. بایەکی سارد دەگەڵ بۆنی باران و گڵی تەڕ خۆ بە ژوورێ دادەکەن. دەستی بە دەموچاوی دادێنێ. تەزوویەکی ساردی پێدادێ. پەنجەرەی دادەخاتەوە و بە پەلە دە جێگاکەی دەخزێتەوە. بەرەوپشت درێژ دەبێ و لێفەکەی هەتاکوو ژێرچەنەی هەڵدەکێشێ.

برووسک و گرمە و رێژنە بێوچان و بێبڕانەوە خەریکی کاری خۆیانن.

پشتی ژانێکی پێدادێ و دڵی دادەخورپێ. رادەچەنێ و لە سەر جێگەکەی دادەنیشێ. دمی وێکدەنێ و بە تفنکی دا هەناسەکان دێنێ و دەبا. بە غەریزە هەست دەکا مەرگ لێی نزیک دەبێتەوە. ترسی مردن و بەجێهێشتنی دنیا مووچورکی پێدادێنێ. هەناسەیەکی درێژ هەڵدەکێشێ و بە ئاخێک دەیداتەوە دەرێ. سەری دەگێڕێتەوە دێ و چاوی رەشکە و پێشکەی دەکا. بە دەستەکانی رووی دادەپۆشێ و چاوی دەقووچێنێ. مێشکی بە پەلەپەل وەکار دەکەوێ، رابردووی بۆ رێچکە دەکا، دەفتەری ژینی پەڕپەڕ بۆ هەڵدەداتەوە، ئەوەی لە بیری چۆتەوە وەبیری دەخاتەوە. پێی سەیرە قەت زەینی ئاوا باش کاری نەکردوە.

چاوەکانی دەکاتەوە. بەڵام نا، دەرباز بوون نیە. دەفتەری ژینی لە سەر لاپەڕەی مەهاباد راوەستاوە. دێڕ بە دێڕی بۆ دەخوێنێتەوە. مەهاباد لە مێشکی دا دێت و دەڕوا. خولان دەدا و لە بەرانبەری دادەنیشێ. چاوە رەشەکانی تێدەبڕێ، چاوەڕوانی وڵامە.

سەری رادەوەشێنێ بەڵکەم ئەم خەیاڵانە لە خۆی دوور کاتەوە، بەڵام کەڵکی نیە و دەبێ خۆ وەدەستەوە دا. ئەوجار خەیاڵ ئەوی ڕاو کردوە. خۆی تەسلیمی خەیاڵی مەهاباد دەکا. دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک کە پەڕیوە ببوو، دەگەڕێتەوە..

***

ئێوارەیەکی غەمباری پاییزیە. نۆبە دەستەڵاتی زریان و هەڵوەدا بوونی گەڵا هەڵوەراوەکانە. وەک چەلان بە شل و شەوێقی جلەکانی دەبەر دەکا. دەیەوێ وەدەر کەوێ و لە شوێنێکی دوور کوڵوکۆی هەڵڕێژێ.

" لە وڵاتی نامۆ دایم و دەرهەم غەمێک لە سەر شانی غەریبانە کە وەک سێبەر بە دوایانەوە، ئەویش غەمی هەڵوەدا بوون و پەڕیوەیی، غەمی جوێ بوونەوە و هەڵبڕانە. ئێوارانە ئەوەدەم کە خەریکە سێرە هەڵگیرێ ئەم غەمە تەشەنا دەبێتەوە و غەریب هان

دەدا کە خۆی لە کۆمەڵ و حەشیمەت دوور خاتەوە و پەنا بۆ چۆڵایی بەرێ و لەوێ پڕ بە دڵ بناڵێنێ و بۆ ماوەیەک خۆی سووک کاتەوە"

لە بەر ئاوێنە دەستێک بە سەر و پۆتەڕاکی دادێنێ. ژێر چەنەی هێشتا پەلەمووی پێوە ماوە کە دیارە بە بێوازی تاشراوە. لێوی هەڵدەقرچێنێ و وەدەر دەکەوێ. لە بەرانبەر دەرگای ماڵەکەی چاوی بە کچێکی لەباری تازە پێگەیشتوو دەکەوێ کە پاڵی وە دیوار داوە و چاوی لێدەکا. هێمن شاعیرانە و هێمنانە هەڵیدەسەنگێنێ. ماوەیەک بە چاوە پرووشەکانی تێی ڕادەمێنێ. خەفەتێک لە چاوەڕەشەکانی دا بەدی دەکا. ڕووی وەردەگێڕێ و دەیەوێ بڕوا کە کیژەکە بە پەلە خۆی دەگەیەنێ.

- ببوورن ئێوە مامۆستا هێمنن؟

- وەڵلا هێمن هەم بەڵام مامۆستایەتیم نەکردوە.

هەر دووک پێدەکەنن. دەستی لە سەر شانی کچە دادەنێ و دەپرسێ:

- چ بوە کچم بۆ وا خەفەتباری؟ ئەتۆ بۆ دەبێ بزانی پەژارە یانی چی...چ قەوماوە؟

- دەمویست..من..یانی دەڵێم ئەگەر وەختتان هەیە دەموێ هەندێکتان قسە دەگەڵ بکەم. دەمویست بێمە لاتان بەڵام...بەڵام پێم شەرم بوو.

- بێقەزا بی کچم، ئەگەر هی وەکوو تۆ لەم شارە سەریان نەدابام ئێستا دڵم تۆقی بوو.

وێکڕا دەچنەوە ماڵێ. با بە کەلێنی پەنجەرەکان دا، بە وژەوژ خۆ دەژوورێ دەکوتێ. لە بەرانبەر یەک دادەمەزرێن.

- چای دەخۆیەوە کچم؟

کیژ بە پەلە وڵام دەداتەوە:

- نەخێر مامۆستا گیان، زۆر سپاستان لێدەکەم، زەحمەت مەکێشن.

- زەحمەتەکەی بۆ خۆت دەبێ بیکێشی. هەستە سەماوەرەکەی تێهاوێ با بە بۆنەی تۆوە منیش چایەکی بخۆمەوە.

کیژ بە بزەوە سەماوەرەکەی هەڵدەکا و لە سەر جێگەی دادەنیشێتەوە. هێمن چاوەڕوانە. کیژ زاری هەڵدەپچڕێ بە پتەپت و منگەمنگ دەڵێ:

- نازانم چۆن دەست پێبکەم... ئاخر... دەزانن چۆنە؟ ... من... من کوڕێکی عەرەبم خۆش دەوێ.

- دەی ئەوە هیچ قەیدی نیە.

- لەم ڕۆژانە دا هاتنە خوازبێنیم بەڵام باوکم سەرەڕای ئەمە کە لە جیش الشعبی دا ئیش دەکا ڕازی نەبوو.

- هەر ئەوەندە؟

- بەڵێ.

- وەڵلا کچم نازانم بڵێم چی. بە داخەوە لە نێو ئێمە دا ئەو دابە هەیە کە کچی خۆیان نادەن بە بێگانە. دەردێکی گەورەیە دەنا کوا خۆشەویستی ڕادە و سنووری هەیە، کەنگێ دڵ پێویستی بە زمان بوە. دڵ خۆی زمانی تایبەتی هەیە کە هەموو خاوەن دڵێک تێی دەگا و لە کاتی بێدەنگی دا هەزار قسە و ڕازی بە دەمەوەیە، من بەش بە حاڵی خۆم ڕێز بۆ خۆشەویستی و هەستت دادەنێم و پێم وانیە کە کارێکی چەوتت کردوە وەدوای دڵ کەوتووی. کوڕە چ کارەیە؟ بەڕەی خۆی پێ لە ئاو دێتە دەر؟ چونکە لەوانەیە بابت ئەوەی بۆ گرینگ بووبێ.

- کوڕە ضابطە، ئێوە پێی دەڵێن ئەفسەر.

- نەخێر وادیارە ئەوە نیە، باشە تۆ خۆت لە بابت نەپرسیوە کە بۆچی ڕازی نیە؟

- پرسیومە، هەر لەبەر ئەمەش هاتوومەتە لاتان تاکوو ڕای ئێوەش بزانم. خۆم ئەوەندەم بیر لێکردۆتەوە ئەوە کەللەم دەتەقێ. ئێوە لەم شارە دا دەمڕاستێکن، خۆشەویستێکن کە خەڵک قسەکانتان دەسەلمێنن، باوکیشم ئێوەی زۆر خۆش دەوێ و شێعرەکانتانی هەموو لە بەرە.

- کەوایە خۆت دەزانی هۆیەکەی چیە؟

- باوکم دەڵێ من کارم بە تۆ نیە شوو بە کێ دەکەی بەڵام ئەگەر شوو بەم ضابطە عەرەبە دەکەی دەبێ ناوت بگۆڕی و بە ناوێکی‌تر شووی پێبکەی. لە قاقای پێکەنینێ دەدا. کچەش پێدەکەنێ. هێمن هەروا بە پێکەنینەوە دەڵێ:

- بە ڕاستیتە یان گاڵتەم پێ دەکەی؟ جا چۆن ناوت بگۆڕی وەڵلا لە تەواوی تەمەنم دا شتی وا سەیرم نەبیستبوو، تۆ خۆت پێت سەیر نیە؟

- بۆچی منیش پێم سەیرە. هێمن دیسان پێدەکەنێ و دەپرسێ:

- دەبێ ناوێکی سەیرت هەبێ ها، ئەرێ بەڕاست ناوت چیە؟!

- مەهاباد!

- مەهاباد؟...

بزە لە سەر لێوی دەمرێ. تەواوی شاری مەهاباد بە کەس و کاری، بە پێشەوا و هاوڕێیانی، بە کووچە و کۆڵانەکانیەوە دەورەی دەتەنن. خۆی پێ ڕاناگیرێ و وەک منداڵ لە پرمەی گریانێ دەدا. کیژ دەشەمزێ، بە شپرێوی دەسرەیەکی دەداتێ. هێمن هەروا بەکوڵ دەگری. مەهاباد تاقەتی تەواو دەبێ و ئەویش

←

دەست دەکا بە گریان...

گەڵایەکی زەرد هەڵگەڕاوی لانەواز خۆ بە پەنجەرە دا دەدا. هەردووک وەخۆ دێنەوە. هێمن بە هەنیسکەوە دەڵێ:

- کچم ئەو قسەیەم لە رووی ئەقڵەوە نیە بەڵام هەستم دەڵێ حەق بە باوکتە. برۆ، برۆ ناوت بگۆڕە و مێرد بەو عەرەبە بکە!

مەهاباد فرمێسکی دەسڕێ و بە بێدەنگی وەدەر دەکەوێ..دەڕوا بەڵام ناوەکەی بۆ خۆی دێڵێتەوە.

***

سینگی ئاسمان خۆشخۆش ئاورینگی لێدەبێتەوە. گرم و هۆڕی خەڵک رادەپەڕێنێ. باران هێشتا لێی نەکردۆتەوە. شاعیری پیر سوکنایی هاتۆتێ و ئێشی نەماوە.

" بۆچی ئەو کارەم کرد؟ بۆ کچێکم مەحکووم کرد کە تەنیا بۆ خاتری ناوێک دەست لە هەستی بشواتەوە؟ ئەمن بۆ دەگەڵ باوکی هاودەنگ بووم. منێک کە دەمکووت خۆشەویستی هیچ رادەیەکی نیە و دە نێوان دوو دلدار دا نابێ هیچ لەمپەرێک هەبێ؟ منێک کە دەمکووت:

« ئەوین نابینێ بەینی قەوم و دینان
ئەوین نازانێ فەرقی تورێز و چینان* »

بۆ دەبێ ناوێک ژیانی کەسێک بگۆڕێ و خۆشەویستی و ئەوینێک بفەوتێنێ؟ من بۆ وام کرد؟ داخودا ئەو کچە ئێستا لە چ حاڵێک دایە؟ بڵێی تووکم لێ نەکا کە هێلانەی ئەوینم لێشێواندن و خۆشەویستیم لێ تێک دان؟"

قەڵەمەکەی دەست دەداتێ. دەیەوێ شتێک بنووسێ، کاغەزی سپی چاوەڕوانە. مەهاباد دوو باڵی چووکی بە سەر شانەوەیە و بە دەوری دا هەڵدەفڕێ و پێدەکەنێ. شاعیر دەستی بۆ لای درێژ دەکا. لە بەر چاوی ون دەبێ و لە مەودایەکی دوورتر دیسان وەدیار دەکەوێتەوە. بۆ لای دەچێ، دیسان ون دەبێتەوە. تاقەتی نامێنێ، ئەژنۆی شل دەبن. مەهاباد بەرانبەری راوەستاوە و پێدەکەنێ.

دەچێتەوە سەر جێگاکەی. بە دەستی لەرزۆک، بە خەتێکی خوار و خێچ، لە سەر کاغەزی تامەزرۆ دەنووسێ: مەهاباد پێدەکەنێ..ملی لار دەبێتەوە و بە سەر سەرینەکەی دا دەکەوێ.

***

باران لێی کردۆتەوە. هەورەکان بڵاو بوون و زەوی شۆراو بریقەی دێ. تریفەی مانگ لە سەر شارە خنجیلانەکەی مەهاباد لەنگەری گرتوە، دەڵێی مەهابادیش لەم شەوە دا پێدەکەنێ. ■

*: «ناڵەی جودایی» هێمن، ل ٦١.


**هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کورە**

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم

نووسینی: جەلیلی جەلیل

ئەنوە قادر محمد
لە رووسی یەوە کردوویەتی بە کوردی

ستوکهۆلم
١٩٩٣

قوارە: مام ناونجی
لاپەڕە: ١٩٢
Ibsn ٩١.٦٣٠.٢٢١٩.٢
بەوئادرێسە داوا بکەن:
Kordiska Konst Föreningen
Box: 4027
163 04, Soånga




ناهەنگی هەرمانی دڵ: کۆمەڵە شێعر
قەوارە: 20x12 لاپەڕە: ١٢٢
شاعیر: عەلی نانەوازادە
ئادرێسی داواکردن: A.Nanavazada
Karmgatan 3
65344 Karlstad

چیرۆک

٢

# قەرقەش

● سیامەند شێخ ئاغایی ●

چێشتانگاو بوو، ژاندارمە بەدێی وەربوون، لەپێشدا کوردەیان قۆڵ پێچ کرد. پاشانیش لەدژی کوردە خەریکی پڕکردنەوەی کاغەز و پەنجە پێوەنانی دانیشتوانی ئاوایی یەکان بوون. پاش ئەوەیکە پەروەندەیەکی ئەستوریان بۆ پێکهێنا، ئەوسا کوردەیان بەلێدان و کوتان بەرەو دێی سەعدون بەگ وەپێشە خۆدا و تاکوو نێو حەوشەی ئاغا ڕایان نەگرت.

مام هەیاس لەپڕ قسەکەی بڕی و لەنێو دڵی مانگەشەودا ڕووی کردە کاوە و پرسی:

-گوێت لێ یە کوڕەکەم؟

کاوە کە تەواوی بیر و هۆشی بەدوای بەسەرهاتی باوکیدا دەکێشرا، بەلەفزێکی شیرن و ساکار وڵامی داوە:

– باپیرە، چۆن گوێم لێ نیە!

مام هەیاس بەدوای مژێک لە سیغارەکەی گوتیپەوە:

– من بەر لەژاندەرمەکان خۆم دەماڵی ئاغای هاویشت. سەعدون دانیشتبوو، لەرکان چاوی لێ چوو بوە تۆقە سەر. بێ ئەوەی ڕوو لەمن بکا، چاوی لە گۆشەی دیواری بڕیبوو، بەچیلکەیەک ددانی دەئاژنی. "قلیج" سەرۆکی پاسگای ژاندەرمە کە بۆ دێزەیی و پیلانگێری ناوبانگی لەهەموو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا گەڕابوو، لەلای سەرەوە پاڵی دابۆوە و خوێن لە چاوی دەباری. بەوحاڵەش چوومە پێش، بە ڕدێنی سپییەوە دەستی قلیجم ماچ کرد و بە قۆڵی ئاغادا ئووسام و تکام لێ کرد. نەخێر، فایدەی نەبوو. ئەو مارزانە هەر بەسەگیشیان دانەنام! هەروا کە بەدەم پاڕانەوە دەستەو ئەزەر ڕاوەستابووم؛ کوردەیان بەپاڵەستۆدان هێنا و لەبەر دەرگای دیوەخانێ ڕایان گرت.

قلیج هەرکە چاوی بەکوردەی کەوت، گورج هەستا و بەبێ سوال و جواب وەبەر شەپ و زللانی دا. بەدەم جنێودان و گاڵتەجاڕییەوە، پەیتا پەیتا دەیگوت:

« تفەنگ و موسەلسەلی هەیە! کابرای پێخواس دەیهەوێ دژی دەوڵەتی ڕاپەڕێ !! بەرهەڵلا کوردستانی گەورە دروست دەکا... دوو زللە لەسەریەک... ئاژاوەگێری بێگانە پەرەست! پێت وایە ئەم وڵاتە بێ خاوەنە...؟ چەک هەڵدەکێشی؟ مستێک لەبەر چەنەگەی ... جا بزانە چۆن لوولەی تفەنگەکانت تێدەبڕم! »

پاش ئەوەی لە لێدان و کوتان وەستا، ئەوسا ڕوو بە ژاندەرمەکان نەڕاندی:

« وەرن ئەو کاڵە دڕاوەی دە تەویلەی کەن! »

کوردە هەتا بڵێی بەتاقەت و بوێر بوو. گوێی بە فڕولاتاو و لێدانی قلیج نەدەبزووت. دیتم چۆن نەترسانە ڕاوەستابوو، خۆ ئەگەر دەستی ئاواڵە بوایە، بەهەردووک دەستان بە ئەوکی قلیجی یەوە دەنووسا و تاکوو ئەی خنکاندبا دەستی لە ئەوکی نەدەکردەوە. لەکاتی بردنە دەردا کوردە ڕوو بە سەعدون گوڕاندی:

– خۆت پێ پیاوە؟! ئەگەر هیچ برە غیرەتێکت بایە، ڕعێتی خۆت ئاوا نەدەدا بەر دەستی ئەو غەوارانە!

سەعدون لەوڵامدا متەقی لێ نەهات و تەنیا بەقینەوە تفی قووت دا. ئەوسا ژاندارمەکان بەزەبری شەپ وتوقورچکان کوردەیان لەکادێنێ کرد.

بۆ پاش نیوەڕۆیە دانیشتوانی هەر شەش پارچە ملکی ئاغایان کۆ کردەوە، بۆ چاو ترسێنی خەڵک، کوردەیان بەقۆڵ بەستراوی و سەرو گوێلاکی ئاڵۆزو خۆڵاوی لە گۆڕەپانی ئاوایی ڕاگرت و سێ چوار تفەنگەشرەیان لەپێش کەڵەکە کردەوە.

خەڵکە بەپیر و جوان ، گەورە و منداڵەوە لە سەربان و دەورو بەر کۆ ببوونەوە . زارا لەگوێن گوڵێکی سیس و ژاکاو، بێ دەسەڵات لەنێو ژناندا راوەستا بوو، هوێن هوێن فرمێسکی بەروواندا دەهاتە خوار... پیاوان پیشیان دەخواردەوە و منداڵان لارە مل راوەستابوون . قلیچ لە سەر بەرزایەک راوەستاو روو بە لادێیی یەکان نەڕاندی:

«- ئەی جەماعەت ! ئەم پیاوە وڵات فرۆشە، لە دەوڵەت هەڵتەزیوەتەوە . ڕۆژی رابردوو ژنی فراندووە و سەرباقیش تفەنگی بەکوتخایەوە ناوە! ئێستاش ئەوە دەیبینن مەعمورە لێوەشاوەکانی دەوڵەت ئەم جبەخانەیەیان لەماڵی ئەم کابرایە، لە ژێر خاک هێناوەتەدەر. گوێتان بکەنەوە ! هەر کەسێک بیهەوێ وەک ئەم ئاژەڵە، ئاژاوە بنێتەوە و سەرە ڕۆیی لەوڵات پەرە پێ بدا ، کەپۆو لووتی دەبڕین!! »

ئەوسا بە پرتاوی بۆلای کوردەی چوو، توند شانی گرت و بە هەموو توانای یەوە رایتلەکاندو بەسەری دا گوڕاند:

« پدر سەگ ! بەو دەرەجە گەیشتوی لەم وڵاتەدا جبەخانە دانێی و چەک لە رووی خەڵک بکێشی؟ هەر ئێستا نیشانت دەدەم ، مەنێک ئارد چەند ئاو دەبا ! »

کوردە لەگەڵ ئەوەی قۆڵیان بەستبوو بە هێزی ژاندارمە لەهەر چوار لاوە ، قامک لەسەر پەلاپیتکە چاودێری دەکردا. دیسانیش بەرامبەر بەخەنیم سەری دانەنواند، ڕاسا و ئەوەندەی لە توانای دابوو، شەپێکی لەنێوگەڵی قلیچی دا، بەڵام بەهێزی شەپەکە خۆی بۆ لەسەر پێ ڕانەگیراو بەلاترە لاتر،لەسەر پشت کەوت . قلیچ دەرفەتی هەستانەوەی پێنەدا وبە ڕقەوە وەبەر پێلاقانی دا. ئەوجار فەرمانی دا، جلەکانیان لەبەر داڕنی و بەتای دەرپێ یەک لەسەر زگ ڕایان کێشاند . ئەوسا بەنۆبە هەر جارە ژاندارمێک، بەقامچیان وەرگەڕایە لەشی رووتی. لەو ماوەیەدا کوردە تەنانەت بۆ یەکجاریش ئۆفی بەزمان دانەهات . کە ڕاستیان کردەوە لەگەڵ ئەوەی لەشی شەقار شەقار و شین هەڵگەرابوو، خۆی لە پێش چاوی دوژمن نەشکاندەوە و دەستی بە هەڕەشە کرد؛ بەو دژ کردەوەیە سەد هێندەی دیکە قلیجی هاروژاند .

سەعدون سەری داخستبوو، عالەمێک ردێن سپی لەبەری شل و کوت بووین و تەنانەت پێڵاوەکانیشمان ماچ کرد بەڵام ئەو بەرازە، ڕوحم چیە لە دڵی دانەبوو. بەهیچ لەونێک نەهاتە ڕەدایە. خەڵکەکە بەهۆی ئەو سوکایەتی و بەکەم گرتنە، لەحەرمەتان هەناویان پڕاوپڕی قین و بێزاری ببوو . چمان کردبایە؟ بێدەسەڵات و کەم دەست بووین . واش نەبوو! هەر برە هیوایەکیان شک بردبایە، بەدار و بەردان چاومان دەردێنان و تۆڵەی سەد ساڵەمان لەو بێ خودایانە دەکردەوە . ئاخ بێدەسەڵاتی !... کوڕم ! خوا بەپیاوی ڕەوا ببینێ رۆژی وا مەرگ زۆر لە مان باشترە !

سەعدون بەئاشکرا تورەیی بەنێو چاوانی خەڵکەوە دەدیت . هەر بۆیە لەبەرامبەر ڕقی خەڵکدا خۆی پێ ڕانەگیرا و داوای لەقلیچ کرد کە دەست لەلێدان هەڵگرێ ...

ئێوارەیەکی درەنگ بوو، سەعدون بەرەو ماڵ سەری داخست . ژاندارمەکانیش دوا بەدوای ئەودا، کوردەیان بەقۆڵ بەستراوی ڕەپێچەکدا و لەکادێنی ئاغایان کردەوە .

کادێنەکە، کە دیواری پشتەوەی دەکەوێتە نێو باغی گەورە ، دەلاقەیەکی چوار گۆشەی تێدایە، کە لە کاتی کاکێشاندا کای پێدا تێ دەکرێ .

« دەرگای کادێنەکە لەسەر پشت ئاواڵە دەبێ، ژاندرمەیەک بۆ ئەوەی لەژێر باراندا تەڕ نەبێ، لەبن سەردەرانەی دەرگای کادێنەکە رادەوەستێ و خەریکی پاسەوانی دەبێ... لەکاتێکدا بوتڵێک عارەق بەدەستەوەو قورتم قورتم بەسەرێەوە دەنێ، تاو نا تاوێکیش بەدەم قاقاو پێکەنینەوە، بۆ ئەوەی کوردەی ئازار دابێ، عەلەترێکی دەچاوی دەگرێ . ئەوێ شەوێ بەتکاکاری ئاغا ژن، کوردە هێندێک خواردەمەنی دەدەنێ، بەڵام لەبەر کەم ئیشتیایی بۆی ناخورێ . »

ڕەشە کەلەشار گەراوەو بەسەر شین و گابۆڕی ماڵێ داکەوت . پاش ئەوەی هەموو شتێکی لێ روون بۆوە، خەنجەرو دەمانچە لەبەر پشتێنداو هەرای کردە تەویلە و ئەسپە کوێتی زین کرد . هەرچی ژنان لەبەری پاڕانەوە و دەستیان گرت، سودی نەبوو. وەک بەورێکی زامدار خۆی هاویشتە سەر پشتی ئەسپەکەی و لەوشەوە ئەنگوستە چاوە بارانییەدا، بەهاوار کاکییەوە چوو .

« ڕەشە دەگاتە دارستانی پشت ماڵی سەعدون و دادەبەزێ و ئەسپەکەی لەدارێک دەبەستێتەوە . ئیستێک رادەوەستێ و دەکەوێتە تاقی کردنەوەی کەلێن و قوژبنان؛ سەگان لە بەر با و باران بەدەرەوە نابن، بەبێ هەست وخوست بەکەلێنێکدا خۆ دەگەێنێتە حەوشە و پەنا دەگرێ. پاش تاوێک بەهۆی هاتووچۆکەران گومانی بۆ نامێنێ کەکاکی لەکادێندا زیندانی کراوە. ئەوسا بەدڵنیایی خۆ دەگەێنێتە پشت دیواری کادێنەکەو لەسەرە خۆ بەدیوار هەڵدەچێ و بەکونی کادێنیدا دەروانێتە دیوی ژوورێ، دەبینێ دەرگای کادێنەکە ئاواڵەیە و ژاندارمەیەک لەبەر دەرگایە روو بە دەرێ راوەستاوە... بۆ ئەوەی نەیبیندرێ خێرا سەری دەکێشێتەوەو لاقی توند لە قەڵشتی دیواری قایم دەکا . پاش چەند دەقیقەیەک چاو لەژوورێ دەکاتەوە ؛ ئەمجارەیان دەبینێ قەرەوڵەکە لەبەر دەرگایە نەماوە، ئیدی گورج خۆی دەژووری کادێنەکە داوێ و لەقورنەیەک مات دەبێ .

کوردە زووتێدەگا ئەو کەسەی خۆی هاویشتە ژوور، بێجگە لەڕەشە کەسێکی دیکە نیە؛ هەر بۆیە بەم هۆیە گەرمای هومێدی بەدڵدا دەگەرێ و بەسەبرایەک بانگ دەکا :

– ڕەشە! ڕەشە!

لەوسەری کادێنەکەوە وڵام دەدرێتەوە:

– کاکەگیان! کاکە .

کوردە بانگ دەکا :

– ڕەشە دەرفەتە! هەمـوولایەک سـەرخـۆشن . هێـدی بۆ لای نێوەراستێ وەرە، دەست و پێیان لە کۆڵەکەی بەستووم .

ڕەشە خەنجەر لەکالان دەردەهێنێ، بەسینگە خشکە بۆ لای نێوەڕاستێ دەخزێ و بەدەست و بردێک تەناف لەسەر دەست و پێی کاکی هەڵدەبڕێ و خێرا خۆی حەشار دەداتەوە .

کوردە بێ ئەوەی خۆ شلوێ کا، لەجێ نابزوێی . قەرەوڵەکە پاش چەند دەقیقەیەک کورسیلەیەک بەدەستەوە دەگەڕێتەوە و جارێکی دیکە چرا دەچاوی دەگرێتەوە . ئینجا بەئەرخەیانی دادەنیشێ و بوتڵی عارەق بەگەرو دەنێتەوە .

کوردە وەک شێرێکی لەقەفەس دەرچوو بێ ئارام، ڕق ئەستورانە لەتە تەنافێک لەنێومستدا دەگوشێ . لەهەڵێکدا پەلامار دەباتە سەر ژاندارمەکە و تەنافەکەی لەمل دەهاڵێنێ، بێ ئەوەی بێڵێ چوکترین دەنگی لێ بێ، ئەوەندە تەنافەکە بادەدا تاکوو ئەفسی دەبڕێ . ئەوسا هەردووک برا بەپەلە کەلاکی ژاندارمەکە توور دەدەنە نێو کادێنێ و تفەنگەکە هەڵدەگرن، ئازایانە هەڵدەکوتنە سەر دیوەخانێ .

حەوشە چۆلە، زایلەی قاقا و پێکەنینی مەستانە، لە دیوەخانەوە هەروا بەدەم با لەنێو حەوشە و دالاناندا خول دەخوا . دوو برا لەپەنا دێنەدەر. ڕەشە خێرا خۆ دەگەیێنێتە بەر هەیوانی دیوەخانێ و تفەنگ بەدەست پەنا دەگرێ . کوردەش بەدەمانچەوە، لەبەر دەرگای دیوەخانێ سەرهەڵدەدا و یەک بەخۆی دەگورێنی :

– کەس لەجێی خۆی نەبزوێ!!

بە گوڕەی لەنەکاوی کوردە، هەموولایەک ڕادەچەنن . ژاندارمەکان فریای چەک ناکەون، بەترسەوە خۆ گرمۆڵە دەکەن . کوێخاو ئاغا بەواق ورماوی چاو لەکوردە دەبڕن . قلیچ بە سەرخۆشی دەست بۆ دەمانچە دەبا، بەڵام ڕەشە مۆڵەتی نادا و لەپەنجەرەوە بەگوللەیەک نێو چاوانی سوور هەڵدەگێڕێ .

بەدەنگی تەقە وڵات دەشێـوێ و ئەوانەی لە مـەبەقـەوە دەر دەپەڕنەدەر، ڕەشە ئەوانیش بەگوللەیەک دەژوورێ دەکاتەوە، سەعدون بە پاڕانەوە هەڵدەستێ و دەست بەرەو کوردە هەڵدێنێ :

– کوڕە مەردی ئەم خوایە بە ! ئێمە کردومانە و ئەتۆ مەیکە !!

کوردە کە ڕق پێش چاوی دەگرێ،گوێی نادانێ، گوللەیەک لە ڕانی دەدا و خوێن بەنێوگەڵیدا فیچقە دەکا . دەنگی شین و گریانی ژن و منداڵ و بەتایبەت پاڕانەوەی ئاغاژن، ڕوحمی کوردە دەبزوێنێ و دەست لەکوشتنی سەعدون شل دەکاتەوە . ئەوسا کوردە هەڵوێست دەگۆڕێ و لوولەی تفەنگ بەرەو سنگی کوێخا وەردەسوڕێنێ و فەرمانی پێ دەدا هەستێ، بەڵام کوێخا وەک ئەمری کوردەی نەبیستبێ، خۆ بێ گوێ دەکا، کوردە بەسەریدا دەنەڕێنێ و هاوکات گوللەیەکیشی لە بن پێی دەکا . کوێخا بە گوڕەی کوردە سام دەیگرێ و بەتاو لەرزەوە چاوی پڕ لە پاڕانەوە دەکوردە دەبڕێ . کوردە قامکی لەسەر پەلاپیتکە دانا و دەیەویست بەگوللەیەک ژیانی تەواو کا، دیسان دەنگی پاڕانەوەی ئاغاژن وەخۆی دێنێتەوەو هەموو ڕک و تووڕەیی خۆی بەتفێک دەنێوچاوانی کوێخادا، تەواو دەکا و هەردووک برا، خێرا چەکی ژاندارمەکان هەڵدەگرن، ئەسپێکی سەعدونیش لە تەویلەی دەردەکێشن و خۆ دەگەیێننە نێو باخ و سوار دەبن و بەپەلە لەم شوێنە دوور دەکەونەوە... »

مام هەیاس کش و مات قەدرێک چاوی لەمانگ بڕی کە دەهات سەر لەگەڵ شۆڕکاتەوە . سیغارێکی دیکەی داگیرساند و پاش مژێکی قووڵ دەستی بەگێڕانەوە کردەوە:

– ئێمەی خزم و کەس لەژێر ڕێژنەی باراندا بەدڵەکوتەو نیگەرانییەوە دەر و ژوورمان دەکرد . بەدەنگی هەر تەقەیەک کەلەلای گوندی ئاغا یەوە بەگوێ دەگەیشت، لەحەژمەتان هەڵدەچۆقین وخۆمان دەخواردەوە...

سەعاتێک دەبوو نەدەبوو، تەقە بڕابوو. لەپڕ تەپە و گرمەی سم و پرمە پرمی ئەسپان نزیک بۆوە، دوو سوار بەهەڕەمە دابەزین و هاتنە ژوور . هەردووک برای بەگورد و ڕەشید، بەدەم گۆڕینی جلەکانیان چۆنیەتی کارەساتەکەیان بۆ گێڕاینەوە و بەدوای ئەوە ئامۆژگاری پێویستیان پێداین؛ توێشووی ڕێگایان هەڵگرت و هەستان . ئێمەش بەدڵێکی پڕ لەخەم، بەدەم شین و گریانەوە ماچمان کردن؛ پیاوەکان بەسام و هەیبەتەوە لەماڵ وەدەرکەوتن و هەردووک سوار لەو شەوەزەنگەدا ڕۆیشتن، ئەوە یازدە ساڵی تەواوە هەواڵ و گەڕاونەوەیان بەدوا نیە ...

مام هەیاس کوڵی گریان لە ئەوکی نووسابوو، لەداخان بۆ چەند چرکەیەک سەری دە باڵە خۆی نا، پاشان هەناسەیەکی بەرزی لەدڵەوە هەڵکێشا و گوتیەوە:

– پاش ئەوکارەساتە، سەعدون وەزگیدا و دیق مەرگ بوو؛ ئەوسا کوڕە هەرە گەورەکەی شوێنی گرتەوە. کورد گوتەنی:«ج بچێتی ئەوەی دەدروویەوە» . ئەگەر دەورانگێڕێکی ملهوڕ مەیدانی چۆل کرد، دەور ڕانەوەستا و بەڵکو زۆردارێکی لەو دڵڕەقتر جێگای گرتەوە و بۆ ئێمەی هەژار دەوران هەر وەک خۆی مایەوە... جا کوڕم ! دەڵێن تەنگانە بەرو بوو کورتە . ئێستاش ئەوە مانگ ئاوا بوو واباشە ئەتۆش بخەوی ... ئەوسا مام هەیاس بەدەم ئاخ و ئۆفەوە، بەئەسپایی هەستاو بەرەو ماڵ بۆوە .

⬅

کاوە کێردێکی تیژی لەبن سەر دابوو، دەریهێنا. لەحاڵێکدا خەو لەسەر پیلووەکانی قورسایی دەکرد، زۆر بەقینەوە دەسکی کێردەکەی لەنێو مستیدا گوشی و توند بەسینگییەوە نوساند. لە مابەینی خەو و بێداریدا، هەستی بەخشپەیەک کرد. تارمایەک دەستی دەتینتینۆکەی نا و وەهەناسەبڕکەی خست.

کاوە کە هەروا دەسکی کێردەکەی لەنێو مستیدا دەگوشی، کەوتە هەوڵی ڕزگاری و بەزەحمەتێکی زۆر، قورسایی دەستەکەی لە سەر ئەوکی لادا و هەستایە سەر پێ، بەهەموو توانایەوە کێردێکی لە ورگی تارمایەکە ڕۆ کرد و بەدوای ئەودا گرمەیەک هەستا ... زارا وەک ماخولیایان لەخەو ڕاپەڕی و بەدەست و پێ تێک هاڵاوی خۆی گەیاندە سەربانی و دیتی کوڕەکەی کاس و مەنگ لەسەر جێگایەکەی دانیشتوە و ئەوکی دەگوشێ. بەسەر لێشێواوی گەڕاوە خوارێ و خۆی دەدیوی مدبەقێ ڕۆ کرد. لەپڕ چاوی بە کونێکی گەورە کەوت کە دە دیواری کرابوو. وەختایەک فتیلەی هەڵکرد، بەسەرسوڕمانەوە دیتی کە دزان دیواریان بڕیوە و بەرە ئەخشینە دەسکرەکەی خۆی و کوپە ڕۆنەکەیان لێ دزیوە. بەدەم هاوارو دادەوە سەرلەنوێ گەڕاوە سەربانی و بەخۆی دادا و قیژاندی:

– هەی هەشم بەسەر...! کاوە تالانیان کردووین! تالان ...!

کاوە وەک بروسکە لێی دابێ ئەوتۆ کێرد بەدەست هەستاو چاوی گێترا، لەپڕ چاوی بە پۆلێک تارمایی کەوت، کەدەهاتن لەنێو جۆگە گەورەکەی ئاوایی، لەپێش چاوان ون بن. ویستی بەشوێن تارمایی کەدا بڕوا، بەڵام زارا لەترسی ئەوەی نەکا دزان بەڵایەکی بەسەر بێنن، بەتوندی پێشی گرت.

دەرو جیران بە هاوارییانەوە لە خەو ڕابوون، مام هەیاس بە هەڕەمە گەیشتێ. گورگ و مەڕ لێک جیا دەکرایەوە و گزینگی هەتاو نزیک دەبۆوە. زارا سنگی خۆی دەکوتا. کاوە کێردەکەی هەروا لەمست دا خوێنی پێوە دیار بوو!

مام هەیاس بێ ئارام و قەرار سەر وخواری دەکرد و بەوردی لەچوکترین جێ پێ و ڕێچکە خورد دەبۆوە. چەند جاران، لەو شوێنەی کە سەری شەوێ لێی ڕاوەستا بوو، جێ پێڵاوی قیتەی، لەگەڵ جێ پێی دزەکان تاقی کردەوە. ئەوسا پشتی ڕاست کردەوە و بۆماوەیەک ڕاوەستاو ڕوانییە دەورو بەری ماڵەکە، لەنەکاو چاوی بەگوێ سوانەی مدبەقێ کەوت کە ڕووخا بوو. بەپەلە چۆوە سەربانی و دیسان چاوی گێترا. لەپڕ دیتی خوێن ڕژاوە! بەواق وڕماویی بڕێک ڕاما و دیسان چۆوە خوار...

سەد هەنگاوێک شوێنی هەڵگرت؛ ئەخێر، بەیناوبەین دڵۆپ دڵۆپ خوێن بەسەر هەردەوە دیار بوو؛ بەهێوری گەڕاوە و ئەو جار بۆی دەرکەوت چ قەوماوە. لەنەکاو وەک ئەوەی شتێکی دۆزیبێتەوە، هەنگاوی بۆ لای ئەوەکەی خۆش کرد، بەلەزەوە کێردەکەی لەمست دەرێنا و خێرا شاردییەوە...

لادێی یەکان هاودەردیان لەگەڵ دەکردن و هەر کەسە بەپێی بۆچوونی خۆی قسەیەکی دەگوت. زارا بەردەوام تووکی دەکرد و سنگی خۆی دەکوتا. کاوە دەست بەئەوکەوە، بەحەپەساوی ڕاوەستا بوو. مام هەیاس خەنیم و دزی ناسی بۆوە، بەڵام لە ترسی پاشە ڕۆژ بێدەنگ بووبوو، لەفزی بەلانی چاک و خەراپ دا نەدەگەڕا.

ڕۆژ ڕمبێک بەرز بووبۆوە، کوێخا چوار ناڵ گەیشتە ئاوایی پاش ئەوەی سەری بەچەند ماڵان داکرد و هێندێک عالەمی لە خۆ کۆ کردەوە، بەپرتاوی لە دێی وەدەر کەوتەوە. دوا بەدوای ئەودا ئەو خەبەرە بەدێدا گەڕا کە: «مام هەیاس و کچەزایەکەی بەدوو قۆڵی لەکاتی نێوە شەودا، قیتەیان بە خەنجەران کوشتووە و مەیتەکەیان فڕێ داوەتە نێو جۆگەی گەورە؛ پاشان بەمەبەستی شوێنە ونکە شانۆی دزرانی ماڵەکەشیان پێک هێناوە.»

لەسەر گردی پێش ئاوایی دەستەیەک ژاندرمە، هەرکام بەسواری ئەسپێکی تۆڕ و غللور، کوێخا لە پێشیانەوە وەدەرکەوتن. ئاواییان گەمارۆدا. پاش تاوێک لێدان و کوتان مام هەیاس و کاوەیان، کەلەپچە کرد و بەزەبری قامچیان، وەبەر سینگە ئەسپانیان دان و بەرو پاسگای ژاندارمەیان بردن... زارا و کیژۆڵەکەی بەدوایانەوە دەیان زریکاند، لەخۆیان دەدا و دەپاڕانەوە... کاوە لەکاتێکدا لەژێر سینگی ئەسپاندا دەکەوت و هەڵدەستاوە، دەنگی نووساو لەرزۆکی دایکی لە نێو گوێدا پەنگی دەخواردەوە....

دێ نشینەکان بەخەفەتباری چاویان تێ بڕیبوون و بەقینەوە دەیان گوت:

- ئەوەی ئیمڕۆ لەوانە، سبەیش لە ئێمەیە ...

- زیندوون ... نەکوژراون ...

- جا بزانە! ئەوە کوردە و ڕەشەیان پێدەڵێن! سالی بە هەزاری چوو بێ دیسان تۆڵە خۆیان هەر دەکەنەوە!

- ئەوان بەتەنێ نین، دەبێ پالیان وێ دەین ...!! دەبێ پالیان وێ دەین ...!! دەبێ ... !!!

تەواو ■

> لە هەموو نووسەران و شاعیران، قەڵەم بەدەستان و هونەرمەندانی کورد دەخوازین بە ناردنی نووسراوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، زانیاری، ئەدەبی، هونەری، ئەو گۆڤارە بە سەر کەنەوە و بە هانایەوە وەرن.

## شیعر

پشکنین

### ئاشتی

نە بیانوویەک بۆ مانەوە،
نە بەڵگەیەک بۆ ڕۆیشتن،
نە شوێنێک بۆ گەڕانەوە،
تەنیا دووپاتەبوونەوەی وەڕەزکەری ڕۆژ و شەوگەل.

لەش دەدەمە بەر قەمچی تەزووی بەیانی پاییزان
لە گەڵ بێماڵەکانی ماڵ لە دەم شەقامی « ئۆتاوا »
بەڵکوو هەستت پێ بکەم
لە بووژانەوەی بیرە سوورەکەی گۆڕیندا.

ئاوەدنگی کیژە شەرمنەکان دەبیم
بەڵکوو جارێکی دیکەش دەستەمۆت کەم
لە ڕوانینێکی پڕ لە متمانە و نیازدا.
بۆ ئاوارەکانی کۆڕەو گوێ هەڵدەخەم
بەڵکوو لە گەڵ خۆیان هێنابیانی بۆ هەندەران.

حەقدەستی کرێکاریم بە قوڕگی تەلەفووندا دەکەم،
بەڵکوو
گوێم لە سرتەت بێ لە موکریانەوە.

***

شێعرەکانم دێنە ڕەدایە
لە کورتەی کازێوەی سرتەی یادی تۆدا،
ماڵاواییم لێدەکەن
لە درێژایی تاپۆی دەنگدانەوەی بێدەنگیت دا.

***

ئاخ ئەوین!
ئاخ خۆشەویستی!
چۆنت خۆ لێ بزر کردووم.

ئۆتاوا ـ سێپتامبری ١٩٩٣

## ئەی پەڵە هەورەکان

نایب عەبدوڵڵا

ئەی هەورە لێک دابڕاوەکان
بۆ تەریکن و سەرەتاتکێ لە یەک دەکەن،
ـ زەوی سووتا
ـ جگەر برژا
دە یەک بگرن، وا چلەیە
ئێمەش هەموو چلەمانە...
گشت بە جارێ
بە کوڵ بگرین بە سەرماتا،
تا لافاوێک لە ڕۆژهەڵات
هاژە بکا لەناوماتا،
دە بگرین و بگرمێنن
با دامرکێ گڕی دڵ و زەوی وڵات.

***

ئەی هەورە لێک دابڕاوەکان
هیچ دەزانن!
هەوری جیاجیای وەرزی پاییز،
لە ئاست تەوژمی ڕەشە با،
خۆ ڕاناگرێ لە ئاسمان
چەندیش بگری، گەواڵ گەواڵ!
فرمێسکەکەی،
ـ تک تک، بە ساڵ
دروست ناکا، چەم و ڕووبار.

***

هەتا هەوری پڕی بەهار
بە تین و تاو نەگرمێنێ،
لافاوی خوڕ
لە شار و دێ هەڵنەستێنێ.
زەوی سووتاو، جەرگی برژاو،
گڕ و کڵپەی هەر دەمێنێ.

***

دەسا هەوری پڕی بەهار
وەکوو ڕق و قینی هەژاریگرمێنە.
کۆشکی بەرزی شەڕخوازەکان بلەرزێنە.
بە سەر زەوی سوور و سووتاو
بە سەر هەناوی داگیرساو
ئاوی ئەوین بباڕێنە،
ئەم ئاگرە دامرکێنە.
با ئێمە وەک باخەوان
بێنینە بەر، بێ وەستان
باخی ئاشتی و بەختیاری کوردستان.

چیرۆک

# وێنەکێشی باغانی

## ● هوشەنگ گولشیری ●

لە فارسی ڕا کراوەتە کوردی

شەش کەس بووین. من و خێزانم و دوو منداڵ و خاڵی منداڵەکان و ژنەکەی، مێهری کە زگی حەوت مانگانە بوو. بەرەو ئەلەموت دەڕۆیشتین. وەختی خۆی، سێ کوچە ئەو لاتر، موشەک یەکراست وە ماڵێکی سێ نهوم کەوت کە ئێستا نەمابوو، بڕیارماندا وەڕێکەوین. ژنەکەم پەری کە ناوی پریچێهرە، بەڵام ئەمن بە خانم بانگی دەکەم، هەموو شتەکانی ڕێکخستبوو، پشوودانی بێ حقوقی وەرگرتبوو و خاڵی منداڵانی خەبەر کردبوو. من کە گەیشتمێ دەبوو تەنێ کەلوپەلەکان بیەمە لای دەرگا و کە خاڵ و منداڵەکان وخێزانەکەی هاتن ، کومەک بکەین لە سەر باربەندی لەندوێرەکەیان بیبەستین. ئەمن دەنووسم. کە ئاشکرایە. داستان دەنووسم. ماوەیەک بوو چیم نەنووسیبوو. وابزانم چەند ساڵێک دەبێ . هۆیەکەی دوایە دەڵێم. ئەوەش کە دەنووسم ڕاپۆرتی شەخسی یە. خاڵە ،موهەندیسی ڕێگاوساختومانە، بەڵام لە توجارەتخانەیێک کار دەکا. زمانی ئینگلیسی دەزانێ و کارەکانی هەندرانیان بۆ جێ بە جێ دەکا. مێهری وێنەکێشە، بە لای خۆی هەر شتگەل دەکێشێتەوە و لە سەر یەک دایان دەنێ. ئێمە فەقەت دەڵێین کە وێنەکێشە. تابلۆیەکی بە بۆنەی چاوڕوونی خانووی تازەمان هێنابوو کە لە دیواری ژووری میواناغان هەڵواسیوە. ئێوکرەکەی کۆخێکە، بۆخۆی دەڵێ، کە ئێمە تەنیا دەتوانین دەرگا نیوەئاواڵاکەی ببینین. ئەمانی تر فەقەت ڕەنگی تێکەڵ پێکەڵێن وەک ئەوە بڵێی کۆخەکە لە پشت تۆفانەوە دەبینین. کوڕەکەمان بابەک ئەو دەم دووانزدە ساڵانە بوو، بەڵام کچەکەمان سەنەم دە ساڵانە. زیپکەییکیش لە ڕوومەتی لای چەپی دا هەیە کە بە قەولی خانم شیرناییکی پێدەبەخشێ. پەری کارمەندی شرکەتی نەوتە و من فەقەت دەنووسم. ، یان باشتر، دەمنووسی و لە بەیانی تا نیوەڕۆیە بۆ خەرج و بەرێچوون دەرس دەڵێمەوە. بە ڕەسمی ئامۆژیار نیم، لە گەڵ ئەوەش لە ئامۆژگەیێک دەرس دەڵێمەوە. سەعات یەک عادەتم وایە سەرخەوێکی دەشکێنم تا دوایە ڕابیمەوە و شتێک بنووسم کە گوتم ساڵێک بوو نەمدەنووسی. ئێستاکەش گەرەکمە هەر ئەو شتانەی بوون بنووسم .

پاش نیوەڕۆ لە کەرەج تێپەڕی بووین و لە نزیکی قەزوێن بۆ لای ئەلەموت بامان داوە. تا ئەوێ من دەم ئاژووت و خاڵە لە پشتەوە خەوتبوو. گوتبووی هەرکە گەیشتینە کلایە وەخەبەری بێنین. خێرا نەڕۆیشتم ، چون پێم وابوو کە مێهری لەوانەیە لە بار بکەوێ، بەڵام خاڵە هەر کە لە پشت فەرمان دانیشت تەختەگاز ڕۆیشت. گوتی: تا ئەبوەتە شەو دەبێ لە یاڵ تێپەڕین دەنا شەوێ ناچار دەبێ لە موسافرخانە بمێنینەوە.

فکرمان کردەوە کە مێهری باشترە لە پێشەوە دانیشێ چونکە ماشێن تەکانی کەمترە. خاڵە دەیگوت : ئەگەر منالی منە لێم سوورە بەو تەکانانە لەبار ناچێ.

جادەی خاکی کە دەست پێکرا، مێهری دوو جار ڕشایەوە، بەڵام بەخێر گوزەرا. دارودرەخت چرۆیان کردبوو، کەچی توێژێکی تەنک لە بەفر ڕوویانی داگرتبوو. مێهری دەیگوت: خۆزیا کرابا لە جێیەک ڕاوەستێکمان گرتبا ، من چەند وێنەییکم کێشابا.

موهەندیس گوتی: یالەکەمان کە تێپەڕ کرد لە هەر کوێ ویستت ڕادەوەستین.

تاوپەڕان گەیشتینە یالەکە. مژ بوو، یانی لای چەپمان مژ بوو کە لە سەرووی دۆڵێک کە ئەمان دەدی بەحەواوە داوەستابوو. لای ڕاستیشمان مشارەی پڕ لە بەفری چیا بوو. جاری وابوو ڕادەوەستاین و خۆمان بە دیواری کێوەکەوە دەنووساند تاکوو ئەو ماشێنەی گوێمان لە دەنگی دەبوو ، بە لاماندا تێپەڕێ. خانم قسەی نەدەکرد، بەڵام لەو دەستەی کە بە ئەستوونی ئێوەڕاستەوە قفڵ کرابوو دەمانزانی کە لە قوڵایی شێوەکە فکردەکاتەوە. کاتێک دەشتی سەرسەوزی ڕودبار لە پشت تەپومژ وەدیار کەوت هەناسەییکی هەڵکێشا و ئەستوونەکەی ڕەها کرد. خاڵە گوتی: باشە، ڕەت بووین، ئێستا دەتوانین لە قەراخ چۆم دابنیشین و شتێک بخۆین.

مێهری لەپڕ دای لە قشقەی گریانێ، دەیگوت : چەند جوانە! من کە باوەڕ ناکەم.

⬅

لە قەراخ پرد ڕایگرت و ئێمە فەقەت فرسەتمان کرد سەرو چایەک بخۆینەوە. من سیغارێکیشم کێشا، چونکە لە ماشێندا کێشابام مێهری حالی تێکدەچوو، یان ڕەنگە خانم ئەوەی لەخۆوەدەرهێنابێ تا من کەمی بکێشم. منالەکان چووبوونە قەراخ چۆمی و مێهری لە سەر پردەکەوە سەری خوار کردبۆوە تا بزانێ بە قەولی خۆی ئاو کە وەکلی پردەکە دەکەوێ بە چ شکلێکی لێ دەردێ. کاتێ وەڕێکەوتین ئیتر شەو بوو و مەجبور بووین هێواش بڕۆین، نەکا لە تابلۆی جادەی باغان ڕەت ببین. بابەک و سەنەم تابلۆکانیان بەر لەوەی بگەینێ دەخوێندەوە. مێهری دەیگوت: ئەگەر منالەکە حەوت مانگە بە دنیا بێ، چ بکەین؟

خالە گوتی: لە باغان یەکێک هەر هەیە. لە کلایەش دیتت کە دەرمانگای هەبوو.

ئاخرسەر نێوەشەوان گەیشتینە نێو چەقی دێ. خالی منالەکان لەتەک حەمە کە دەیگوت برای قاوەچی شرکەتەکەیانە گەڕاوە. خەوالوو بوو، پەیتا پەیتا دەلالاوە کە مالەکەیان شیاوی ئەوان نیە. لە کۆلانێکی باریک سەرکەوتین و ئاخرەکەی چووینە پێش ڕێ پلیکانێکی ئاسن کە دەگەیشتە دوو ژووران. کەس لە ژوورەکاندا نەبوو. بەلام لەو منالە پێنج سالانەی کە لە بەر دەرگایە ڕاوەستابوو، وا دەرکەوت کە حەمەی خوابەندە ناچار بوە ژنومنالەکەی بە خوالوویی بڕێتە شوێنێ کە ئێمە بتوانین بخەوین. نازانم چیمان خوارد. خانم ئێژێ: من کەبابی شامیم دروست کردبوو، لە نێو هەمان ماشێندا خواردمان.

ددی باشە، ڕەنگە، من کە گێژی خەوێ بووم، چونکو من بایانی زوو هەستا بووم و لە نێو ماشێن. خالە سەبارەت بە خۆمانەبوونی ئەو ئاشنایەی باغانی ئەوەندەی قسە کردبوو، ئەکرابوو لە نێو ماشێن، سەرخەوێک بشکێنم.

شەو لە شوێنێک خەوتین و وەختێک ڕابووم، دیتم تەنیام. ڕوبەڕوو، لە سەرووی سێیە، گەلالەی ئاوڕەنگی پردێکم دی کە فکرم کردەوە ڕەنگە هەر ئەو پردەی سەر ڕوودبار بێ. چوارچێوەی نەبوو، بە دەرزیلەتییەک بە دیوارەوە کرابوو. کاتێ گەیشتمە دەرگای ژوورەکە، تازە لێم حالی بوو کە خانووەکانی گوند بە داوێنی کێوەوە دروست کراون و وەک ماسولکە حەساری هەر مالێک لە پشت بانی مالی ژێرەوەیە. مەیدانەکەی لە خوارەوەبوو و لەم سەرە ڕا ماشێنی خالی منالەکان لە قەراخ یەک دوو ئۆتومبێل و مینی بۆسێک، دەبیندرا. دوایە ئیدی نەمزانی چ بوو، دەتگووت کەوتوومەتە نێو هەمان مژی داوەستاوی سەر دۆلەکە. سەرەگێژە نەبوو، نا، حالم باش بوو، بەلام هەستم دەکرد کە خۆم نیم. مەیدان هەر دیار بوو. وە مالەکانیش یان ئەو گولدانە بە ئالقەوەکراوەی کە لە سەر ئەردە دایان نابوو. بەلام ئەوانە وەک بیرەوەرییەکی دوور بوون و منیش دەترسام کە هەر ئێستایە کە بکەومە سەر تیغەی گاشەبەردێک کە پێم وابوو لەو خوارە چاوەڕوانە. ئەوانە بەڕاستی زۆری نەکێشا. وەختێ هاتمەوە سەرەخۆ دیتم، دە میلەی ئەردەکەوە ئەلقاوم و تازە لێم حالیبوو کە گولی نێو گولدانەکە شەمعدانی یە کە هێشتا یەکدوو خونچەی نەپشکووتوە.

بە خانم چ نەگوت. بەلام لە سەر نانخواردن بە خالی منالەکانم گوت: بەسەرت کردەوە بزانی لێرە دکتور هەیە یان نا؟ گوتی: ئەگەر منال هی من بێ تاکوو نەیێتە پێنج کیلۆ لە جێی خۆی نابزوێ.

خانم و مێهری لە گەل منالەکان تا سەرترین خانووی ئەو لای ئێمە چووبوون، دەیان گوت: کانییەک هەیە کە بنیادەم ناتوانێ دە زیخی لێ دەرێنێ. بە خانم گوت: ئەو حەمەیە لە کوێ یە؟

گوتی: لەو خوارەیە، ئەو هودەیە خانووی خەزوورەیەتی.

ئیدی قسەم نەکرد، بەلام پاش نێوەڕۆ بە بیانووی کڕینی گۆشت و سەوزە و سیغار، داگەڕامە خوار. بەقال دەیگوت: دەرمانگایەک هەیە و دکتورێکی هیندی کە حەفتەی فەقەت دوو ڕۆژ دێ، بەلام لێرە نەخۆشەکان زیاتر دەبەنە قەزوێن. تا چەند سال پێش دکتوری ژنانیشمان هەبوو کە مرد.

لە خێری دکتوری هیندی گوزەراین. پێم وابوو دەتگوت خوێن لە یەکێک لە مووڕەگەکانی سەرم دەلەمە بووە و پاشان ڕەت بووبێ. بڕیارم دا کە گەڕامەوە تاران بچمە لای پسپۆڕێک، بزانم چەند سالم وەخت ماوە. کاتێ گەڕاینەوە، نەچووم، حەوجێ نە مابوو. ئەلحانیش دەزانم کە سەکتە نەبوە. لە گەل ئەوەشدا بەو دەلیلەی نیە کە ئەوانە دەنووسم.

چەند دەفتەریشم لە بەقال کڕی لە گەل یەکدوو قەلەمان. فکرم کردەوە لە سبەی ڕا، هەموو ڕۆژێک بەیانی، بە بیانووی سەرئێشە بێتمەوە و شت بنووسم.

شەوێ کە لە ژووری ئێمە نانمان دەخوارد، خانم لێی نابوو، مێهری بە دیارەوە نەبوو. خالی منالەکان گوتی: قەیدی نیە.

لە پڕ پەیدابوو، بە سەر و ڕووی ڕووت و هەمان جلکی خەوێ.

خالی منالەکان گوتی: مەگە نەمگوت شتێکی بە سەرت دابدە؟

دەستێکی بە حەوادا سووڕاند، وەک ئەوە بیهەوێ مێشێکی لە خۆێ دەر کا، دوایە گوتی: هەر ئەوەی من دیومە یەکێک کێشاویەتەوە.

خالە گوتی: چی؟

گوتی: خۆت وەرە ببینە، عەینی هەر ئەو دیمەنەیە کە من لە ڕێگا دیم و پێم وابوو خراپ نیە بیکێشمەوە.

نازانم چۆن بوو کە چاوی بەو تابلۆیەی سەر سێیەکە کەوت. گوتی: لێرەش یەکێکی لێیە.

ڕەنگە بە هۆی سووڕانی سەری من چاوی بە تابلۆکە کەوت. گوتی: ئەوانە ئی کێن؟

تابلۆی هودەکەی ئەمانیش هەر ئەو کلی پردە بوو، دروست هەر وەکی مێهری دەیگوت کە لە سەر پردێ ڕا دیویتی. حەمە شەو نەهاتەوە، کاتێک خالە چوو بە شوێنیدا، گوتیان ڕۆیشتۆتە شار. منالەکان شەو زوو خەوتن، ئێمە، یانی من و خالە، داری نێو ئاورگەکەمان پێکرد و تا نیوەشەوێ بێ دەر و پەیکەر قسەمان کرد. ←

هەوڵەکەی گوتی: دوێنێ شەوێ موشەکێک وە نزیکەکانی ئەیروگای ئالستوم کەوتوە.

گوتم: هاتووینە ئێرە کە چیدی دەفکری دا نەبین.

پاشان لە شرکەتەکەیان دوا و نازانم لە برای ئەو حەمەیە کە کوڕێکی گاڵتەچی و هەڵبەتا بەکارە. ئاخرسەریش قسەی هێنایە سەر ژنان و گوتی کە دەترسێ مێهری بەو کارانەی بەڵایەکمان بە سەر بێنێ.

پرسیم : مەگە چ بوە؟

گوتی: ئەو تابلۆ ئاورەنگە بە جارێک پەشێوی کردوە، پێی وایە یەکێک زۆر لەمەوبەر ئەوەی کێشاوەتەوە کە ئەو هەرئەم دوێنێ ئێوارە دیویتی هەر بەو شکلی شەپۆلانە و تەنانەت ئەم پەڵەهەورەی کە ئەولە ئاوێ دا دیبووی.

گوتم: دەی، یەکێک ڕەنگە هەر لەو سەعاتەی ئەو وەرزەدا چاوی لە ئاودکە کردوە.

گوتی: منیش هەر ئەوەم گوتوە، بەڵام لە جوابم دا گوتی: « ئەم پەڵەهەورە کاتێ چاوم لێ دەکرد لەو ئاستە نەبوو کە ئەلحان لە وێیە، من فکرم کردەوە باشترە دروست لە قەراخ نیسیتی کلی پردەکە بیکێشمەوە.» هەر لەبەر ئەوەش فکر دەکاتەوە کەسێک لەوێ وەک وی، جا لە هەر کوێرا هەورەکەی دیبێ، فکری کردوە باشترە جۆرێکی بکێشێتەوە وەک بڵێین پاڵی وە کلەکە داوە، کە مەسەلەن هەور دەیەوێ لە سەرێرا چاو لە شکلی شەپۆلەکان بکا.

گوتم: چ نییە، هەوڵەکانی هەرکەس دەست پێ بکا لەو بەربەرەکانیەی نێوان واقع وخەیاڵ سەری لێ دەشێوێ.

پرسی: تۆ کە ئێستا ئەو چەرمەسەرییانەت نیە ؟

گوتم: دا بزانم پەری شتێکی بە تۆ گوتوە؟

گوتی: نیشارەتێکی کردوە، بەڵام بۆخۆشت گوتت ماوەیەکە ناتوانی بنووسی.

گوتم: پێش دێ:

گوتی: یانی ئەو هەموو وەختەی دەکێشێ؟

گوتم کە شتگەلێکم نووسیوە کە هەمووی نیوە کارەیە. پاشانیش گوتم کە ڕۆژێ پێم وابوو بە نووسین دەکرێ شتێک بگۆڕی، بەڵام ئێستا دەزانم کە کارێکی هونەری تەنانەت کارناکاتە سەر خودی خاوەن بەرهەمەکەش، چ بگا بە کۆمەڵ. بەم پێیە وابزانم مەسەلەی ئاکاری کۆمەڵایەتی هونەر باسێکی درێژخایەنە کە ناتوانێ، ئەگەر تێکەڵ بە نووسراوەی سیاسی نەبێ، هۆی بەردەوام بوونی کار بێ.

بەڵێ، قسەی دیشمان کرد کە گرنگ نیە. زیاتریش ویستم ئەزۆکیم لە پشت ئەو فەرمایشتانە بشارمەوە. لەپڕ دیتم کە مێهری هاتۆتە نێو هەیوانێ، گوتی: خەوم لێ ناکەوێ.

خاڵە چوو و هێنای، بەتانێکیشی دە خۆیەوە پێچابوو. مێهری پرسی: ئەوە چیتان دەگوت؟ خاڵە شتگەلێکی گوت.

گوتی: من گوتم لێ دەبوو.

پاشان لە منی پرسی: نووسین کە وەکو ژان نیە بۆ نموونە کەسێک لە وەختێکی تایبەتی ناچار بێ بنووسێ؟

گوتم: جاری وایە وەزعێکی وا دێتە پێشێ ، بەڵام ڕاستیەکەی بەرهەم هیچ ڕەهێتێکی بە منالی بنیادەمەوە نیە کە بۆ نموونە یەکێک بڵێ هەر ئەوەیە دەیبینی.

گوتی: جائەگەر ئیجبارێکی تێدا نەبێ، بۆچی ئینسان ئەشێ خۆی بکوژێ تا چەند تابلۆییکی لێ دەستکەوت دەبێ؟

پاشانیش لەو تابلۆئاورەنگەی ژوورەکەی خۆیان دوا، گوتی: ئەو بابایە، هەر کەسێکە، ئەوەی بەبێ هیچ هەست بە نازارێک یان تەنانەت زەختێک کێشاوەتەوە، وەک بڵێین دەست لەخۆوە بیکێشێتەوە.

بۆ سبەینەکەی لە گەڵ خاڵی منالەکان داگەڕا خوارێ بەڵکو مقەوا پەیدا بکا. بە سەرسوڕمان دیبووی کە هەیە، تەنانەت جۆرەها قوتوی ڕەنگ و کەرباس. سێ پایەکیشی پەیدا کردبوو. دوای سەرخەوشکاندنی نیوەڕۆیە دیتم کە لە نێو هەیوانەکە ئەوە شتێک دەکێشێتەوە. خەریکی گەڵاڵە کردنی چلێکی چرۆ دەر کردوو بە ڕەنگی تەخت بوو کە فلچەکەی لە دەستی کەوت ، سەری خۆی گرت و گوتی: چ بوو.

دیتم کە سەری خوار بۆوە سەر پەردە و لەحەوایداچنگی لە شتێک داگرت کە گرتەوە. دەتگوت دەزانم شتێکی وا دێتەپێشێ، تەنانەت ـ لە بیرمە ـ کاتێ لە خەو هەستام، ماوەیەک خەواڵوو دانیشتبووم کە چ وەخت موشەکێیک لەو نزیکانە دێتەخوار.

مێهری چ ترسی لێ نەنیشت. خانم کە هات، ڕۆیشتە دیدەنی. پاشانیش خاڵی منالەکان هاتەوە. بڕیار بوو سبەی بیباتە قەزوێن. سبەی بەیانی مێهری گوتی کە حاڵی زۆر باشە و نیدی بە تەواوی سەرەگێژەی خلاس بوە.

حەمەش هاتەوە و گوتی: بیستوومە کە لە دوێنێ شەوێ را موشەکیان لە تاران نەداوە.

ئێمەش لە ڕادیۆ دەنگی ئاژیرمان گوێ لێ نەبووبوو. بڕیار بوو خاڵە بپرسێ و ئەگەر ڕاست با ، نیوەڕۆیە وەڕێ کەوتباین. بە ڕاستی من ئەم دەویست بەم زووانە بگەڕێینەوە، پێش نیوەڕۆیان کە لە نێو هەیوانێ دادەنیشتم بیرەوەری ئەو حاڵەتی هەڵواسران ، وەک ئەو وەختەی کە لە خەوێدا لەپڕ ژێر پێی پیاوی بۆش دەبێ، ناچاری دەکردم شتگەلێک بنووسم، زیاتریش بڕگەتێکی بێ ڕەنگم لە بیرەوەریەکی دوور دەنووسی و دوایە دامدەنا بۆ وەختێکی وەک ئێستا کە سەر ئارام دەتوانم بنووسم. بەیانی من وبابەک و سەنەم چووینە سەر ئەو کانیەی کە باسیان دەکرد. خانم لە لای مێهری مایەوە. سەنەم دەیگوت: دوێنێ بەیانی لە نێو مەیدانێ هەمان کابرای دیوە کە ئەوێ ڕۆژێ لە سەر کانی دانیشتبوو و بە کێردی ڕاوێ دارێکی دەتاشی.

كەس لە سەر كانی نەبوو، چۆرەئاوێكمان خواردەوە و هەر كام چەند زیخێكمان لە كانی دەرهێنا و نەگەیشتە پێنج شەش دانەیێك دەستمان دەركێشاوە. لە وێرا گوند هەمووی دیار بوو. خانووەكانی دێ دروست وەك بازنەیێكی كوڕ بە داوێنی كێوەوە هەڵچنرابوون. خانووەكانی ئەو سەرە ئەغڵەب بەتاڵ یان لە ئەساسدا خراپ بوون. دەورێكمان لێدا و بەو لای دێیدا چووینە خوار. خاڵە لە نێو مەیدان بوو، گوتی: ئەوڕۆش رادەوەستین بابزانین چ دەبێ.

لە سەر نانخواردن مێهری گوتی كە لە گەڵ حەمە قسەی كردوە كە تابلۆكانیان لێ بكڕێ، حەمە گوتویە كە نێسێی پردەكە جیازی ژنەكەیەتی و ئەوەی دیكەش ئی براكەیەتی كە خۆی دەزانێ.مێهری گوتی: ژنی حەمەی دەیگوت:« لێرە لە نێو زۆربەی ژوورەكان یەكێكی لێیە، كەسێك خۆ نایكڕێ تاكو پاشان بیفرۆشێ ».

قاوەخانەی گوندی باغانیش یەكێكی لێ بوو. لە بیرم چوو بە مێهری بڵێم، بەڵام بێشكم كە لێی بوو. ئەوساڵ كە دیسان چووم، دیتم. لە نێو شاریشدا جارجار وێنەیێكی ئاورەنگم دەدی كە دەست بە دەست كرابوو و ئێستا لە سووچێك، دوور لە چاوی میوان یان خاوەماڵ، بە دیواریانەوە هەڵواسیبوو. هەتا ئەم دەگوت بە بیریشیاندا نە دەهات.

ئەوساڵی ئاخرسەر ئێمە بیستوومی خاكەلێوە گەراینەوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتبووینە كەرەج كە دیمان ماشێنەكان تەنیشتاوتەنیشت لە تارانەوە دێن.

ئەمن ئەمدەویست ئەوانە بێژم، لە مێهریش ئەمدەویست بدوێم كە ئێستا دوو منالی هەیە، یەكیان سێ ساڵانە و ئەوی دی شەش مانگانە، تەنانەت ئەمدەویست لە خۆشم بدوێم، بەڵام كاتێ حاڵەتی هەڵواسراوی نێوان زەوی و ئاسمانم لە نێو كاغەزەكاندا دیتەوە، كەوتمەوبیری ئەوێ ساڵێ بە یادی گوندی باغان. موهەندیس دەیگوت: مەهدی خوابەندە، هەمان قاوەچییەكەیان، لە بیری نیە كە تابلۆیەكی لەو ژوورەدا دیبێ.

گوتبووی: ئەوجار كە چووم بۆ خانێی دێنم.

بابەک كە بیستبووی من و خاڵی لە باغان دەدوێین تازە وەبیری هاتبۆوە كە راوچی كانی گوتویە بە فەلانی یانی من سڵاو بگەیێنێ.

بە خاڵم گوت: دەمەوێ چەند رۆژێ بچمە ئەلەموت. ئەگەر كرا سەرێكیش لە باغان بدەم.

گوتی: بەڵام تكا دەكەم مێهری ئەزانێ، چون دیسان بەرێینگم پێ دەگرێ كە ئەو تابلۆیەی مەهدی گوتی دەیهێنم چی لێهات.

سبەینەكەی لە گەڵ یەكێك لە دۆستان وەڕێكەوتین. لە گەرانەوەی ئەلەموت دوو شەوێك لە باغان ماینەوە. رەحمەت وێنەگرە و لە بەیانی تا شەوێ دەرۆیشت لە هەر سووچ و كەلێنێك وێنەی هەڵدەگرت. من رۆژی هەوەڵێ لە هەمان هەیوانەكە مامەوە. دەمزانی یەكێك لە شوێنێك را چاوم لێ دەكاو ئەمدەتوانی بنووسم. شەو رەحمەت گوتی: من دیتم.

گوتم: كێ؟

گوتی: هەر ئەوەی ئەم تابلۆیانە دەكێشێتەوە.

باوەڕم نەكرد، بەڵام وەختێ نیشانی دا ماڵەكەی لە كوێیە، زانیم دەبێ لەم رووبەڕوویە بێ كە بتوانێ ئێمە ببینێ. شەو بە لایتی وەرێكەوتم تا بیبینم. كەس لە ماڵەكەیدا نەبوو. دوو وەتاغی هەبوو كە هەیوانەكەیان لە سەر دوو ئەستوونی بەرد ساز كردبوو. پەردەكانی دادرابوونەوە، بەڵام چرای هۆدەی یەكەم كە وێدەچوو جێكاری بێ، دائیسا. ماوەیەک لە نزیک وێ دانیشتم. دەنگ وهەرای دێ تا ئەو سەرانە دەهات و چراكان وەك وردەگوڵۆكی گوڵێكی گەورە لە دەوری مەیدان و قەڵاقوچكە لە سەر یەك، تا ریزی خوارەوەی ژێر ئەو نیشۆنە ئاڵقەیان بەستبوو. بۆ سبەی بەیانی لە ئەلیاس، خاوەن دوكانی كەلوپەلی نووسین ـ م بیست كە « ئەوان» ـ ئەم ئاوەڵناوەی لە بری ناوی وێنەكێش بەكار دێنا ـ زۆر كەم دێنە خوارێ، دۆیشەویش بێشک لە وێ بووە، چون بەیانی زوو رادەبێ و تا زەردەپەر وێنەی دەكێشێتەوە.

ئەوم دۆێنێ نیوەڕۆیە دی. رەحمەت گوتی: لە وێیە، رێگەی نەدا وێنەی لێ هەڵبگرم. گوتی: « دەزانی ئێمەی لادێیی خورافاتیین.»

وەختێكیش رەحمەت گوتبووی ئێوە چی؟ گوتبووی: من كارم بە مرۆیان نیە.»

لە پێپلیكانە بەردەكان وەسەر دەكەوتم دیتم كە لە نێو هەیوانێ راوەستاوە و بە دووربین دەروانێتە شوێنێك. كاتێ گەیشتمێ و سڵاوێكیشمان لە یەك كرد، خوڵقێكی كرد كە: فەرموون!

گوتم: موزاحیم نیم.

گوتی: بە پێچەوانە، موزاحیمی.

لە پلیكانی ئاسنی وە سەر كەوتین كە زیاتر وەك نێردیوانی دەچوو. پیرەپیاوێكی باڵابەرز بوو كە دەلینگی شەڵوارەقەیتانداركەی دە چەكمە بەریقەدارەكانی هەڵكێشابوو و ئێستا بەرامبەر قەرەچێوەیێكی پایە بڵیند راوەستابوو و كاغەزێكی بە بەرە تەختاییەكەیەوە دەنووساند.

گوتم: لەو لایە تێدەپەریم گوتم با سڵاوێكتان عەرز بكەم.

گوتی: خوایشت دەكەم رووراست قسەكانت بكە، ئەمن كە دەبێن بیست ساڵێک دەبێ ئەم جۆرە فەرمایشتانەم نەبیستوە.

قامكی بۆ كورسیەكی ئەو لای سێپایەكە راداشت، گوتی: ئەگەر ماندووی دەتوانی لە سەری دانیشی.

كاتێ لە پشتەوەی رەت دەبووم، دیتم كە خەریكە چوارچێوە دامەزراوەكەی سەر ئەردە نیشۆنییەكە رێک و پێک دەكا. لە سەر پێچكێک دامەزرابوو و دەتگوت دەكرێ بیشی سوڕێنی و هەر جارەی لە نێو چوارچێوەكە شوێنێک ببینی. گوتی: چا لە سەر سەماوەرە، ئەگەر ویستت دەتوانی بۆ خۆت تێكەی.

وەتاغی یەكەم شتێک وەک كارگەی وێنەكێشان بوو پڕی تابلۆی چوارگۆشەی بە دیوارەوەنراو، یان لە سەر دوو رەفحە رۆنراو و مێزێكی ←

داری خڕ کە چوار کورسی نوشتاوەی لەهەر چوار دەورەی بوو. دەرگایەکیش ڕوو بە کێو کە ڕەنگە چێشخانە بوو. لە هۆدەکەی تر فەقەت تەختێکی یەککەسی هەبوو و چەند جلد کتێب کە لە سەر کورسیلەیێکی قەراغ تەختەکەی دانابوو. ڕادیۆکەشی لە سەر هەمان کورسیلە بوو و سەماوەرەنەوتیەکەشی لە سەر چوار پایەییک لە قەراغ پەنجەرەی ڕوو بە ڕووی گاشەبەردێکی ڕەش. لە شەربەتییکم زیاتر نەدۆزییەوە. دەسکی هەبوو. کاتێ چا بە دەست گەڕامەوە دیتم هەروا لە گەڵ چوارچێوەکەی ڕوو لە گوند خەریکە. ئاخر سەر ڕوو بە شوێنێک ڕایگرت و پێچەکەی قایم کرد.

شێست و چەند ساڵێکی دەبوو، ڕەنگە زۆرتریش. چین و چروکی گەردنی زیتری نیشان دەدا، برلام وەختێ بلێندی بالای دێنمە بەر زەین لە گەڵ ئەو پرچە بلێندە ئاماڵ بەرەوویەی کە وەک دەرویشان کەوتبۆوە سەر شانی، پێم وایە هەر شتێکی مەیلەو پەنجا ساڵ دەبێ. گوتم : یەکدووتییک لە تابلۆکاتنم لە تاران بینی.

گوتی: ڕەنگە هی یەکێ تر بوە.

گوتم: بۆ ناتانەوێ نواندنگەیەک وەرێخەن و ئەوانە نیشان بدەی؟

گوتی: ئەتۆ کە نەهاتووی دەربارەی من بنووسی؟

گوتم: نازانم.

گوتی. من تا پووشپەڕی ئەوساڵ ئەوە بیست و دوو ساڵە لەم چواردیواریەدا دەژیم. ئەوانە هەر کەس بیهەوێ دەیانبا و لە بری ئەگەر ویستی شتێک دێنێ، لادێییەکانی ئێرە قەند و چا و جار هەیە کیسێک برینج دێن. ئەوکەسانەش کەئێستا بوونە شارەیی کاغەزو ڕەنگم دەدەنێ، جارجاریش پوڵێک دە نێو پاکەتی دا. ئەوان ساڵان منیش دەچوومە ڕیوێرا و نازانم کافە نادری و فیردەوسی و سەلمان و لە تەک دۆستان ڕامان دەبواردو دەمان خواردەوە. نواندنگەمان دادەنا، غەیبەتمان دەکرد ونازانم شەوانە لە بەر بەخیلیان نەدەخەوتین. ساڵێک کە لە گەڵ ژنەکەم هاتمە ئێرە بەڵکو شتگەلێک بکێشمەوە. پێگیر بووین و ماینەوە. من هێشتا هەر هەم، ڕازیشم،چونکە مناڵ و کچەکانم گەورە بوون و ئەوەندەیان هەیە کە چاویان حەوجێ بە دەستیان نەبێ. کەسی دیش لە ژیاندا شک نابەم کە ویستەکانی ناچارم بکا ژێر ئەمانە مۆر کەم و نرخیان بۆ دیاری بکەم.

پاشان لە ژنەکەی دوا و گوتی: دکتۆری ژنان بوو و وەختێک مرد لە نێو هەر ئەم قەبرستانەی پێش باغان ناشتمان.

هەروا قسەی کرد و کرد، لێم ڕوون نیە بە چاکی هەر ئەوانەی گوتبێ کە نووسیومەتەوە. هەر بەمجۆرەش کە خەریکی قسەکردن بوو بە دووربین ڕووبەڕووی دەڕوانی، دەیگوت: کاری من پتر وەک ئەمە دەچێ کە دەرگاییکی کە دوێنێ کردومەتەوە، ئەورۆ پێیەوەدەم ، لەوانەشە بە پێچەوانە.

ئاخرسەر هات لیوانەکەی لە دەستم وەرگرت، پرسی: دیسانیش چای دەخۆیەوە؟

گوتم: لێگەڕێ، دوایی.

گوتی: چەند لیوانم هەیە، دەستێکیان هەر دوێنێکە ڕێبوارێک لە باتی تابلۆی شەو هێنای کە دۆیشەو لە سەرچاوەم کێشابوو.

نازانم بۆ لەرز گرتمی، پاشان لە خۆم دوام کە دەست و دڵم نایەنە ڕەدایە. گوتی: پێش دێ.

دوایەش لە جیاوازی ئەو دووکارانەی کە ئێمە دووکەس دەمان کرد دواین. گوتی: ئێستاش هەر دەخوێنمەوە. لێرە جاری وایە کەسێک دەبێتە خوێندکار، وە کاتێ بۆ سەر لێدان دێ، هێندێک کتێب دێنێ کە خوێندمنەوە دەیاندەم بە ئەلیاس کە خۆی چیان لێدەکا بیانکا.

دەسرەییکی لە گیرفانی شەڵوارەکەی دەرێنا و لوتی پاک کردەوە و گوتی: دەبوورن.

ئاخرسەریش هەستا حەوا و ڕۆیشت کە شتێک بکێشێتەوە. من هەر لەو جێیە دانیشتبووم و مەیدانم چاو لێدەکرد و لە سیلەی چاویش ڕا دەمدی کە دیسان خەریکە شوێنی چوارچێوەکەی دەگۆڕێ کە لە پڕ لە قەراغ باریکەڕێییک کە دەگەیشتە مەیدان کەڵەشێرێکم بینی کە دندووکی دە عەرزی دەوەژاند، پاشان ، لە ئەکاو ئیدی ئەما، یان ڕەنگە من نەبووم و لەوێ لە جیاتی دیوارە کاگلێنەکەی خوارێ وپنچکەگیای سەر دیوار و کەڵەشێرەکە، چالێکی چوارگۆشە بوو سپی کە دەتگوت لەو لایە هەوای کوچە و مەیدان قووت دەدا. بە شڵەژاوی هەستامە حەوا و ڕۆیشتم بزانم چ دەکێشێتەوە، کاغەزەکە ئەلحان ئیدی سپی نەبوو، دیوارەکەی کە لە گەڵ پنچکەویشکەکە کێشاوە،هەروەها کەڵەشێرەکەی لە سەر دیوار کێشایەوە. بە پەلە کاری دەکرد، هەموو جارێ بە دەنگی قەڵەمەقڵچەکەی سەرێکی هەڵدێنا و چوارچێوەی ڕوو لە هەمان سووچەکەی دەڕوانی. من کە دەتگوت دیسان لە نێو زەوی و ئاسمان هەڵواسراوم ، ئەفەسم حەبس کردبوو ، ئەوەک بزانێ لە پشت سەریەوە دەیبینم کەچ دەکێشێتەوە. هەر کە قەڵەمەکەی بە دەسرەییک پاک کردەوە، هەردووکمان پێکەوە هەناسەیێکی قووڵمان هەڵکێشا. چاوم لێکرد هەرئەوها لەم سووچە چالێکی هەڵلووشێن زاری کردبۆوە کە دیتم کاغەزەکەی لە سەر تەختەی سێپایەکە کردەوە و بە چوارچێوەی ڕوو بە مەیدانەوەی نووساند. چاوم لێکرد، چوارچێوەی سپی و هەڵلووشێن نێتر نەبوو، وە ئێستە کەڵەشێر لە سەر دیواری بوو، مل درێژ کردوو، هەر ئەمجۆرەی کە ئەو کێشابوویەوە. پاشان کە دانیشتم و چاوم بەست تاکوو بێتەوەبیرم کە چیم بینی بوو، دەنگی قوقولی قوقویەکەییم گوێ لێ بوو.

ئەمە هەر ئەو شتە بوو کە دیتم و یان ئەو شتەیە کە دەتوانم ئێستا بینووسم، ئەلحان کە بە قەولی خاڵی مناڵەکان وێنەکێشی باغانی مردوە و ئەویان لە تەنیشت ژنەکەی لەنێو قەبرستانی سەر ڕێگەی باغان ناشتووە. ■

٨.٦ ی خەرمانانی ١٣٧٢

# کولتور یان فەرهەنگ؟

دۆستـــان

کامەران قازی

بە هیوای سەرکەوتن و خۆشی هەمیشەییتان،

« گزینگ»م بە دەست گەیشت، زۆر سپاستان دەکەم. هیوادارم گزینگ ببیتە هەتاو.

وەکوو خوێنەرێکی کورد، پێم وایە، مافی ڕا دەربڕین و پێشنیاز کردنم هەیە:

١. ناوی «گزینگ» بۆ گۆڤارەکە لە بەر دڵان و شیرین و با مانایە. لێ، پێم وایە «گزنگ» لە سەر زاران ڕەوانتر بێ. کاتی خۆی لە سلێمانی لە لایەن چەند مامۆستایەکی نووسەر، لە قوتابخانەی مەولاناخالیدی سەرەتایی، چەند ژمارە لە گۆڤارێک بە هەمان ناوی گزنگەوە بلاوبۆتەوە و لە ناو شۆڕشیشدا، چەند ژمارە لە گۆڤاری گزنگ وەک دەنگی یەکێتی نووسەرانی کورد، لقی کەرکوک، بلاوبۆوە. پێم وایە، ئێوە زیاتر مەبەستتان، تیشکی خۆرە، چونکە گزینگ وەک دەزانن مانای بیلبیلەی چاویش دەدات.

٢. زۆربەی گۆڤارە کوردییەکان دەنووسن: گۆڤاری(×)، گۆڤارێکی ئەدەبی ـ فەرهەنگی یە( سروە، گزینگ) یا ئەدەبی ـ فەهەنگی ـ کۆمەلایەتی یە( ئاوێنە...)یا ئەدەبی ـ ڕۆشنبیری یە ( خەرمانە...). من پێم وایە فەرهەنگ هەموو شتێکی میللەتێک دەگرێتەوە کە ئەدەب، بەشێکی گرنگی فەرهەنگەکەیە.

پاشان، ئێستاکە، فەرهەنگ زۆرجاران بەرامبەرە قامووس»ی عەرەبی و dictionary ئینگلیزی، بە کار دەهێنین. دەتوانین، ووشەی «کولتور» لە جیاتی فەرهەنگ بە کار بێنین کە جیهانی ترە و پێم وایە، زیان بە زمانەکەمان ناگەیێنێ. چونکە لە دەرەوەی کوردستانیش نووسەرەکان زۆر جار ئەم ووشەیە بە کار دەهێنن و تا ڕادەیەک، کورد پێی ئاشنایە. کە واتە بە پێی بۆچوونی من، گۆڤارەکە بەم جۆرەی لێدێ: گزنگ گۆڤارێکی کولتوری یە.

یا دەشتوانین، هەرتەنیا ناوی گزنگ بنووسین، چونکە لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکەڕا دیارە کە هەموو کێشە و مەسەلەیەک کە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە بلاودەکاتەوە، کەواتە گۆڤارێکی کولتوری یە. پێم وایە مامۆستای کورد، لەم هەنگاوەدا سەرکەوتوە.

ئەگەر گۆڤارەکەتان، تایبەت بوایە بە لقێکی هونەر یا زانست، وە یا ئەدەبەوە، ئەوسا دەبوو دیاری بکرایە. بەلام گۆڤارەکە، هەم بابەتی زانستی، کۆمەلایەتی، سیاسی و هەم بابەتی ئەدەبی بلاودەکاتەوە، کەواتە گۆڤارێکی کولتوری یە. ئەمانە بۆچوونی منن لە سەر ووشەکە.

٣. پێم وایە هەنگاوێکی سەرکەوتوو دەبێ، ئەگەر گۆڤارەکە ، چ ئەخشێک یا تابلۆیەک بلاو ئەکاتەوە... بۆ ؟!

چونکە ئەگەر توانای چاپکردنی بەرگەکە، بە ڕەنگاوڕەنگ هەیە ـ کە نی یە ـ ئەوە زۆر باشە و زۆریش جوانتر دەبوو.

بلاوکردنەوەی تابلۆی هونەرمەندانی کورد، بە ڕەش و سپی، بە تەواوی لە نرخی تابلۆکە، دێنێتە خوارێ. چونکە تابلۆ، یەکێک لە بنەماکانی ڕەنگە، کە بە ڕەش و سپی چاپکردنی، ئەو نرخە لە دەست دەدات. ڕەنگیش واتە بەکارهێنانی ڕەنگێ یا چەند ڕەنگێک، کە زیاتر خۆی لە جل و بەرگدا دەبینێ، بەشێکە لە کولتوری میللەتێک.

گۆڤارەکوردییەکانیش کە زیاتر بایەخ بە ئەدەب دەدەن، دەبێ ڕۆلی خۆیان بنوێنن لە مشتومال کردنی سەلیقەی ڕەنگ، لە لای لاوانی کورد، بەتایبەت لە دەرەوەی کوردستان. ئەگەر هەست بە بۆشایی یەک دەکەن، لە ئەبوونی ئەخشێک بۆ سەر بەرگەکان، فۆتۆگراف ـ ڕەش و سپی ـ یا هێلکاری، یارمەتیتان ئەدات کە من پێم وایە، مەرج نیە بەرگی گۆڤار هەردەبێ وێنەدار بێ.

٤. کارێکی گەلێک باشە کە گۆڤارەکەتان، ئەبێتە نوێنەری هیچ هێلێکی فکری، تایبەت بە پارت یا لایەنێ. چونکە لە خودێ بە زیاد بێ، ئەوان هێندە گۆڤار و نامیلکە و چاپکراویان بۆ ڕێکلامی فکری! خۆیان زۆرە، کە پێم وایە چ پێویست ناکات هیچ گۆڤارێک، ⬅

بانگەشـەیان بۆ بکات. پێم وایە، ئەوەی ئەوان هەر بیـریشـیـان لێ نەکردۆتەوە، کەم کردنەوەی ڕێکلامە بۆ خۆیان. تا لە جێی ئەوە چەند شاکاری نەدەبێ، زانستی یا هەر نەبێ سیاسی ئەمڕۆ بڵاوبکەنەوە. جێی خۆشحاڵییە گۆڤارەکوردییەکان، یارمەتیدەری لاوان بن. بۆ تێگەیشتن لە ئەمڕۆ و سەکۆی گوت و بێژی، ئازاد بن بۆ وریابوونەوە و فراوان کردنی دیدەکان.

٥. ڕەچاوکردنی ئەو ڕێنووسەی کە ئەمڕۆ گۆڤاروکتێبەکوردییەکانی پێ چاپدەکرێ، هەڵوێستێکی کوردانە و بەر پرسانەیە. پێم وایە دەست تێوەردان هەر لە خۆوە و بێ بناغەیەکی زانستیانە، ڕاست نیە. با ماندوویی و شەونخوونی نووسەرانمان، لا بەڕێز بێت.

٦. ئایا بە کارهێنانی «دە» لە جێی«لە»، لە گۆڤارەکەدا، چۆن بڕیار دراوە؟ چونکە، پێم وایە جگە لە سروە، هیچ گۆڤارێک پەیڕەوی ئەمە ناکات!

سەبارەت بە هاوکاری گۆڤارەکەتان، لە ڕووی هونەرییەوە خۆشحاڵ دەبم یارمەتی بدەم، بەڵام ناتوانم گفتی ئەوە بدەم بۆ کام ژمارە... بە هیوای سەرکەوتنتان*. ■

*: عینوانەکە لە لایەن «گزینگ»ەوە دانراوە.

---

## ئینسان کوشتن بە هەر شکڵ و شێویەک بێ، مەحکومە.

□ بە گـوێرەی هەواڵی ڕاگـەیشـتـوو ڕۆژی سێ شـەمـۆ ٤ ی یانواری(ژانویە) تێکۆشەرێکی کوردی خەڵکی شاری « ئەغەدە » بە نێوی « **طە کرمانج** » لە شاری « کورام » ی سەر بە ئاناتۆلی تورکیا، لە بەر دەرگای ئەو ماڵەی لێی دەژیا، لە پڕ دەکەوێتە بەر دەستڕێژی تێرۆریستێک و شەهید دەبێ کە گۆیا لەپێوەندی دەگەڵ تێرۆری ناوبراو، لە لایەن پۆلیسی تورکیاوە، چەند ئێرانی کە گومانیان لێدەکرێ دەستگیر کراون.

طەکرمانج کە بۆتە چەندوومین قوربانی ئەو جینایەتانەی کە لە خاکی تورکیا دژ بە تێکۆشەرانی کورد دەکرێن، یەکێک بوە لە ئەندامانی چالاکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ڕێبەری شۆڕشگێڕ) و هەر وەها چوارەمین شەهیدی بنەماڵەکەیان.

گۆڤاری « گزینگ » وێڕای دەربڕینی ناڕەزایەتی، بەڕێوەبەران و بکەرانی ئەو جۆرە حەرەکەتە دژی ئینسانییە، بە توندی مەحکووم دەکا و لە هەموو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ئینسانییە خێرخوازەکان بە تایبەت لە ڕێکخراوی« دیفاع لە مافی مرۆڤ » داوا دەکا کە ڕێگە نەدا ئەو جینایەت و ڕەشەکوژییانە کە لە لایەن هێزە دژی ئینسانی و کۆنەپەرستەکان، بەڕێوە دەچن، لە ئاست تێکۆشەرانی کورد، دووپات بینەوە. ■

---

## کورتە ڕاپۆرتێک
### لە مەڕ سیمپۆزیۆمی
### پاریس
### سەبارەت بە زمانی کوردی لە سەر دەرانەی ساڵی ٢٠٠٠، دا

**حەسەنی قازی**

بە دەستپێشخەری دوو قۆڵی ئەنیستیتووی زمانان و شارستانییەتی ڕۆژهەڵات (INALCO) سەر بە زانستگای سۆربۆن و ئەنیستیتووی پاریس لە ڕۆژانی ٢٨ و ٢٩ی مانگی نۆڤامبری ١٩٩٣دا ئەو سیمپۆزیۆمە کۆبۆوە.

لەم گردبوونەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە زمانناس و لێکۆڵەرەوەی لاوەیی و کورد بەشداربوون و لە سەر یەک ١٥ بابەت پێشکێش کران.

ئەو کوردانەی بابەتیان پێشکێش کرد بریتی بوون لە مامۆستایان: **برایم ئەحمەد** ، دکتۆر **جامال نەبەز**، دکتۆر **عیززەدین موستەفا ڕەسووڵ** ، دکتۆر **ئەمیر حەسەنپوور**، مامۆستا **ڕەشۆ زیلان** ، دکتۆر **کەندال نەزان** ، دکتۆر **کوردستان موکریانی** ، **کاک ناسح** وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان و **ئۆردوخانی جەلیل** .

وتارەکان بە زمانی جیاواز پێشکێش دەکران و هاوکات وەردەگێردران.

ژمارەیەکی زۆریش لە زانایانی لاوەیی لەو سیمپۆزیۆمەدا وتاریان خوێندەوە کە بابەتی هەرە جێی سەرنج باسەکەی مامۆستا یای **میرێل نادلس - لێبێل** پرۆفسۆری INALCO ، سەبارەت بە بووژانەوەی زمانی عیبری بوو .

سیمپۆزیۆم چ بڕیارێکی نەدا سەبارەت بە پێوەچاران بە زمانی کوردی یەوە .

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە ئەم گردبوونەوەیە، یەکەم دەستپێشخەرییەک بوو بۆ لێدوان لە سەر زمانی کوردی لە ئاستێکی ئاوا بەربڵاودا، بەڵام زۆری بابەتەکان قورساییەکی زۆری دەخستە سەر زەین لە ماوەیەکی ئاوا کورت دا .

هیوادارین گشت باسەکان بە زوویی بڵاو بکرێنەوە . لێرەدا لە جێی خۆیەتی کە سپاسی دەستپێشخەری دووقۆڵی ئەنیستیتووی زمانان و شارستانییەتی ڕۆژهەڵات (INALCO) ی سۆربۆن و ئەنیستیتووی پاریس بە تایبەت پرۆفسۆر **جۆیس بلۆ** بکرێ بۆ ئەو کارە خێرەیان. ■

## بەرهەمەچاپکراو وکتێبە تازەکانی
## «کتێبی ئەرزان»

کوردی:

١. دیوانی شێخ ڕەزوی تاڵەبانی ، ئامادەکردنی: ناسر ئیبراهیمی. چاپ: «کتێبی ئەرزان».

٢. شێعری نەورۆزنامە (شێعری شاعیرانی کورد).

٣. مێژووی ئەدەبی کورد ، عەلایەدین سەجادی، بە بەرگی (جلدی) زێرکفت.

٤. کێشەی کورد ، ٢ بەرگی ، زێرکفت،

٥. فەرهەنگی خاڵ، کۆکراوە لە ١ بەرگدا، زێرکفت.

٦. ئاوڕێکی تازە... بۆ سەر ڕێزمان، دکتۆر محمد رضا باطنی، وەرگێڕ: حەسەنی قازی

فارسی:

١. کردها، ترکها، عربها . سیسیل جی ادموندز، مترجم: ابراهیم یونسی

٢. کردستان و کرد    بخشهایی از کتاب دکتر قاسملو

٣. کردها    کندال. کمال عصمت... ترجمە: ابراهیم یونسی

٤. کرمانشاهان و تمدن دیرینەان ٢جلد زرکوب.


٥. کردستان، علل تداوم و بحران ان . حمیدرضاجلایی پور.

٦. تصویری از کردستان ایران، انگلیسی و فارسی ،از: نصراله کسرائیان.


سەرنج..........................سەرنج

**بۆ ئەو کەسانەی کە ئابوونەی گۆڤاری گزینگن یان دەیانەوێ ئابوونە بن ، لە کاتی کڕینی کتێب ١٠٪ یان مایە بۆ دادەندرێ (تەخفیف). لە حاڵێکدا بگاتە ٥٠٠ کرۆن، پارەی پۆست وەرناگیرێ. هەروەها کڕینی زیاتر لە ٧٠٠ کرۆن ١٥٪ مایە دادەندرێ.**

«کتێبی ئەرزان»




ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان
نووسینی: محەممەد ڕەزای باتینی
وەرگێڕ: حەسەنی قازی
قەوارە: مام ناونجی
لاپەرە: ١٧٠



# حافز:

ئەو تورکی پەریرو کە لە لام ، شەو لە پڕا چوو
ئایا چ خەتایەک بوو ، کەوا رێ بە خەتا چوو

تارۆیی لە بەرچاوی من ئەو نوری جیهان بین
کەس حالی مە نازانێ ، کە لەو چاوە چهاچوو

کەی شەم لە ئەسەر ئاوری دڵ ، شەوبەسەری هات
ئەو دوکەڵی سینەی کە لەسەرمان ، دە حەوا چوو

دووری ڕوخی ئەو ، باعیسی تۆفانی بەلا بوو
بەم بەحرە سروشکەی کە لەنێو چاوی منا چوو

تاهات شەوی هیجرانی ، شکا پێی قەڵەمی پێم
بەو دەردە دەناڵین کە لەدەست ئێمە دەوا چوو

چیم داوە لە ئیحرام کە نەبێ کەعبەیێ لێرە
هەولی چبدەم کاتێ لە ناو مەڕوە سەفا چوو

بۆ ژوانی دوبارە ، ووتی دڵ ، چارە دوعایە
عومرێکە ، کەعومری مە ، لەسەرکاری دوعاچوو

دۆینێکەبەرامان ووتی دکتۆر کە منی دی :
،نەفەسووس کە چارەی تۆ لە قانونی شەفا چوو،

ئەی دۆست وەرە تا زیندووە حافز، بڵێ چۆنە
فایدەی چیە پاشان ، کە لەسەر ، داری فەنا،چوو

وەرگێرانەوە: « هێرش »

# GZING

The Cultural - Literary Kurdish Magazine

No,2. January, 1994.


| | | |
|---|---|---|
| هەیئەتی تحریریەوە<br>دەردەچی | # کوردستان | یەکسالە ٣٠٠<br>شەش‌مانگە ١٦٠<br>دانەی ٣ |

بلاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان

ژمارەی ـــ ١٠    سالی یەکەم    دوشەمە ١٥ ی ڕێبەندان ١٣٢٤    ٤ ـ فیوریە

## جێژنی سەربەخۆیی واستقلالی کوردستان

سید محمدی حمیدی

یا

## * درەوشینی استقلالی کوردستان
## ڕۆژی سەربەخۆیی کوردا

روزی ٢٨ ی مانگی بەفرانبار
١٣٢٤ شمسی هەیئەتی مدیرەی
حزبی دیموکراتی کوردستان
وعشایرو تەواوی طبقات لەما لەهیچ
هەریەک لەچەندەند فرسەنگ
احساساتی ملی وقبلەی
افکاری هەموانی خویان
(ملی مهاباد) وەکو
پەپولە بودەورەی
لەم‌ویشکە
بەفرو زنوی زە
بی‌اختیار تەنیا
بولای مشە
آسن رفیز
هەستی. وبەترف
هەمو
دیزا
هو
جونکو عس
وسەربەخوی. عند
رهبەری بزرگەواریان ...

جونکو فرشتەی بەخت و
سعادتو خوشبەختی لەلاسەروی فضای دل
فینک کەرەوەی مهاباد ئەوانی بەدەنگی دل
لاوینەوەو گیان پەروەردەی خوی بوبەشدار بون
لەدیتنی ئەستیرەی خوشبەختی ویت (فیض)
ومەرگرتن لەمواهبی هەرە گەورەی عالمی سەرە
وبانگ کردبو.
دلان‌هەمو پیکەوە وەلەیک سەرچاوەوە پرلەمەیں
ووا بون، گیانان‌هەمو دەگەل یەک جوت ولەیەک
منشأوە شین و سەوز بون: حزبی‌دیموکراتی
کوردوستان ئەودلانەی پیکەوە راگرتبو وەه
ستی دلیت ئەو ارواحەی پەیوەبەستبو.
ئەمانە هەموی لەکیرا بون؟

گوردراوە لەوە ئاروژی دوهی زی
بەندان (بەهمن ماه) ١٣١٤ سالی ٨ بەیانی خوش و
روناکر روزانی میژوی شەش هەزار سالەی ئو
گەیشتوە (لە سی دی قاضی) هیزی بەهیزی
دیموکرات بەمسازو بەرگو امادە وەلە لایەکەوە
قوتابیە کانی کچانو کورانی مەدرەسە و قوتابخانە کان
ا. لایەکی دی وبیست هەزار نەفەر لە تەواوی
طبقاتی نەتەوەی بەرزی کورد هەر یەک لەجی
خاوی بەترتیب بەزان بەستراو واآلای سی‌ڕەنگی

استقلال وآزادی بەملیون قوربانیان داوە ولەبەرئەوە
لەدوەست جونی سلطانو حکمداریشیان بوە...
کردوە خستەوەی
وەدەست بەهیزو عزمیکی
ئەوانە بەهیزو ... بحون وملتی‌رشیدی کورد عوض
... وجالەی) ئەورو بەنیوی‌شاری مهاباد افتا
وبەدالیکی خاوین وپاکەوەدلیم بزی پیشەوای معظم کو

لەدوایە آغای خسرەوی‌بەرنامەی مێتینگی‌بەرپێ
اطلاعی‌حاضران گەیاند:
١ ــ دوعای‌جەنابی مەلاحسین‌مجدی.
٢ ــ نطقی‌جەنابی‌پیشەواو رئیسی‌جمهوری کوردستان
٣ ــ نطقی‌جەنابی حاجی‌بابەشیخ.